PDF4Kurd

ئامادە کردنی:

تایپی کوردeکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥

محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠

عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

PDF4Kurd

نووسەر: ئالێن رۆب گرێیی

# چیرۆکی نوێ،
# ئینسانی رێبازی نوێ

## (( تیۆری رۆمان ))

PDF4Kurd

فـيـپـا :
نـويـسنده : ئـالـن روب گـرييـه ،ــ ، ١٩٢٢ بـرست فـرانـسه
قـصهي نـو، انـسان طراز نـوــ مترجم : شيربـيـگي ، حسين، ــ ،
١٣٣٠ــ بـوكـان
١٣٨١ نـشر...
١١٦صفـحه
ISBN...
فـهرستنـويـسي بـر اساس اطلاعات فـيـپـا (فـهرست نـويـسي پـيـش از انـتشار)
تـئوري رمـان ــ قـرن ١٤ : الـف: عنوان
كـتـابخـانـهي مـلـي ايـران.......................................................

ناوی کتێب: چیرۆکی نوێ، ئینسانی ڕێبازی نوێ

نووسەر: ئالێن ڕۆب گرێی

بابەت: تیۆری ڕۆمان

وەرگێڕ: حوسێن شێربەگی

چاپ: ١٣٨١ تـاران

بڵاوکەرەوە:...

ئەژمار: ...... . بەرگ

نۆرەی چاپ: یەکەم چاپ

ڕووبەرگ : ...

شـابـك :

ئامادە کردنی

ئەم وەرگێڕانە لە سەر (قـصهي نـو انـسان طراز نـو) وەرگێڕانی فارسی محەممەد تەقی غەیاسی چاپی ئەمیرکەبیری تاران کراوەتە کوردی.

PDF4Kurd

## ناوەرۆك

١- سەرەتایەك بۆ چیرۆكەكانی ئالێن رۆب گرێی ٤ - ٢٤

٢ــ چەند یاسای هەڵوەشاوە ٢٥ــ٥٥

٣- چیرۆكی نوێ، ئینسانی رێبازی نوێ **٥٦ـ٦٦**

٤- زەمان و وەسف لە چیرۆكی ئەمڕۆدا ٦٧ــ٨٤

٥- لە راستەقینەخوازییەوە تا راستەقینە ٨٥ــ١٠٠

٦- داهاتوویەك بۆ رۆمان ١٠١ ــ١١٦

PDF4Kurd



# سەرەتایەك
# بۆ چیرۆکەکانی
# ئالێن ـ رۆب ـ گرێی

١ـ ژیاننامـەی رۆب گرێـی، دانـەری چـیرۆکی نـوێ، سـاڵی ١٩٢٢ز لـە شـاری «برێـست»ی فەڕەنـسا چـاوی بـەرەو ژیـان کردۆتـەوە. لـە پـاش خوێنـدنی دەورەی ناوەنـدی سـاڵی ١٩٤٢ز دەچـێتە زانکـۆی کـشتوکاڵ و لـە سـاڵی ١٩٤٥زدا بۆتە ئەندازیار. هەتا ساڵی ١٩٤٨ز وەك کاربەدەست، لە پێکهاتـەی نەتـەوەیی ئامـاریی فەڕەنـسا کـاری کـردووە. سـاڵی دواتـر، روویکرۆتـە لێکۆلینـەوەی ژیانناسـی. لـە نێـوان سـاڵانی٥١-١٩٥٠ دا لـە پێکاتـەی «میوەکانی گەرمیان»دا خەریکی کارکردن بوو و سەفەری مـەراکێش و گینـە و گوئـادلووپ و مـارتێنیکی کـردووە. هـەوەڵ چـیرۆکی خـۆی بـە نێـوی «پێنووس سڕەوەکان» لە ساڵی ١٩٥٣دا بڵاو کردۆتەوە.

خۆی دەڵێ لـە سـەردەمی لاویـدا هـاوشـۆی گـۆڕ و کۆبوونـەوەی ئـەدەبیی نەکردووە، دۆستانی ئەو ئەندازیار بـوون و حـەوجێ بـەوەی نووسـەر بـێ لـە

PDF4Kurd



ناكاودا لە ناخیا قوت بۆتەوە نەیدەزانی دەبێ چی بكا! لە پاش بڵاو كردنەوەی هەوەڵ چیرۆك، وەك راوێژكاری ئەدەبی لە بڵاوكەرەوەی مینویی »نیوەشەو«دا سەرقاڵی ئیشكردن دەبێ، ئالێن رۆب گریێ لە پاشان روویكردە سینەما و هەربەدووساڵان چیرۆكێكی نووسیوە و فیلمێكی سازكردووە. لەگەڵ بڵاوكردنەوەی »پێنووس سڕەوەكان«دا دەبێتە سەردەستەی نووسەرانی نوێ.

هاوكات لەتەك ئەودا نووسەرانێكی دیكەی وەكوو میشێل بووتۆڕ، ناتالی سارۆت و كۆلوودسیمۆن چیرۆكی كەم و زۆرلە هەمان شێوازی ئەودا بڵاودەكەنەوە.

وەلحاسڵ خاڵی هاوبەشی ئەم نووسەرانە لە بەستێنی رەدكردنەوەی شێوازە سەلەفیەكاندایە »سوننەتی« فرێدانی چوار چێوە، كەسایەتی، چیرۆك هەڵبەستن و زمان. هەروەكی لە بەرچاوە خاڵی هاوبەشی ئەوانە، بێهاوبەشی‌یە. هەر بەم هۆیەوە وتوویانە: ئەمانە قوتابخانەیەك پێكناهێنن، بەڵكوو بە هاوبەشی قوتابخانەیەك تێكدەڕووخێنن.

٢ـ توێژینەوەییێك لەسەر چیرۆكەكانی رۆب ـ گریێ

١ـ»پێنووس سڕەوەكان«

ئەم چیرۆكە بیچمێكی وەكی چیرۆكەپۆلیسی‌یەكانی هەیە: واڵاس، ئەو كارئاگایەی بەرپرسی پرسینەوە لە سەر زەنجیرەیێ پیاوكوژیی سیاسی‌یە، دەڕواتە شارێك كە لەوێدا كابراییێك بە نێوی دوپۆن وەبەر گوللەدراوە، بەڵام هێشتا نەمردووە.لە پاش رۆژێكی دژواری پرسین و هەڵسووران. والاس بە جێگەی دۆزینەوەی قاتڵ، دوپۆن دەكوژێ. دوپۆن كە لە راستیدا بابی واڵاسە، بە دەست كوڕەكاراگاكەی خۆی دەكوژرێ. بەم جۆرە. خوێنەر

PDF4Kurd



دەبێ بە یارمەتی زەنجیرەیێ نیشانە و سەمبۆل ئاواتی بگا کە چیرۆکی »پێنووس سڕەوەکان« گێڕانەوەییێکی تازە لە چیرۆکی کۆنارانی ئۆدیپە. یەکێ لەم نیشانانە ئەمەیە کە والاس، لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکانی شاردا، دەچێتە دوکانی پێنووس فرۆشێك و قەڵەم سڕوەیەکی دەوێ کە دوو پیتی نێوەڕاستی »دی«یە و لە پاش و لە پێش »دی«دا دوو وشە و دوو وشەی پێوەیە. تائەو کاتەی موریس نووریست ڕاڤەیێکی لە سەر ئەم چیرۆکە نەنووسیبوو خوێنەری فەڕەنسی لە نهێنیەکانی بێئاگا بوون. هەر بەم هۆیەوە لە ماوەی هەشت ساڵاندا، تەنیا چوار هەزار بەرگ لەم کتێبە فرۆشرا. بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە لە وتووێژێکدا ئاشکرای کرد تاقە خەرجی بەرگگرتنەکەی وەچنگ کەوتۆتەوە. لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەی لۆمۆند، لە ئەستوونی »ڕەخنەی ئەدەبی«دانووسی: ئەو چیرۆکە فەڕەنساییەی بیانی‌یەکان لە پێش ئێمەدا تێی بگەن و بۆئێمەی ڕاڤە بکەن، حەتمەن فەڕەنسایی نیە و ئێمە ئاوەها بەرهەمێکیان پەسەند نیە. پێشوازی لاوەکان لە ساڵانی دواییدا لەم کتێبە، پێچەوانەی ئەم داواکاریەی سەلماند.

لەم چیرۆکەدا، بیچمی چیرۆك بە بێڕەسەنایەتی و بە ئەنقەست لاسایی کردنەوەیێ لە خەرابترین چەشنی چیرۆکە. لە بەرئەوەی لە »چیرۆکی نۆی«دا بیچم و ململانێ پەڵپێ زیاتر نییە. کاری بنەڕەتی چیرۆکنووسی نوێ لێکۆڵینەوەییێکە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا. لە »پێنووس سڕەکان«دا هەموو مەرجەکانی چیرۆکی »پۆلیسی« لە بەرچاوگیراوە و تەنانەت پاڵەوانی چیرۆك لە باتی کەڕەتێ، دوو کەڕەت دەکوژرێ! چونکە دووپۆن بەرلە کوژران بە دەست کارئاگاوە، بە ڕووانینی کارئاگایی کوژرابوو. کە لە بەرچاو بگیرێ. هەرچیرۆکێ، تەنانەت چیرۆکی ڕئالیستی »واقعگرا« خەیاڵاتێ زیاتر

PDF4Kurd



نیە، لە »پێنووس سڕەوەکان«دا پاڵەوان جارێك لـە سـەرخەیاڵاتی درۆیـین و جارێکی دیکە لە سەر خەیاڵێکی راسـتینە بـە کوشـت دەچـێ. بـەم کـردەوە عاجباتیە، رۆب گرییێ نیشانیداوە بایەخێکی زۆر بۆ بیچم و ململانێی سەلەف (سوننەتی) دانانـێ، بـەڵان لەبـەر ئـەوەی غـەنیم بـەبێ هێـز و بێدەسـەڵاتی دانەنێن، پاڵەوانی خۆی لەبری کەڕەتێ دوو کەڕەت دەکوژێ. لـە »پێنـووس سڕوەکان«دا واڵـاس لـە دەرەوە نیـشان خوێنـەر دەدرێو گـشت کـردەوە و جووڵانـەوەکانی بـۆ خوێنـەر بـاس دەکـرێ ـ تەنانـەت ئـەو بەشـەی بـیر کردنەوەکانی والەگەڵ کوشتنەکەدا پێوەندی هەیـە. بـەڵام قـەت رێ نابەینـە عـەقڵ و فـامی ئـەو. چـیرۆکەکە بـە ئاوەڵنـاوی سـێهەم کەسـی تـاك دەگێڕدرێتەوە، بەڵان ریپۆرتەرێك نیە کە گۆمانەکان لە سـەر پاڵـەوان بنێتـە بەردەست خوێنـەرەوە. وەکـی رۆڵـان بـارت دەڵـێ باسـکردنی چوارچـێوەی چیرۆك بەپێی شوێنە، یانی شوێنی چیرۆك، هەر کە پێویـست بـێ، چـۆنیەتی پێ و شوێنی پاڵەوان تا ئەو جێگەی یارمەتی ناسینی رۆحیاتی ئەو بدات، بۆ خوێنەر روون دەکاتەوە. وەکوو ئەوەی خوێنەر بەرەبەرە تێدەگا کە واڵـاس لەمەوبـەر هاتۆتـە ئـەم شـارە و چـەندان بـیرەوەری لـەم شـارە هەیـە. ئـەو لاپەڕانەی کە لە کاتی خوێندنەوەدا دەڵێی پێوەندی لە تەك چیرۆکدا نیە، لە کۆتایی چیرۆکدا چەشنە یادەوەرییێك دێتە بەرچاو خوێنـەری تامـەزرۆ. بـە ویستێکی زۆرەوە دیسانەکە دەست دەکاتـەوە بـە خوێندنـەوەی چـیرۆکەکە تاکوو لە هەر کوتێکی لە شوێنی تایبەتدا چێژببات. لە رۆب‌گرییێیان پرسـیار کرد بوو ئایا چیرۆکەکەی ئەدەبییە؟ لە وڵامدا وتبووی: سەدی سەد، لە بـەر ئەوەی تەواوەن ساختەچیانەیە!

٢ـ چیرۆکی »بینەر«

PDF4Kurd



ئەم چیرۆكە ساڵی ١٩٥٢ بڵاو بوەوە. پاڵەوان فرۆشندەیێكی گەڕیدەیە بە نێوی ماتیاكە لە بۆ فرۆشتنی سەعاتی دەستی دووچەرخەیێكی بەكرێ گرتووە، دەچێتە ماڵە لاپەڕەكانی دورگەیێك، لە یەكێ لەم ماڵانەدا، وێنەی كیژێكی لاو دەبینێ  بە دیوارەوە هەڵواسراوە. بەو دەڵێن ئەم كچە، شوانە و لە قەراخ زەریا مەڕ دەلەوەڕێنێ.

لێرەدا، كتوپڕ گێرانەوە دەپسێ. لە دوایە دیسانەكە ماتیا دەبینینەوە ئەو بە ئەستەم بۆ مشتەری‌یەكی ژن باس دەكات كە ساعاتێ لەمەوبەر لە كوێ بووە و چی كردووە. لە كاتی گەڕانەوەدا ناگاتە پاپۆڕ، بە ناچار شەوێ لە دورگەدا دەمێنێتەوە. سبەی ئەو رۆژە، تووشی بە تووشی كوڕێ كەوە دەبێ كە بەو دەڵێ ئەوی لە كاتی كوشتنی كیژەكەدا دیوە، بەڵام نەهێنی ئەو ئاشكرا ناكات. لە ئاكامدا ماتیا دەتوانێ دورگە بەجێ بێڵێ. چیرۆكی »بینەر« لە پێچەوانەی »پێنووس سڕەوەكان«ەوە دەست پێدەكا. ماتیا بە پێچەوانەی والاس، لە حەولی پەیدا كردنی راستەقینەیەكدا نیە، ئەو بە پێچەوانە، حەول ئەدا راستەقینەیێك بشارێتەوە.

چیرۆكی »بینەر« لە سێ بەش پێكهاتووە: ١ـ باسكردنی ریپۆرتەرانەو لە دەرەوەی هەموو حەول و تەقەلاكانی فرۆشندەیێكی گەڕۆك. خوێنەر بەرەبەرە پێدەزانێ ئەم دوورگەیە زێدی ماتیایە و ئەو بۆ سەعات فرۆشتن گەڕاوەتەوە بۆ ئێرە. سەفەری سەر زەریای ئەو، دابەزینی ئەو لە پاپۆڕ، ئیجارە كردنی دووچەرخە لە خاوەن گەراجی دورگە، وێڕای گەڕانی ئەو بە وردی باس دەكرێ.

لە تەواوی ئەم باسكردنەدا تەنانەت شتێكی سەیر و سەمەرە نابیندرێ، بەڵام گێڕانەوەی چەند جارەكی و نەخۆشانەی چەند وێنەیێك، پەردە لە

PDF4Kurd



سەر نەهێنی ناخی ماتیا لادەبات. یەكێ لەم وێنانە، كیژۆڵەیێ نیشان ئـەدات كە پاڵی بە ئەستوونێكەوە داوە و سەری بۆ بەرەو پشتەوە خواركردۆتەوە.

٢ــ لـەم بەشـەدا، چـیرۆك رەنگـی كارئاگایانـە بـە خـۆوەدەگرێ. هیـوا و كردەوەكانی ماتیا تێكەڵ دەبن و جیا كردنەوەی خەیاڵات لە راستینە دژوار دەبێ. لێرەدا كیژێك دەبینین بە ئەستوونێكەوە بەستراوەتەوە، بە زینـدویی دەسـووتێ و ماتیـاش تەماشـای دەكـات. چـونكە چـیرۆك لـە رووانگـەی پاڵەوانـەوە دەگێڕدرێتـەوە، خوێنـەر سـەری لێدەشـێوێ و هـەتا كۆتـایی كتێبەكە سەرەندەری نەهێنی كوشتنەكە ناكات.

٣ـ كۆی كردەوەی ماتیا وەكوو كردەوەی جینایەتكارێ وایە كـە دەیهـەوێ سەر و شوێنی جینایەتێ بسڕێتەوە. ئەو نایهـەوێ ئێمـە لـە نـەهێنی ئـەو بـە ئاگا بین. دەسا سروشتی‌یـە كـە بـە پێـچەوانەی چـیرۆكە سـەلەفیەكان، بـەو جـۆرەی كـە پێویـستە رێ نابەینـە هـزر و ئـاوەزی ئـەوەوە. كـەڕەتی وایـە كـردەوە دەرەكـی‌یـەكانی ئـەو بـاس دەكـرێ و ئـەم وێنانـەی ئـەو دەتوانـێ رووناك كەرەوەی ناخی ئەو بێ. وەك ئەوەی بڵێی گەڕانەوەی چـەند جـارەی وێنەكان هۆی دڵەراوكێ زەینی‌یەكانی ئەو نەبێ؟

بڵێـی سـەر ئێـشەی پاڵـەوان باسـكردنی نیگـەرانی ئـەو نـەبێ؟ بـەڵام لـەم چـیرۆكەدا هـیچ خـاڵێكی رەهـا هـەبوونی نیـە. وشـەی »دڵـەڕاوكێ«یـان »نیگەران« هـەر كـەڵكی لێـوەر نـاگیرێ. هـەتا ئـەو جێگـەی پاڵـەوان دژ بـە حاڵیبوونی خوێنەرە و نووسەر ئیزنی خۆی نادات لە نەهێنێ پاڵـەوان بـەئاگا بیت. تەنانەت ئەوكاتەی ماتیا دورگەكە بـەجێدەهێڵێ ئێمـە متمانـەمان نیـە كە ئایا ئەم سەفەرە لە جیهانی خەیاڵاتدا بوو یـان بەراسـتی ماتیـا چـوو بـۆ ئەوە دۆرگەیە و كارێكی جێبەجێ كرد.

PDF4Kurd



٣ـ دڵپیسی

چیرۆكی دڵپیسی ساڵی ١٩٥٧ بڵاوبۆوە. رووداوەی چیرۆگەكە لە ماڵێكدا، لە یەكێك لە وڵاتە بەر حوكمەكانی فەڕەنسادا دەقەومێ. پاڵەوانی سەرەكی كابراییێكی بێ نێوونیشانە و گێڕەرەوەی بارودۆخی خۆیەتی. لە نێوان بار و دۆخ و سەربوردا جیاوازی‌یەك هەیە: بە پێچەوانەی چیرۆكی سەلەف، خوێنەر حەوجێ‌یەكی نیە هەتا لە رابوردوی ئەم كابرایە ئاگەداری هەبێ. چیرۆكی ئەمڕۆ گێڕانەوەی دەرونی یا نە »هەڵڕشتنی ناخە« هەر بەم هۆیەوە، ئێمە زووبەزوو لە بارو دۆخی ئێستاكەی ئەو، هەتا ئەو جێگەی خۆی دەری دەبڕێ، ئاگەدار دەبین، ئەو مێردێكی »دڵپیسە« بەخیلە. لەكەین و بەینی ژنەكەی خۆی و كابرایێ بەنێوی فەرانك بە ئازارە. لەم وڵاتە دووروگەرمیانەدا، سەرقاڵی كشتوكاڵی مۆزە، جیرانەكەی ئەویش هەر خەریكی ئەم كارەیە. شەوانەی ناوچەی گەرمیانە و لە ناو ئەو بێدنگی‌یەدا كە تەنیا سەگوەڕ دەیشكێنی، لە هەواییێكی گەرمدا كە دەبێ پەنابەری »ساردی«یە جوراوجۆرەكان بێ. لە نێو و پێ‌نیشان و شوێن و زەمان، ئاگاداری‌یەكی ورد نادرێتە خوێنەر. چ شتێ سروشتی‌تر لەمەیە: كابرایەك، لە كاتێكدا، لە ماڵەخۆی دانیشتووە و بیردەكاتەوە: بڵێی راست بێ كە بۆ خۆی بڵێ: من ئێستاكە لە كوێم و لە چ سەعاتێكدام وبیر لە چ كەسانێ دەكەمەوە؟ ژنەكەی بە »ئا« بانگ دەكات، هەموو پیاوێ ژنەكەی بە نێوە چكۆڵەكەی بانگ دەكات. فەڕانكی جیرانی ئەغڵەب دێتە سەردانی دڵپیس و خێزانەكەی، لە تەك ژنەكەیدا سەبارەت بەو چیرۆكەی هەردووك خوێندوویانەتەوە، قسان دەكەن.

PDF4Kurd



وەها گەرم وگوڕ و پڕهەستن كە دەڵێی لە راستینەیەكی بەرچاو قسان دەكەن. مێردەكە كە ئەم چیرۆكەی نەخوێندۆتەوە و ناتوانێ لە باسەكەدا بەشداری بكات، بەخیلی هەڵدەستێ و سەبارەت بەوان گۆمانی وای هەیە كە خۆی لە راست بوونەكەی بەخەبەر نیە. دەسا، خوێنەریش لەم وێنە كاڵانە و بێج لە رەنجی دڵ پیس چی دی نازانێ.

چەند نۆكەر و قەرەواش و كرێكاریش لەم ماڵەدا دێن‌ودەچن، بە قسەی ئەمانەدا وادەردەكەوێ كە خاتوو »ئا« دوێشەو نەهاتۆتەوە بۆماڵێ، ژنی جیرانەكەشیان لە نەگەڕانەوەی مێردەكەی بۆ ماڵێ بە پەرۆشە.

چوارچێوەی چیرۆكەكە لە سەر »شوێن«ە: ماڵەكە دارینەیە، ژووری بگێڕەوەی چیرۆك بچكۆڵەیە و تاقە چرپاخەوێكی تاكەكەسی تێدایە. ژوری ژنەگەورەیە، سەبارەت بە ژوری بگێڕەوە، بەجۆرێك سازكراوە كە بگێڕەوە دەتوانێ كارەكانی ئەو بگرێتە ژێر چاوەدێری: دایمە خۆی دەڕازێنێتەوە، قژی بە شانە دەكا، نامە دەنووسێ، نامە بۆكێ دەنووسێ؟ چیرۆكەكە چۆن كۆتایی دێت؟ نابێ وەكوو چیرۆكە سەلەفیەكان چاوەنواڕی كۆتاییێك بێن. چما رەنجی دڵپیسی كۆتایی‌ییێكی وەكی داستانە سادەكانی رۆژانەیە؟ ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین كە بگێڕەوە ئێستا كە لە ماڵی خۆیدا بە تەنیایە، ژنەكەی لەگەڵ كابرای جیران ـفراِنك، چۆتە دەرێ، لە تورومبیلە كەسكەكەی ئەو دادەبەزێ و...

لە راستیدا ئەم چیرۆكە دروستكردنەوەی بەرچاوی خەیاڵاتێكە: حالەتێكی وا كە دەڵێی لە دەرەوە دەبینرێ، دەگێڕدرێتەوە، كابرای دڵپیس لە تەواوەتی چیرۆكدا نادیارە. بەڵام سۆژەی چیرۆك دایمە ئیشارەتی هەبوونی

PDF4Kurd



ئەوە. ئەوەكە دەبینێ و خەیاڵ دەكا، ئاگەداریی خوێنەریش هەر بە قەیرایی ئەوەندەیە كە ئەو دیتوویە و فیكری لێكردۆتەوە.

٤ـ لە پەسێوە پێچەڵاوپووچەكاندا:

ئەم چیرۆكە لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاوبۆوە. شارێكە بە كۆڵانە هاوشێوەكانەوە، كە دائیمە بەفری تیدا دەبارێ. لە پاش تێكشكان، سەربازێك بە شوێن كابرایەكدا دەگەڕێ كە باوكی یەكێ لە هاوەڵە شەهیدەكانی ئەوە. سەرباز لەم كۆڵانە ساردانەدا دەگەڕێ هەتا ئەمانەتێك بداتەوە بەو. ئەم سەربازە كە لە هێرشی دوشمندا بریندار بووە، لە ژووری دوكتورێكدا دەمرێ.

بگێڕەوەی چیرۆك بە رواڵەت دوكتورەكەیە و بیانووی گێڕانەوەكەشی كەرەسەی ژووری دوكتۆرە. بە تایبەت ئەو تابلۆیەی كە مەیخانەیێ لە پاش تێكشكان نیشان ئەدات. بگێڕەوە چیرۆكەكە لە خەیاڵاتدا ساز دەكا. هەڵەكانی خۆی راست دەكاتەوە. رێگە ناڕاستەكان بە جێ دەهێڵێ و ئەو چیرۆكەی كە دەبێ سازكرێ دەهلیزێكی زۆر پێچەڵاوپووچە. رێگەی دەرباز بوون لەم دەهلیزە، لە دوایین لاپەڕەی كتێبەكەدا وەبەرچاو دەكەوێ. هەڵبژاردن و راستكردنەوەی راڤە، جیهانێگی پڕ لە نیگەرانی و كابووس ئاسا وەدەردەخا. لكاندنی دەلالەتی ئوستوورەیی یا تەنانەت نمادین »هێمایی« بۆ ئەم چیرۆكە، سانانیە. بڵێی ئەم چیرۆكە روونكەرەوەی روخساری چیرۆكێ بێت لە رووی پەردەیێ لە ناخی نووسەرێكدا؟ ئەم شتە ئاشكرانیە. هەوەڵ رستەی چیرۆك ئەم ئاگادارییە بە خۆێنەردەدا تاكوو دەسبەرداری زەمان و شوێنی چیرۆكەكە بێ: »ئیستا، من لێرە بە تەنیام.« دەسا ریپۆرتەر هەر »من«ە، كات ئێستایە، شوێن ئێرەیە. بەڵان چیرۆك بەرەبەرە، لەسەر رووداوەكان وەكی ژین و ژیان ساخ دەبێتەوە. لە

PDF4Kurd



لاپەڕەكانی ئاخری ئەم كتێبەدا دەزانین كە ریپۆرتەر دوكتورێكە كە ئامپۆلی لە سەربازەكە داوە. خوێنەر وردەوردە لە سەر لێ‌شێواوی و دڵنیگەرانی سەربازەكەدا بەشداری دەدرێ. لە گۆمانی ئەو بە ئاگا دەبێ و وڕێنەكەی دەبیستێ.

باس لە سەر ناساندنی سەربازەكە، وەك هەمیشە، لە دەرەوەیە. بەستەیێ لە ژێر باخەڵی دایە لەژێر چرایەكدا خەوتووە و لەگەڵ كەسێكدا قسان دەكا. ئەو كەسەی دیكە، بۆ خوێنەر، دەبێتە ریپۆرتەری دووهەم و ئەوەی سەربازەكە دیتوویەتی راست دەكاتەوە. بەڵام بڕێجار دوو سەربازەكە تێكەڵ دەبن و لێك كردنەوەیان دژوار دەبێ. بڵێی ئەو سەربازەی بەرپرسی گەیاندنی ئەمانەتی هاوەڵەكەی خۆیەتی هەمان سەربازە شەهیدەكە نەبێ؟وەك ئەوەی زوو زوو وێنەی كوڕە منداڵێ دێتە بەرچاو و ون دەبێتەوە. هۆی بەرچاوكەوتن و ونبوونەكەی روون نیە. بەشكەم سەربازێك كاتێ شەهیدبوون لە بەرەی شەڕدا لە ئاواتی گەڕانەوە بۆ شارەكەی خۆیدا بووبێ و، ئەم كوڕە منداڵی ئەوە كە لە شانۆی زەیندا دەردەكەوێ و ون دەبێتەوە. خاڵی روون ئەمەیە كە ئەم چیرۆكە تەم و مژاوی‌یە هەست بزوێنتر لە زۆربەی چیرۆكە سەلەڤیەكانە. نەهێنی خوێندنەوە لە كوێ‌دایە؟ لە تێكۆشانی خودی ئێمە بۆ پەیدا كردنەوەی سەرەپەتی هەڵس و كەوتەكان.

بەشداری خوێنەر لە سازاندنەوەی چیرۆك یانی ئەمە. روونتر لە چیرۆكە سەلەفیەكان ئەو چیرۆكانەن كەمناڵان پێیان خۆشە.

ئەو تەم و مژەیان ئەو پەردەڕازەی بە دەوری شێعرەكانی حافزەوە هەیە، هەرمانی حافز بە ئەستۆ دەگرێ. بەشكەم لەم رێبازە وە چیرۆكەكانی رۆب‌گرییێ سالانی ساڵ بخوێندرێتەوە.

PDF4Kurd



٥- ماڵی جێژووان

ماڵی جێژووان ساڵی ١٩٦٥ بڵاو بۆوە. چیرۆكێكی عامخواز و عام پەسەند و لێوان‌لێوی رووداوە. عامخوازی، وەكوو هەمیشە، سۆنگەیەكە بۆ قسەیەكی دیكە. ئەم چیرۆكە بە پێچەوانەی چیرۆكی دڵ‌پیسی، كە بە تاك حاڵەتێ بەرتەسك و سنووردار دەكرا و هەر لە ماڵێكدا لە سەر سوژە و شوێنەوە بەربڵاو و زیاد دەبێ. لە هۆنگ‌كۆنگدا پیاوێك بە نێوی »جانسۆن« تاوانبار كراوە كە كەسێكی بە نێوی »مان‌ڕێ«ی كوشتووە. پێش ئەوەی رابكات بۆ ماكائۆ، دەكەوێتە حەولی ئەوەوە كە خۆفرۆشێكی جوان بە نێوی »لۆرین« لە خاتوو »ئاوا« كە خاوەنی ماڵێكی كەیف و نەهەنگە بكڕێ. حەول ئەدات بۆ ئەم كارە پوول وەدەست خات . لە هەڵسووڕانەكەیدا تووشی »مان‌ڕێ« دەبێ و ئەمجارە بە راستی دەیكوژێ. ئەم چیرۆكە بە رووالەت لاسایی كردنەوەییێكی گاڵتەجارانە لە چیرۆكە گشت خوازەكانە. لێرەشدا روب‌گرییێ لە بەستێنی سەلەفی كەڵك وەردەگرێ تاكوو تەكنیكە تایبەتەكانی خۆی دابین كات. ٦ـ چیرۆكی »پیلانێك بۆ شۆڕش لە نێویۆركدا«: لە ساڵی ١٩٧٠دا بڵاو بووە چوارچێوەی رووداوەكە شاری نیویۆركە. چیرۆكێكە پڕاوپڕ لە كیژانی زیندانی، دوكتورە رۆمی‌یە شێتەكان، لاتوبەڕەڵا مەترسی هێنەرەكان«.

لەم چیرۆكەدا، مێترۆی نیویۆرك ئەو شوێنەیە كە هەموو كارێكی تێدا دەقەومێ. نووسەر بە ئاشكرا لە نموونە تازەكانی بێڕەحمی و رقو توورەیی و نموودە هەوەساوی‌یەكان و جینایەتكردن كەڵكی وەرگرتووە و وەكی لاپەڕەی رۆژنامەكان بە ئەنقەستە لە باسكردنی ئەمانەدا زیادەڕۆیی كردووە. ئەم دوو چیرۆكەی دوایی بایەخێ كەمتریان هەیە.

PDF4Kurd



ج ـ تیۆرە ئەدەبی‌یەکانی رۆب ـگرێی

١ـ بەرهەڵست بوونی خوێنەران:

هـەوەڵ بەرهەمـەکانی رۆب ـ گرێـی پێـشوازیی گـەرمی زۆربـەی خوێنـەران و رەخنەگرانی ئەدەبی بە خۆوە نەدی. هەسـتی نـامۆیی کـە لـە خوێندنـەوەی ئەم بەرهەمانە بەسەر خوێنەردا دەهات، ئەو جیهانەی کە خاڵی لە ئینـسانە، شۆڕشێکی کە لە خووخدەی ئەهلی موتاڵادا پێکـدەهات، دژواری‌یـەکی تـازە بوو. چـیرۆکەکانی ئـەو نەپاڵـەوانێکی بەرچـاویان بـوو و نـە چوارچـێوەیەکی روون و کـاتێکی دابینکـراو. تەنانـەت واتایـەکی گـرینگیش لـەم چـیرۆکانە هەڵنـەدەکرا.خوێنــەری مانـدوو لـە رووداوە راسـتینەکانی ئـەم چـاخە، لـە چیرۆکدا خۆدزینەوەیـەك یـان فێربـوونێکی دەوێ و کاتـێ ویـستەکەی خـۆی نادۆزێتـەوە، لـە بەرەوپێـشەوە چـوون رادەوێـستێ و کتێبەکـە دەبەسـتێ. رۆبگرێی، بە نێوی روونکەرەوەی چیرۆکەکانی خۆی، نـەك وەکـی ئـەهلی‌ڕا، وتارگەلێکی نووسی کـە دەتـوانن یارمـەتی دەری خوێنـەر بـۆ حـاڵیبوون لـە بەرهەمەکانی بن.

٢ـ وڵامی رۆبـ گرێی:

فورمە تازەکان خوێنـەر دەپرسـی: ئـەو چـیرۆکەی نـە پاڵـەوانی مـەعلوومی هەیە و نە داستانی بەردەوام و تەنانەت نە واتـای روون و دابینکـراویش، بـۆ خۆی چیە؟ رۆبـ گرێی دەڵێ: فۆرمێکی تازە. ئەم رۆخسارە حـەوجێ‌یـەکی بەکەرەسە کۆنەکان نیە. لە بەر ئەوی مەبەستی پێوەندیەکی دیکەی تازە لە نێـوان ئینـسان و جیهاندایـە. ئـەو جیهانـەی گـۆڕاوە و ئـەو ئینـسانەی ئـیتر ئەوەی بوو نەماوە. هەڵوەشاندنەوەی چیرۆکی سەلەف دەلالەتە بـۆ دارِمـانی جیهانێکی دیکە. دەسا چیرۆکی نۆی دووبارە نواندنـەوەی جیهـانی نـوێ‌یـە.

PDF4Kurd



ئاوەها چیرۆكێ، سازاوە لەگەڵ جیهانی تازەدا و بنەمای فەلسەفە تێدەپەڕێ.

بازەرگانی ساماندارى ئەمڕۆ،پاساوی هۆكاری و هۆی خۆی لە دەست داوە و ئیدی چیرۆك ناتوانێ هەروەها لە هۆی هەبوونی ئەودا حەول بدات. زانست وەبەرهێرشی شۆڕشێكی گشتی كەوتووە، فەلسەفەی لە بنەما كۆنارەكەی بێبەش كردووە. دەلالەتی جیهانی دەوروبەری ئێمە بیچكە و عەجالەتی و دژواز دەنوێنێ و لە هەر كاتێكدا رەسەنایەتیەكی لە هەمبەر رەدكردنەوەی مە. بلێی ئاقڵانە بێ چیرۆك هەروەها پاڵ بەم بنەما لەرزۆكەوە بدات؟ كاری هونەری ئەمڕۆ پاساوی راستینەكانی »واقعیت« رۆژ نیە، ئەو شتە، هەروەكوو هەیە بڵاو دەكاتەوە، بە بێڕەنگ و بێدادوەری. ئەم بڵاوكردنەوەیە بگێڕەوەی واقیع خوازییەكی تازەیە كە خوێنەر لە ئیشكی دووپات بوونەوە و بەردەوامبوون رزگار دەكات و دڵ بە هیوای پڕ و پووچ خۆش ناكات.

هەمیشە بەرهەمی فەلسەفی سامانی كەلتووریان زیاد كردووە و، ئەم زێدەكردنە هەموو رۆژێ برێك زیاتر لە رۆژی پێشوو روخساری جیهانی دادەپۆشی، بە قەیرایەكی كە نەیدەهێشت جیهان بناسرێتەوە. چیرۆكی نوێ پەردەی گۆمانەكان ئەدڕینێ، جیهان بە رووت و قووتی و لە یەخسیریی »شتەكان«دا نیشان ئێمە ئەدات. چیرۆكنووسی ئەمڕۆیی لایەلایە ناخوێنێ. نە داواخوازی پێغەمبەرییە و نە چاوەنواڕی ئاوەها چاوەڕوانیەكی هەیە. لە چیرۆكی نوێدا جیهان نە پووچ و بەتاڵە و نە واتایەكی تایبەتی هەیە. هەر ئەوەیەكە هەیە. بەبێ هیچ زێوەرێك، برێجار ناحەزوجار و بار جوان. مەبەستی واقیعخوازی نوێ ئەوەیە كە بلێ تاكوو ئەمڕۆكە هیچ سەردەم و

PDF4Kurd



چاخێ نێوەرۆكەكەی واقعییەت نەبووە. ئەدەبیات بڵێی ئەو زەرفە بێ كە مەزروفەكەی واقعییەت بێت؟ واقعییەت لە ئەدەبدا وەهمێك زیاتر نیە. راستینەترین بەرهەم ئەوپەڕەكەی هێمایەك بەرەوجیهانە، كە دووره و جیا لە گومانی ئەدەبی هەبوونی هەیە. وتەیەكی ئاوەها هەڵبەت رەموودەكانی واقیع‌خوازیی درۆیین ناهومێدو دلسارد دەكاتەوە. بەشەر لە جیهان ورد دەبێتەوە، گوێی ئەداتێ، هەستی دەكات. جارو باریش دەتوانێ باسی بكات ـ نەك راڤە ـ دەسا پێوەندی ئینسان و جیهان یەك لایەنەیە: ئێوە تەماشای گوڵ دەكەن، بەڵام گوڵ لە ئێوە بێ‌ئاگایە. جیهان چیە؟ روخسار و رەهەند و رەنگ، یانی سارد و ئیشك. دەسا جیهان ئەو دوبارە نواندنانەی نیە كە نووسەرانی سەلەف لە بەشەریان دەسەند و دەیاندا بە »شتەكان«. جیهان وەكوو گومان دەبرا رووناك نیە و كەمترین مانایەكی لێوە دەرناكەوێ. »شتەكان« دەلاقەیێكی داخراون و نیگای ئینسان ئەوپەڕی »شتەكان« نابینێ. چیرۆكی نۆی ئینسانی فڕێ‌نەداوە، ئینسان هەیە، لە جیهاندا لە نێوان شتەكاندا بینەرە و نیگەران. جیهان خۆی بێژەری راستینەی خۆی نیە. حاڵیبوون لە راستینە بە ئینسانە. دەیجا واقیع‌خوازی نوێ ناتوانێ وەكی چیرۆكی سەلەف خوازیاری بابەت »عەینی یەت« بكات. واقیع‌خوازی نوێ زەینی‌یە. راستینەی دەرەوە هەمیشە بە نێوان بەرژەوەند و نیگای ئینساندا تێدەپەڕێ و رەنگی ئەو دەگرێ. چما هەر باسكردنێك دەلالەتی هەبوونی ئیدراك و شعوورێ نیە؟ ئەو هەبوونەی كە دەیبینی، ئەوەی دیویەتی هەمیسان وەیادی دەكەوێتەوە، جیهان گومانێك ساز دەكات كە رۆژێ لە رۆژان هەبوونی پەیدا دەكات، هەر وەكوو زۆربەی گۆمانەكانی باوكانمان بەرگی راستینەیان كردۆتە بەر. كاتی چیرۆكی نوێ، كاتێكی

PDF4Kurd



ئینسانی‌یە. ئاوەها کاتێ لەگەڵ کاتی دابینکراوی سەعاتی دیوارکۆدا یانی وەکی رووداوە نووسینی چیرۆکی سەلەفی پێوەندی نیە. جیهان لە ئاڵو گۆڕی هەتاهەتایی »هەرمان«ی خۆیدا چیرۆکی نوێی پێشکەشی نەوەی نوێ کردووە. رۆژێکیش ئەم چیرۆکە کۆن دەبێت و چیرۆکێکی دیکە جێگەی ئەو دەگرێتەوە. لەگەڵ زەمانی خۆماندا بەرەو پێشەوە بڕۆین و راستینەی تازە لە چیرۆکی تازەدا بدۆزینەوە.

٣- کۆتایی سەردەمی چیرۆکی سەلەفی »سنتی« بەبەرهەمەکانی بەلزاکەوە، چیرۆکنووسین لە فەرەنسادا گەیشتە تەشقی خۆی. لەم جۆرە چیرۆکانەدا، داستانێکی دلڕفێن، راستەقینە نوێن، لە ماوەی کاتێکی تایبەتدا و لە شوێنێکدا دەگێڕدرێتەوە. کردەوەکان، خووخدەوهەستی پاڵەوانان بە وردی و قووڵ راڤەدەکرێ، ئاوەها چیرۆکێ بێج لە حیکایەت، خاوەنی دەلالەتێکی رۆحی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفیان ئایینیشە. ئەم چیرۆکە لە سەربنەمای یەکیەتی خوێنەر و نووسەر دامەزراوە: نووسەر وادەنوێنێ کە سەربوردێکی راستی دەگێڕێتەوە و خوێنەریش خۆی، مل بۆ راستی چیرۆك دادەنوێنێ. سەرکەوتنی نووسەر لە راستینە نواندنی درۆیەکدایە. لە پاش ئەم تەشقە، خانووی چیرۆك بەرەبەرە کۆنە دەبێ و ئەمڕۆکە لە زەینی زۆربەی خوێنەرانی خاوەن بیردا تێکرووخاوە. تۆژینەکانی فام و شعوور رۆژ لەگەڵ رۆژ تازە دەبێتەوە و دیرۆکی سەدەی نۆزدەیی ئیتر پەسند نیە. هەر بەم هۆیەوە خانووی وەها چیرۆکێ تێکچووە، زۆربەی چەمکەکانی چیرۆك، داڕزیوو بە تاڵ و حەتاڵبووە. کەسایەتی کە بناغەی چیرۆکی سەلەفی بوو، لە زۆربەی بەرهەمە گەورەکانی ئەم چاخەدائاڵ و گۆڕی بە سەردا هاتووە. چیرۆکێکی وەکوو نامۆی ئالبێرکامۆ تەنیا لێکدانەوەی خووخدەیی ناکات،

PDF4Kurd



بە »غەسیان« كەڵەكاری سارتر ناكرێ بوترێ چیرۆك. »رووكانتین« پاڵەوانی ئـەم بەرهەمـە، هـیچ لـە پاڵەوانـەكانی بـەلۆزاك ناچـێ ئـەوان كەسـانێكی سەركەوتوو بوون كە جیهان لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو. پاڵەوانی نـوێ دوبـارە نیـشان‌دانێكـی سـەردەمی خۆمانـە. ئـەو چـیرۆكەی خوازیـاری راسـتی و راستەقینە بوو، ئەمڕۆكـە كـەس بـاوەڕی پـێ ناكـات. تـەكنیك‌گـەلی وەكـوو بـەكارهێنانی سـێهەم كەسـی تـاك، رابـردووی رەهـا، زەمـانی راسـتەوخۆ و خەتی، درێژەی بیچم و پیلان نانەوە لەتوپەت بوون. چیرۆك یابڵێین قایـەت ئـیتر سروشـتی نانوێنـێ، چـوونكە نووسـین پـاكنوێن نـەماوە. لـە چـیرۆكی ئەمڕۆدا حیكایەت هەیە، بەڵام حیكایەتێك خۆی، خـۆی و هـەر حیكایـەتێكی دیكە دەسڕێتەوە. فورم و نێوەرۆكیان جیا لە یەكدی نێو دەبرد، لە حاڵێگدا جیابوونەوەی چیرۆك لە نووسین مناڵانەیە و دەستكرد دەنوێنێ.
هونەر كۆیەكی یەكپارچەیە. دەلالەتی قـووڵی چـیرۆك لـە چـۆنیەتی نووسـین جیـاواز نیـە و نابـێ لـە چـیرۆكدا بـە دوای كەرەسـەی گێڕانـەوەدا بگـەڕێین. لاسـایی كردنـەوەی پێـشینیان، مـەكربازی شـەڕلاتانیـیە. بەرهـەمی زینـدوو خاوەنی رەسەنایەتی خۆیەتی. بەم هۆیەوە، رێبازی چیرۆكی نوێ رێبـارێكی تازەیە.

٤ـ تێمیان دەروونمایەی بەرهەمی نوێ:

بە بـڕوای رۆب‌ـگریێ، چیرۆكنووسـین كـارێكی دوورە پەرێزانەیـە. بـەڵام بـە بـڕوای كارناسـانی ئـەدەب، هـیچ چیرۆكنووسـێك ناتوانـێ خـۆی لـە جیهـان دابڕێ. هەر چیرۆكێ ئاوێنەییێكە كە ناخی نووسەر دەنوێنی و ناخی نووسەر ئاوێنەییكـە بـەرەو ڕووی جیهـان. چـیرۆك روخـسارێكە و هـەر روخـسارێك بینایەكی هەیە. میعماریی هەر خانوویـەك نیـشاندەری سـەلیقە، حـەوجێ و

PDF4Kurd



نیگای سازەندەکەیەتی. جیاوازی سەلەڤ روخسار و نێوەرۆك، بەم چەشنە، رەفز ئەبێتەوە. لە پاش دارمانی خانووی سەلەڤ- چارەنووسی تاکەکەسیش کەوتە مالّی ئیجازەوە سالّانی بەر لە چیرۆکی نوێ، لە دەروون روانین، تۆژینەوەی کردەوەی شعوور و خوێندنەوەی بیرگە دەستی پێکردبوو. دیسان دۆزینەوەی جیهانی »شتەکان«، لە بابەت مەوداو نامۆیی یەوە، لە بەرهەمی وەکوو »غەسیان«دا سەرنجی بەرەو خۆی راکێشاوە سەبارەت بەم هۆیە، چیرۆکی نوێ بە سەرنجدان لە جیهانی دەروون و پێوەندی نێوان ئینسان و شتەکان داواکاری درێژەدانە، نەك داهێنان. بەرهەمەکانی مارسێل پرۆست، بیکێت، کامۆ و سارتر لە فەرەنسادا شایەتی داواکاری ئێمەیە. هەنگاو هەلّێنانەوەی رۆب ـ گرییێ لە دووبارە نوواندنی شتەکانی دەوروبەردا، هاوکات لەگەلّ بارودۆخی ئینسانی سەردەمی ئێمەیە. لووسیێن گۆلّدمەن لە کتێبێکدا بە نێوی »لایەنگری لە کۆمەلّناسی چیرۆك« لەبەشی »چیرۆکی نوێ و راستەقینە«دا نیگایەکی زۆر وردی هاویشتۆتە سەربەستێنی کۆمەلّناسیی ئەم چیرۆکانە، زۆربوونی شتەکان لە چیرۆکی نوێدا لە سۆنگەی رووناکرِوانینی نووسەرانی نوێ و سازاوە لەگەلّ پێشوێژی فەلسەفەی زانستی دەزانێ.

بە پێی ئەم فەلسەفەیە، جیهانی کاپیستالّست »کالّاپەرست« وردەوردە دەچێتە یەخسیر و دیلیی »شتەکان«: پێدان و وەرگرتن و پێوەندیە کۆمەلّایەتیەکان دابین دەکات و بایەخی بازەرگانانەی شتەکان دەبنە جێگری داهێنانی تاکەکەسی. خەلّکی زەمانی ئێمە بوونەتە شێت و عەودالّی شتەکان. بێئاگان لەوەی ئەم شتانە جێگەیان بە ئینسان تەنگ کردۆتەوە. ئینسانی ئەم سەردەمە کە لە ژێر کارتێکردنی جادووی کۆمەلّگەی مەسرەفی

PDF4Kurd



دایە، لە بری وەشوێن کەوتنی هۆی ئەم عەودالّبوونە، هەموو رۆژێ برێك زیاتر دەبێتە یەخسیری ئەم داوە. دەورەی زاڵبوونی کاڵایە، لە ئاوەها سەردەمێکدا مردنی هیچ کەسێ لە ژیانی ئابووری کۆمەڵدا کارتێکردنی نیە. نەریتی خودکاری کۆمەڵی ئەم سەردەمە، لە کارتێکردنی کردەوەی تاکەکەسی کەم کردۆتەوە. لەگەڵ تێداچوونی بایەخی تاکەکەسی لە کۆمەڵدا، پاڵەوانی چیرۆکیش مانای خۆی دۆڕاندووە. لایەنی بێ‌کردەوەی »انفعالی« خەڵکی دورگە، لە چیرۆکی »بینەر«دا نموودەی ئەم کارە کۆمەڵایەتییە. خەڵکی ئەم دورگەیە لە راستیدا، تاکوو ئاستی »بینەر«رێكدا کەوتوون بە رای ئەم بینەرانە جینایەت کارێکی حەتمی و سروشتی‌یە. لە بەر ئەوەی قوربانیی ئەم جینایەتە بە کەسێکی دژی کۆمەڵایەتی و بەرکاری شێواندن ناسراوە. لە قەڵەم سڕەوەکانیشدا، واڵاس، لەبری ئەوەی پێشگری لە قەتڵ بکات، خۆی، بە پێچەوانەی ئەو دەورەی هەیەتی مرۆڤ دەکوژێ. لەم چیرۆکەشدا چارەنووسی ئینسان گاڵتەجاڕی دەستی گەردوونەی کۆمەڵە. لە چیرۆکی دڵ پیسیدا، هەست لە رێزەی‌شتەکاندا دادەندرێ و ناتوانین لە کاڵا جیای کەینەوە. دەسەڵاتی کاڵا دەبێتە هۆی داڕمان و داکشانی هەستو سۆزعاتیفە و خوزوری ئینسان تاکوو ئاستی نیگاکردنی سنووردار دەکاتەوە. پاڵەوانی چیرۆکی نوێ، جۆرێ دژەپاڵەوانە“ روخسارێکی تایبەتی نیە، زیاتر بێ نێوە، خاوەنی پێناسەی تاکەکەسی چیرۆکی سەلەڤ نیە، نە رابردوویەکی هەیە و نە بیرگەیەك، خەڵکی شوێنێکی بەرچاو نیە، دائیمە لە هەڵسووڕاندایە. هەڵسووڕانی تەم و مژاوی پاڵەوان بەرەبەرە دەبێتە تەقالا و هەڵبژاردنی رێ. سەرلێشێواوی کەمکەم لادەچێ و تیشکێ لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوەو لە دەهلیزی پێچەڵاوپووچی

PDF4Kurd



خۆیدا، نیشانه به جێدێڵێ. تاکوو رێگەی گەڕانەوە بناسێتەوە. بەڵام دەهلیز نیشانەی سەر لێشێواوی‌یەو سەربازی بەپرس‌وجۆ هەرکات زیاتر ون دەبێ. له »پێننووس سڕوەکان«دا والاس رێبوارێکی تەنیایە کە بە شوێن مەبەستی خۆیەوەیەتی بەڵام هەمیشه، لە شاری منالی خۆیدا، نامۆدەبێتەوە. سەرباری دەهلیز بە شوێن مالێکەوەیە کە کەسێ نایزانێ. چونکە شارەکە تەماوی‌یە و تاسەبارە و خاوەنی کۆلانگەلی راستەو خۆ و وەکی‌یەکە.

ماتیا پالەوانی »بینەر« خۆی دەهلیزی خۆی ساز دەکات تاکوو نەهێنی خۆی تێدا حەشار دات. هەلسووڕان و کۆلینەوە، هەمیشه نیشاندەری مەیلی بە ئامانج گەییشتنه. لە چیرۆکی پێنووس سڕەوەکاندا، والاس دائیمە و دەرهەم بە شوێن پێنووس سڕەوەیەکی تایبەتدایەو نەرمبوونی ئەم قەڵەم سڕەوەیە حەتمەن نمادێکە. بێج لەمە نیگای والاس دائیمە پڕ لە جەزبەییێکە، بە تایبەت ئەو کاتەی تەماشای فرۆشندەییێك بە ناوی ئێڤلین دەکات. بلێی ئیڤلین دایك یان خوشکی ئەو نەبێ؟ بگرە لە بینەردا لێکۆلینەوە و دڵەڕاوکێ تێکەڵ بن. بای‌سێکل لێخوڕینی ماتیا جوولانەوەییێکە بەرەو مەیل و پڕ لە مەیل. لە دڵ پیسیدا هام وشۆ و دەنگی هەنگاوەکان پالپشتی فیکرەکانی کابرای دڵپیسە. لە »پیلانێك بۆشۆڕش لە نیۆیۆرك«دا قەیرانی هەوەس ۆ شەهوەت دەگاتە تەشقی خۆی و هەر بەم هۆیەوە، دەروونمایەی هەنگاوەکان دال بە دال دووپات دەبێتەوە و لە بێدەنگی‌دا دەنگ ئەداتەوە و لە نێزیك بوونەوەی تووڕەیی هەوال ئەدات. ئاوەها سوژەگەلێك سروشتی‌یە لەگەڵ پرس‌و جۆی کارئاگایانەدا وێك کەوێ. کەش و هەوای تەم و مژاوی چیرۆکەکان یارمەتی ئەفراندنی ئاوەها شوێنێك

PDF4Kurd



ئەدات. ئەو شتەی کە زیاتر لە هەموو شتێ نیگا رادەکێشێ، کورتەیێکە وا رۆب گریێ لە »پێنووس‌سڕەوەکان«ی بە دەستەوەداوە: »باس لە سەر رووداوەێکی تایبەت و بەرچاوو گەورەیە: مردنی پیاوێك. ئەم رووداوە کارئاگایانەیە، یانی قاتلێك و کارئاگایەك و بە کوشتچوویەگی تێدایە. تەنانەت دەوری هەر کامیان دابین کراوە: قاتل گوللەیێ بەرەو کوژراو دەتەقێنێ، کارئاگا خەریکی راستکردنەوەی رووداوەکە دەبێت و کوژراوە بە کوشت دەچێ«.

ئەم چیرۆکە، لاسایی کردنەوەییکی بەزمەساتانەی چیرۆکە کارئاگاییەکانە. با وەکوو کردەوەی چیرۆکی نوێ لە بیست و چوار سەعات زیاتر دەخایەنێ. چوونکوو لێرەدا، بە پێچەوانەی چیرۆکە ئاساییەکان، کوژراوەکە بیست‌وچوار سەعات لە پاش گوللە هاویشتن، نەك بە دەستی قاتل، بەڵکوو بە دەست کارئاگاوە بە کوشت دەچێ. ئابەم چۆرە، ئەم چیرۆکە پێچەوانەی چیرۆکێکی ئاساییە و رەخنەییێکە لەوان. لە تایبەتمەندیەکانی چیرۆکی نوێدا یەکیشیان ئەمەیە: گرێ‌چن و شێوازی، چیرۆکی نوێ شوێنی چیرۆکی سەلەڤ دەگرێ و دیسانەکە خودی رووداوەکە شتێکی دیکەی لێدەردەچێ و لێی ساز دەبێ.

ئازار گەیاندن بەمرۆ، دیاردەی سەردەمی ئێمەیە و بە دەروونمایەی چیرۆکی نوێ دەژمێردرێ. لە »دڵپیسی«دا بەرژەوەندە دڵتەزێنەکان بە توندی و وردی‌یەکی نەخۆشانەوە لە روانگەی دڵ پیسێگی بێحوزورەوە بەربڵاو دەبێتەوە. لە »پیلانێك بۆ شۆڕش لە نێویۆرکدا« چەند پرس و جۆی کارئاگایانە هەیە کە زۆربەیان کۆتاییەکەیان ئیعدامە. لەم پرس‌و جۆیانەدا، پێداگرتن لە سەر ئەشکەنجە زیاتر لە وڵامدانەوەیە و توندترین تام و

PDF4Kurd



چێژەكان بە دوای ئازارەكاندا جێبەجێ دەبن. چیرۆكی نوێ لە بنەڕەتدا لێكۆڵینەوەیەك دەژمێردرێ. خوێنەر ناتوانی بێ‌راڤەكردن لەم رووداوانە تێپەڕ بێ. چیرۆك وەكوو ئاوێنە دەنوێنێ، بینەر راڤە و دادوەری دەكات.

سەرچاوە: كتێبی" قصەنو، انسان طرازنو مقالەی درآمد بر داستان‌های روب گریی (سەرەتا بۆ چیرۆكەكانی روب گرییێ) نوشتەی محمدتقی غیاثی

پەراوێز: هەموو ئەو نووسەرانە و ئەو وشە زانستی و ئەدەبیانەی لە نێوەرۆكی وتاركەدا هاتوونەوە، ناسراوتر لەوەن لە سەریان بدوێین.
»وەرگێڕ«

PDF4Kurd



# چەند
# یاسای هەڵوەشاو

ڕەخنەی سەلەفی خاوەنی وشەگەلی تایبەت بە خۆیەتی. باوەکوو جەخت دەکات کە سەبارەت بە ئەدەب بە پێی یاساکان دادوەری ناکات، بە پێچەوانەوە: داواکاری ئەوەیە فڵان یافیسار بەرهەم بە دوور لە نەریتی قوتابخانەکان دەخاتە بەر ڕەخنە و لە سەرداب و باوە سروشتییەکان وەکوو ئاوەزی »ساخ« و »سۆزی دڵ« خۆشی دەوێن. بەڵام هەر ئەوەندەی دەوێ شیکارییەکانی ڕەخنەگران بە برێك سەرنجەوە بخوێنینەوە هەتاکوو زۆر زوو رایەڵەیەك لە وشەگەلی تایبەت ئاشکرابن. ئەم وشە تایبەتانە مشتی ئاغەیان دەکەنەوە، نەریتی قوتابخانەییش لە نێوان ڕەخنەی شیکاری ئەواندا دەردەکەون. بەڵام ئێمە وەها بۆ بیستنی وشەگەلێکی وەکوو »پاڵەوانی چیرۆك ـشوێنـفۆڕم ـ ناوەرۆكـ مەبەست ـ هونەری چیرۆکنووس و چیرۆکنووسە راستینەکان« ڕەمووده »معتاد« و دیوناس بووین کە لە بۆ رزگار بوون لە تانوپۆی ئەم وشانە هەوجێمانیە تێکۆشانەو دەبێ تێکۆشین هەتا بۆمان دەرکەوێ ئەم جەختە نیشاندەری بیروبڕوایەك سەبارەت بە

PDF4Kurd



چیرۆکە. ئەم بیروبڕوایە لە پێشڕا کۆ بۆتەوە و جەماوەریش بە بێ سێودوو دەیسەلمێنن" بە وردی هەربەم هۆیەوە بڕوایەکی داڕزیوو باتڵە. دەسا وەکوو داوادەکرێ، باسی »سروشتی بەرهەم« لە گۆڕێدا نیە.

لەمە مەترسی هێنەرتر، رەنگە ئەم زاراوە بێ وا بۆ نێولێنانی ئەو بەرهەمانەی کە لەم نەریتە لە قەوارە دراوە بەولاوەتر دەچن، زۆر زۆر دەکار دەکرێن. بۆ وێنە وشەی »پێشڕۆ« بە هەموو رووالەتی بەبێ مەبەستی خۆیەوە، زۆرجاران کاتێ دەکار دەکرێ کە رەخنەگر دەیانەوێ، لەو پەڕی سانایی و سانا ژماردن، ئێخەی خۆیان لە دەست ئەو بەرهەمانەی کە بۆی دەچێ زەبرێك لە شەڕەفی ئەدەبی عامخواز بدەن رزگار بکەن. لە گەڵکوو نووسەرێك دەست لە بابەتی کۆنە و گەندەڵ هەڵدەگرێ و تێدەکۆشێ شێوازی تایبەت بە خۆی بخولقێنێ، لە کات و ساتدا مۆرکی »پێشڕۆ« بە روخساریەوە دەچەسپێنن.

بە پێی یاسا، واتای کاری ئەو ئەمەیە کە ئەو نووسەرە هەندێ لە سەردەمی خۆی لە پێشترە، ئەم شێوازەش لە سبەیڕا رێبەرانی جەماوەر لاسایی دەکەنەوە. بەڵام بەکردەوە، خوێنەر کە فەوری سەر لە چۆنیەتی کارەکە دەردێنێ، فیکری بەرەو لای چەند لاوێکی ڕیشن دەچێ کەوا دەم بە پێکەنین دەچن هەتا کوو لە ژێر کورسییەکانی فەرهەنگستاندا نارنجۆك و تەقتەقۆك بتەقێننەوە" ئەویش هەر بەو مەبەستەوە تاکوو هەراوزەنایەك سازکەن، یان ببنە هۆی سەرسوڕمان و ترساندنی ساماندارانی بە رێز.

هەر لە بەر ئەمەیە کە بەڕێز هێنری کولووئار- کە پیاوێکی زۆر سەنگین و لە سەرەخۆیە- بەبێ کەمترین بەدخوازییەوە دەنووسێ:»ئەم لاوانە دەیانهەوێ لکی ئەم درەختەی وا ئێمەی لە سەردانیشتووین بە مشار بیبڕنەوە.«

PDF4Kurd



لە راستیدا زۆر لە مێژە ئەو لکە درەختەی ئەوان باسی لێوەدەکەن هەر بە هۆی تێپەڕ بوونی زەمانەوە، ئیشك بووە. چما ئەم لکە درەختە پووك بووە و ڕزیوە، تاوانی ئێمە چیە؟ ـ هەمووانی ئەو کەسانەش کە بێ هیوا خۆیان بەم لکە درەختەوە هەڵواسیوە هەر ئەوەندی دەویست تاقەجارێك تەماشای لکی هەرە بلّندی ئەم دارە بکەن تاکوو بزانن زۆر لکوپۆپی تازە شین بووی سەوزو بە هێز و سەرخۆش و بەگەشەو نەشە لە مێژە لەوێدا قوت بوونەتەوە. ئوولیس[1] بەرهەمی جۆیس و کۆشك[2] نووسراوەی کافکا ئێستا لە سیساڵانیان تێپەڕاندووە. کتێبی »توورەیی و زەنازەنای«[3] فاکنەر بیست ساڵ لەمەوبەر وەرگێڕدراوەتەوە سەرزبانی فەڕەنسی »شەست و چەندساڵ لە ئێستا دا= وەرگێڕ« بەرهەمگەلێکی زۆری دیکەش بە دووای ئەم کتێبانەدا بڵاو بوونەتەوە. رەخنەگرانی پاك تینەتی ئێمە، بۆ ئەوەی ئەم دەقانە نەبینن، هەرجارەی چەندوشەیەك لە وشە جادوویی‌ەکانی خۆیان هێناوەتە سەرزبان: »پێشڕۆ« »ئەزموونگای چیرۆك«، »چیرۆکی دژە چیرۆك« یانی: چاوەکان بقووچێنین و بەرەو بایەخە ساخەکانی نەریتی ئەدەبی فەڕەنسی وەگەڕێین.

١ـ پاڵەوانی چیرۆك: سەبارەت بە پاڵەوانی چیرۆك زۆر قسەو باسان کراوە“ بەڵام هەی مەخابن، لەوە دەچێ ئەم هەودایە تاڵێکی دووڕودرێژ بێ و ئەم

---

[1] - ئوولیس: کەڵە کاری جەیمز جۆیس نووسەری ئیرلەندی لە رۆمانەکانیدا وشاکاری بە نێوبانگی رۆمانی مودێڕنی سەدەی بیست

[2] - کۆشك: رۆمانی بە نێوبانگی فەرانتس کافکا نووسەری سەدەی بیستی چێك

[3] - توورەیی و زەنازەنا: رۆمانی زۆر نێوداری ولیەم فاکنەری ئامریکایی و لەرۆمانە نێودارەکانی مودێڕنی سەدەی بیست

PDF4Kurd



وتەیە بەبێ کۆتـایی بێـت. نەخۆشـینی پەنجاسـاڵانەی پاڵـەوان و لـە پاشـان سەرەندەر کردنی مردنەکەی ـ کە چـەندان کـەڕەت بـە دەسـت رەخنـەگرانی هەرە زەبەر دەسـتی ئێمـەوە لـە پـەرتووکی مردووانـدا تۆمـارکراوە، هێـشتا نەیتوانیوە ئەم مردووە لەو پلە و پایەی وا سەدەی نـۆزدە پێـشکەش بـەوی کردووە، بێنێتە خوارەوە. ئـەم مـردووە بـاوەکوو لـەمرۆدا مۆمیـایی کـراوە، بەڵام هێشتا بە هەمان وەزن و قورسی قـەوارەیی و بەدەڵـەوە، لـە نێـو ئـەو بایەخانـەی رەخنـەی سـەلەفی بـە سـەریاندا هەڵـدەڵێ، بەلەنجـەو لار دێ و دەچێ و ئیفادە دەفرۆشێو رەخنەگرانی سەلەفی تەنانـەت لـە چیرۆکنووسـی »بەڕاستی«ش هەر لەوێـدا دەگـەڕێن: »... چـوونکە چیرۆکنووسـی بەڕاسـتی سەرقاڵی ئافراندنی پاڵەوانەکان دەبێ...«.

بۆ سەلماندنی درووستی و بایەخی ئەم رووانگەیە، دەلیل هێنانەوەی ئاسایی دەهێننــە گــۆڕێوە: »بــەلزاك بابــەگۆڕیۆی[1] بــۆ بــەجێ هێــشتووین، دەستایۆفێـسکی داهێنـەری برایـانی کارامازۆفـە[2]، دەیجـا چیرۆکنووسـینی لەمەو دووا یانی: زیادکردنی چەند روخسارێکی ئیمرۆیی لەکۆشکی روخسارە مێژووییەکانی ئەدەبی ئێمە.

هەمووان واتای قارەمان دەزانن. قارەمان »ئەو«ێکی ئاسایی بـێناونیـشان و ئاشکران و بکەری سانای ئەو کردەوەیەن کە بـە هـۆی فرمـان »فێعـل«ە وە دەردەبـڕدرێ، نیـە. قارەمـان دەبـێ خـاوەنی نـاوی تایبـەتی خـۆی و چـما بگونجێ، دەبێ خاوەنی دووناو، یانی ناو و ناوی بنەماڵەیی بێت. دەبێ دایـك

---

1 - بابە گۆڕیۆ: رۆمانی بەلزاك، رۆماننوسی نێوداری شیوازی ریئالیزمی فەرەنسی سەدەی نۆزدە

2 - برایانی کارامازۆف: رۆمانی دەستایۆڤیسکی رۆماننووسی سەدەی نۆزدەی رووس

PDF4Kurd



و بابی هەبێ، دەبێ ببێتە میرات بەری میراتی ئەوان. دەبێ خاوەنی پێشە و کارێك بێ. خاوەنی ماڵ و مناڵ و سامانێکی زۆریش بێ باشترە. لە گشتی ئەمانە گرینگتر، دەبێ خاوەنی خووخدەیەکی تایبەت بێ، دەبێ روخسارێکی هەبێ کە بەدەرخەرەوەی رۆحی ئەو بێ، دەبێ خاوەنی رابردوویەك و پێشینەیەك بێ هەتا فلآن و فیسار کردەوەی ئەو بسەلمێنێ. لە بەر ئەوەی رابردووی ئەو پێكهێنەری کردەوەکانی ئێستاکەی ئەوە. خوو وخدەی ئەو رەگ وریشەی کردەوەکانی ئەوە. خووخدەی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەی دژەکردەوەی ئەو لە هەر رووداوێکدا بە چەشنێکی مەعلووم بێ. خووخدەی پاڵەوان مەیدان بۆ خوێنەر دەرخسێنێ تاکوو سەبارەت بەوی دادوەری بکات" یانی خۆشی بۆیت، یان نەفرەتی لێی هەبێ. پاڵەوان دەتوانێ لە سای خووخدەی خۆیدا ناوەکەی بداتە کەسانێکی وەکوو خۆی. وەکوو تارتۆف[1] پاڵوانی مۆلێیڕ کە سەمبۆلی جامەلووسکێ و ریایی کردنە. دەڵێی جەماوەر چاوەڕوانی بەڕسمی بوونی ئەم »غوسڵی تەعمید«ەن. پاڵەوان دەبێ هەم تاك بێ و، هەم هەتا شوێنی بەرزی چەمکێکی فەلسەفی هەڵکیشێ. خاوەنی تایبەتمەندییەکی کارا بێ، هەتا بێغەنیم بێ" لە گشتی بوونێکی تەواویش بەهرەمەندبێ تاکوو لایەنی کۆمەڵایەتی بەخۆوەبگرێ. بۆ پێکهێنانی برێك دەرەتان، بۆ ئەوەی هەست بەرزگارییەکی زیاتر بکردرێ، دەتوانین پاڵەوانێك هەڵبژێرین کە بەڕووالەت لە یەکێ لەم یاسایانە ملهوڕی بکات: مناڵێکی لە سەرەڕێ دۆزراوە، بیکارەیەك، شێتێك" یان دەکرێ کابرایەك هەڵبژدێرێ کە سروشتی وازوازیبوونی ئەو جاروبار شتی سەیر و

[1] - تارتۆف= قارەمانی مەنفی و دووڕوو و چل چاپی شانۆی مۆلییڕ، شانۆنامەنووسی سەدەی ١٨و١٩ی فەڕەنسی

PDF4Kurd



سەمەرە پێك بێنێ. ئەڵبەت ناکرێ لەم کارەدا زیادەڕۆیی بکردرێ" چوونکە ئەم رێگە، رێگەی تێدا چوونەو هەمان رێگایەکە کەوا یەکڕاست دەگاتە چیرۆکی ئەمڕۆ.

لە راستیدا هیچکام لە دەقە بایەخدارەکانی سەردەم لەم بارەوە دەگەڵ پێوانەکانی رەخنە، یەك ناگرنەوە. چەند کەس لە خوێنەران ناوی بگێڕەوەی »رشانەوە«[1] ی ژان پۆل سارتەر یان ئاخێوەری[×] »نامۆ«[2]ی ئالبێرکامۆ یان لە یادە؟ بلێی لەم دەقانەدا نموونەیەکی ئینسانی هەبێ؟ بلێی بەپێچەوانەوە، هەڵەیەکی گەورە نەبێ کە ئەم دەقانە لە بۆ هەڵسەنگاندنی خووخدەی پاڵەوانان لە بەر چاو بگرین؟ بۆ وێنە بلێی چیرۆکی بلندی »سەفەر بۆ ئەوپەڕی شەو«[3] بەرهەمی سێلین لە راستیدا تەرخانی وەسفی پاڵەوانێك بێت؟ چما بەرێکەوت بێ کە هەر سێکی ئەم چیرۆکانە لە زبانی یەکەم کەسی تاکەوە دەگێڕدرێنەوە. بیکێت لە مەودای چیرۆکێکدا ناوو رووالەتی پاڵەوانەکەی دەگۆڕێ. فاکنەر بە ئانقەست ناوێك لە دوو کەسی جیاواز دەنێ.

---

[1] - رشانەوە= رۆمانی نێوداری قوتابخانەی »رەسانەیەتی هەبوون =وجود«ی ژان پۆل سارتەری فەڕەنسی

[×] ئاخێوەر= بەمانای راوی و بێژەر و بگێڕەوە و »گوێندە«، بۆ یەکەم جار لە بەڕێزان رەهبەر مەحموودزادە و خالق یەعقووبیەم بیستووە.»وەرگێڕ«

[2] - نامۆ=رۆمانی ئالبێرکامۆ، نووسەری خاوەن نوبێلی فەڕەنسی و خاوەن بەرهەمگەلی تاعوون ـ یاغی و...

[3] - سەفەر بۆ ئەوپەڕی شەو= رۆمانی رەش بینانەو قووڵی فیکری سێلین نووسەری فەڕەنسی

PDF4Kurd



بۆ وێنە »کاف« پاڵەوانی چیرۆکی »کۆشك«ی کافکا هەر بەر یەکەم پیتی ناوەکەی قنیات دەکا" ئەو هیچ شتێکی نیە" بنەماڵەی نیە" روخساری نیە" گومان بۆی دەچێ هەر »مەساح= ئەندارەگری زەوی«یش نەبێ.
نموونە زۆرن. لە راستیدا »پاڵەوان سازان« بە واتای سەلەفی ئەم وشە، ئیتر بێج لە خۆلقاندنی پاڵەوانگەلی خەیاڵی و پووك ناتوانن کارێك بکەن. وای لێهاتووە کە ئیدی لە مرۆدا خۆیشیان بروایان بەم پاڵەوان پەمۆیانە نیە. چیرۆکی خاوەن پاڵەوان، لەراستیدا ئیی سەردەمی رابردوو بوو. ئەم چیرۆکانە لە تایبەتمەندیەکانی دەورەیەکی داڕووخاوە: ئەو دەورەیە، دەورەی تەشقی »هێزداریی تاك« بوو. بەڵکەم ئەم کارە بە پێشکەوتێکدا نەندرێ، ئاشکرایە کە ئەم سەردەمە، حەتمەن سەردەمی »تۆماری ژمارە«یە. لە بۆ ئێمە، چارەنووسی جیهان چیدی پێوەندی بە خۆرهەڵات و خۆرئاوای چارەنووسی چەندکەس یا چەند بنەماڵەوە نیە. لە راستیدا ئیدی جیهان خودی خۆیشی ئەو »خاوەنیەتی تاکە کەس«یە نیە کە میراتی پشتاوپشت و شیاوی سکە لێدان بوو" راست چەشنی داوێك: باسی ناسین لە گۆڕیدا نەبوو، بەڵکوو باس لە سەر خاوەن بوون و داگیرکردنی ئەو بوو. لە سەردەمی دەست ڕۆیشتنی ساماندارانی دەورەی بەلزاکدا بە بێ گۆمان خاوەن ناو بوون زۆر گرینگ بوو. خوووخدە زۆر بایخدار بوو. بە تایبەت کە ئەم خوووخدەیە زیاتر وەکی چەکێك لە شەڕێکی تەنبەتەندا دەکاردەکرا، هیوای سەرکەوتن دەهاتە گۆڕێ. هێزو زاڵبوونێك بوو لە جیهانێکی ئاوادا کەوا کەسێتی تاکە کەس هەم مەبەستی هەرچەشنە توێژینەوەیەك بوو، خاوەن روخسارو کەسێتی بوون بایەخی هەبوو.

PDF4Kurd



لـەمڕودا، جیهـانی ئێمـە متمانـە بـە خـۆ بـوونێکی کـەمتری هەیـە، بەڵکـەم بێئیفادە بوونێکی زیاتریش دەر دەبڕێ" لە بەر ئەوەی ڕەفـزی دەسـتەڵاتی تاکەکەسـی کردۆتـەوە. بـەڵام پلەخوازییـەکی زیاتریـشی هەیـە، چـوونکە دەڕوانێتە ئەوپەڕی جیهانی خۆی. وەسفی تاك و تەراتاییەتی ئینـسان جێـی خۆی داوەتە ئاگـەدار بـوونێکی بـەربڵاوتر کـە لـە لایـەنی »بەشـەر ناوەنـدی جیهانە«ی کەم کردۆتەوە. لە بەر ئەوە چیرۆك باشترین ئێشکچی رابـردووی خۆی، یانی پاڵەوانی نەماوە و، دوو دڵ و وەسواسی دێتە بەرچاو.

چما چیرۆك نەتوانێ لە سەر لاقەکانی خۆی راوەستێ، هۆیەکەی ئەمەیـە کـە ژین و ژیانی چیرۆك، پێوەندی دەگەڵ ژیانی کۆمەڵگایەکی دارماوەوە هەیـە. بەپێـچەوانەوە: چـما سـەرکەوێ، ڕێگایـەکی تـازە لـە بەرپایـدا دەکرێتـەوە، دەگەڵ مزگێنی دۆزینەوە و داهێنانە نوێیەکان.

٢ـداستانی چیرۆك:

بۆزۆربەی خوێنەران و تەنانەت بۆ ڕەخنـەگرانیش، چـیرۆکی بڵنـد لـە پـێش هەر شتێکدا »داستانێك«ە.چیرۆکنووسی »بەڕاستی« ئەو کەسـەیەوا دەگـەڵ »داسـتان‌وتـن«دا دیونـاس بـێ. تـام و چـێژی حیکایـەت گێڕانـەوە، کـە چیرۆکنووسـی لـە سـەرەتاوە بۆکۆتـایی چـیرۆك دەبـرد، دەگـەڵ کـاری نووسەریی ئەودا تێکەڵ دەبـێ. داهێنـانی روو داوەی بەهەسـت و سەرسـوورِ هێنەر و شانۆ ئاسا، هەم جوانی کاریەتی و هەم ئەرکی ئەوە.

بـەم هۆیـەوە، ڕەخنـەی چـیرۆك زۆر کـات بەگێڕانـەوەی کورتـەی داسـتانی چـیرۆکەوە کۆتـایی پێـدێ.ڕەخنـەگر، بـەو پێیـە کـە دەئەسـتوون یـان دوو ئەستوونی لە بەر دەسەڵاتدا بێ، داستانی چیرۆك شیکاری دەکـات و کـەم و زۆر سەبارەت بە بەشە گرینگەکانی ئەو" یانی سەبارەت بە گـرێ پووچـکەی

PDF4Kurd



چیرۆك و ئاكامی كۆتایی بیچم و پیلانەكەی بیروڕای خۆی دەردەبڕێ. ئەو دادوەریەی سەبارەت بەكتێب دەكردرێ، بە تایبەت هەڵسەنگاندنی یەكیەتی و پێوەندی بیچم و شەپۆلانی پیلانەكەی و سەنگ و سووكی ئەم دووانە، ئەو چاوەنواڕی و سەرسوڕمانەیە كە بیچم و پیلان بۆ خوێنەری تامەزرۆی پێكهێناوە. بۆشاییەك لە گێڕانەوەدا، رووداوێكی بەبێ پێوەندی سەلبی، پچڕپچڕ بوون و دابڕانێك لە داستاندا و دووپات بوونەوەیەك، دەبنە لاوازییە گشتی و گەورەكانی كتێب. هەڵقوڵێن و راست و پاكی چەشنی گێڕانەوەش بایەخدارترین هێزی چیرۆك دەژمێردرێن. بەڵام هەرگیز باس لە سەر چۆنیەتی نووسین ناكردرێ. چیرۆكنووس هەر سەبارەت بە دەكاركردنی پسپۆڕانەی زبان، چەشنی دڵخوازی دەربڕین و زبانی نەخشین و هێزی بەرچاو هێنەریی ئەو وەسف دەكردرێ.

بەم چەشنە، چۆنیەتی نووسین ئامێرو گوێرە دەربڕینێك زیاتر نیە. ناوەرۆكی چیرۆك، هۆی هەبوونی ئەوە و ئەو مەبەستەی لە چیرۆكدا حەشاردراوە، هەر ئەو داستانەیە كە چیرۆكنووس دەڵێ. دەیجا هەر لە خوێنەری هەژڵەوە»هەژڵ = جیددی«، یانی ئەو كەسانەی دەیسەلمێنن كە چیرۆك نابێ هەر سەرقاڵبوون بێ، هەتا خوێنەرانی گەندەڵترین چیرۆكە گەمژە ئەویندارانەكان و پۆلیسیەكان، یان چیرۆكی وڵاتانی دوور، هەموان خوویان بەوە گرتووە كە لە چیرۆك، چاوەنواڕی تایبەتمەندی یەكێ تاكبن. ئەمە بەس نیە كە داستان پێكەنینی، عالیبان سەرنجڕاكیش بێ. لە بۆ ئەوەی چیرۆك لە پاڵپیشتی هەقیقەتی ئینسانیش كەڵك وەربگرێ، دەبێ بتوانێ خوێنەری خۆی پێمل كات كە بەراستی لەم پاڵەوانە راستەقینانە قەوماوە. خوێنەران چاوەنواڕن كە چیرۆكنووس هەر بە گێڕانەوەی ئەو

PDF4Kurd



ڕووداوانــەی کــە خــۆی دیتوویــە قــەوماون، قنیــات بکــات. مەرجنامەیــەگی سەرپێیی لە نێوان خوێنەر و نووسەردا دادەنـدرێ: نووســەر وا دەنوێنــێ کــە بڕوای بەم داستانە هەیە وا خەریکە دەیگێڕیتەوە، خوێنەریش لە یادی خۆی دەباتەوە کە ئەم بابەتانــە ســەرپاك ســاختە و پاختەیــەو، وا دەنوێنــێ ئــەوا ســەروکاری دەگــەڵ بەڵگــە، ژیاننامــەیان داســتانێکی راســتەقینەیە. دەســا، گێڕانەوەی بــاش، یــانی چــوواندنی نووســراوە لــە ســەر بیــچمێکی لەبــەرەوە داڕژاو کــە جــەماوەر خۆویــان پێگرتــووە و ئــەم بیــچمە لــە پێــشترا داڕژاوە، پێشدادوەری خوێنەرە سەبارەت بە راستی و راستەقینە.

بەم پێیە، تازە بوونی بــارو دۆخــەکان، رووداوەکــان و دابڕانــە گــتوپڕەکــان هەرچی بن، دەبــێ گێڕانــەوە وەکــوو ئــاوی ڕەوان، بــەبێ لەمپــەر بخۆشــێ و بــڕوا. دەبــێ بــازدانی وەهــای هــەبێ کەنــەتوانن بــەری بگــرن و بــە جارێــك هــاودەنگی پێــك بێنــێ. کــەمترین گومــان یــا بیــچکۆلەترین نامۆییــەك کــە لــە گێڕانەوەدا دەرکەوێ »بۆ وێنــە دوو بابــەتی دژادژ و کــەم پێوەنــدین« ئیــدی داستان خوێنەر دەگەڵ خۆیدا نابات کتوپــڕ خوێنــەر بــە خــۆی دەڵــێ: ناکا کڵاوم بکەنە سەر؟ هەڕەشەش دەکات هەمیسان بەرەو »بەڵگــە راســتەکان« دەگەڕێتەوە. لەبەر ئــەوەی کــاتی خوێندنــەوەی ئــەو چیرۆکانەی شــایەتمان راستینەی چیرۆکنووسە، خوێنەر مەجبوور نیە سەبارەت بە »راســتی ئاســا« بوونی بابــەت بکەوێتــە گومانــەوە، لێــرەدا لــەبری ســەرقاڵ کردنــی خوێنــەر، دەبێ متمانەی بدەینێ.

چما چیرۆکنووس بیهــەوێ گۆمــان و تــەم و مــژ ســازکات، دەبــێ هەمیــشە وا بنوێنێ کە سەبارەت بە چیرۆك زیاتر لــەوەی دەیڵــێ زانستی هەیــە. وشــەی »دابڕینێك لە ژیان« نیشاندەری بەربڵاو بــوونی ئــەو ئاگەدارییەیــە کــە بــەڕای

PDF4Kurd



جەماوەر، ئەو لە پێش ئافراندنی چیرۆك و لە پاش ئەودا هەیەتی. ئەو دەبێ لە ناو هەمان ماوەدا کە وەسفی دەکات، وا بنوێنێ کە بێج لە رۆحی بابەت شتێکی دیکە پێشکەشی خوێنەر ناکات، هەروەها وابنوێنێ کە چما خوێنەر بیهەوێ، ئەو زیاتر لەمەش لە سەربوردی پاڵەواندا، بەشداری بکات" لە بەر ئەوەی کەرەسەی چیرۆك دەبێ، لە گوێرەی راستی، کانییەکی هەڵقوڵاوبێ. داستانی چیرۆك دەبێ راستەقینە ئاسا، رەوان، هەڵبژاردە، شیاوی دیتن و بێ سنووریانی سروشتی بێ. تەنانەت چما بیسەلمێنین کە هێشتا لە پێوەندەی نێوان ئینسان و جیهاندا بارودۆخێکی سروشتی هەیە، بە داخەوە ئەمە ئیدی روونو ئاشکرایە کە نووسین، وەکی هەرقەوارەیەکی دیکەی هونەری، لە داهێنانەکانی ئینسانە. هێزی چیرۆکنووس هەر لە مەدایە کە دەخولقێنێ، ئازادانە و بەبێ وێنەش دەخولقێنێ. چیرۆکی نوێ خاوەن ئەم رەسەنایەتیبە بەرزەیە کەوا خووەخدەیە »ئانقەستە«و ئاشکراو بە مەبەستەوە سازدەکات، بەوچەشنەی کە ئاکامی ئافراندن و خەیاڵات کردنی دەبنە بابەتی کتێب. بەبێ گومان، ئەم ئاڵوگۆڕە تەنیا لایەنێك لە ئاڵوگۆڕی گشتی ئەو پێوندییەن کە ئینسان دەگەڵ شوێنی ژیانی خۆیدا هەیەتی. گێڕانەوە، هەر وەکوو رەخنەگرانی فەرهەنگی و بە هاودەنگی دەگەڵ ئەوان زۆربەی خوێنەرانی ئێمە لە بەر چاوی دەگرن، نیشاندەری نەریتێکە. ئەم نەریتە، کە دەتوانین ناوی »سروشتی« بدەینێ، پێوەندی بە گشت نەریتێکی تایبەتەوە هەیە. ئەم نەریتە، ئاوەزخواز و قەوارە سازە و پشکووتن و گەشە کردنەکەی هاوکات دەگەڵ زاڵبوونی چینی تێروتەسەلدایە. یەکەم نیوەی سەدەی نوزدە، دەگەڵ سەرهەڵدانی کەڵە کارەکانی بەلزاکدا، بووە شایەتمانی روخسارێکی تایبەتی گێڕانەوە، کەبۆ

PDF4Kurd



زۆربەی جەماوەر بەهەشتی و نبووی چیرۆکنووسین بوو. لەو دەورەدا چەند متمانەیەکی بەرچاو باو بوون: متمانە" بە تایبەت بۆ بەراوردی ورد و گشتی شتەکان. مەبەستی هەموو توخمەگشتییەکانی گێڕانەوە، وەکوو: دەکارکردنی بەوردی رابردووی رەها، سێهەم کەسی تاك" کەڵك وەرگرتنی بێ مەرج و رەها لە پرۆسەی درێژەی زەمان" بێچم و پیلانی هێڵێکی ئاسۆیی" بازنەی بەداب و نەریتی کێشەکان و ئەوینەکان" مەیلی هەر رووداوێکی سەلبی بەرەو ئاکامێکی روون و... ئەمە بوو کە وێنەی جیهانێکی بەردەوام، یەك گرتوو و دەگەڵ یەکدا، بەردەوام، یەك لایەنە و تەواوەن شیاوی ناسین باوێتە زەینەکانەوە.

چوونکە حاڵیبوون لە ئەوپەڕی جیهان گۆمانی تێدا نەبوو، گێڕانەوەش دژوارییەکی پێك نەدێنا. بەم هۆیەوە، نووسین دەیتوانی پاكئاسا بێ.

بەڵام لە هەمان سەرەتای کاری فلووبێڕ[1]ەوە، تەواوەتی ئەم بناغە و بینا پتەوانە، بەرەبەرە لەرزۆك بوون. ئەوەتانێ لە پاش سەدسالێ، تەواوی ئەو نیزامە لە بیرەوەرییەك زیاتر نیە. ئێستا دەیانهەوێ بەزۆری، چیرۆك لە زیندانی ئەم بیرەوەرییە و ئەو نیزامە گەندەڵەدا راگرن. بەم هەمۆوە، هەر ئەوەندی دەوێ لەم باسەدا، چیرۆکە بایەخدارەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە بخوێننەوە هەتاکوو بۆیان دەردەکەوێ چما بیچم و پیلانی چیرۆك هەر لەم ساڵانەی دووایدا لێك بڵاو بۆتەوە، ئەوە ئیدی زۆر لە مێژە بناغەی گێڕانەوە

[1] - فلووبێر= گۆستافلووبێر، نووسەری سەدەی نۆزدەی فەڕەنسی، ئاڵاهەڵگری چیرۆکی نوێ و خاوەنی بەرهەمگەلی: خاتوو بوواری ـ خاتوو ئارنۆ، سالامبۆ و...

PDF4Kurd



پێکناهێنێ. گومانی تێدانیە کە ئیجاباتی داستان بۆ پرۆوست[1] بایەخێکی کەمتری بوو هەتا بۆ فلووبێر" بۆ فاکنەر کەمتر ئەوتۆیی هەبوو هەتا بۆ پرۆوست" بۆ بیکێت[2] کەمتر گرینگ بوو هەتا بۆ فاکنەر. لەمەو بەدووا، قسە و باس لە شتێکی دیکەیە ـقایەتخوانیـ لە بنەرەترا ئیدی ناگونجێ و نەماوە. دیسانەکەش، هەڵەیە بێتوو داوابکرێ کە ئیتر لە چیرۆکی نوێدا رووداوێك ناقەومێ. بە بۆنەی ئەوەوە پاڵەوانانی سەلەفی لە چیرۆکدا نەماون، نابێ بووترێ دەوری ئینسان لەم چیرۆکانەدا سڕدراوەتەوە.

بە شوێن بینای تازەی گێڕانەوە گەڕاندا نابێ بە هەنگاو هەڵێنانەوەیەك لێکدەینەوە بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە رووداوە و هەرچەشنە کێشە و هەر چەشنە قەومانێك. لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی مارسێلپرۆوست و فاکنەر لیپاولیپی داستانن. ئەڵبەت لە بەرهەمەکانی فاکنەردا، بڵاو کردنەوەی ناوەرۆکەکان و ئاوێتە کردنی ئەمانە پێکەوە پێوەندی زەمانی تێکدەدات و لە بەرهەمەکانی پرووستدا، داستان لە مێعماری زەینیی زەماندا، دەتوێتەوە. بەچەشنێك کە زۆر کات وادەنوێنێ کە بەربڵاوبوونی نێوەرۆکەکان، داستانی ناوگێڕانەوەکان، کە بەرەبەرە دەردەکەون، هەمدیسان دەیانخنکێنێ یان دەیان سڕێتەوە. لە بەرهەمەکانی »بیکێت«یشدا رووداوەکان کەم نین. بەڵام دەڵێی ئەم رووداوانە بەردەوام

[1] - پڕۆوست: نووسەری سەدەی بیستی فەڕەنسی، خاوەنی رۆمانی »بە شوێن زەمەنی لەکیس چوودا«و...

[2] - بیکێت:ساموئێل بیکێت نووسەرو شانۆنامەنووسی ئیرلەندی، خاوەنی خەڵاتی نۆبێل وبەرهەمگەلی ـ چاوەڕوانی گۆدۆ ـ مالۆن دەمرێ و...

PDF4Kurd



سەرقاڵی رەفزی یەكدین. بە چەشنێك كە كۆپلەیەك بۆی دەچێ هەم هەواڵێكی تێدابێ و هەم رەفزی ئەم هەواڵە بكاتەوە.

وەلحاسڵ، چیرۆكی سەردەم بەبێ داستان نیە، بەڵكوو داستانی چیرۆكی سەردەم بەبێ متمانە و بەبێ حەسانەوە و بەبێ پاكی‌یە.

لە پاش ناوهێنانی ئەم پێشینیانە نێودار و بەرێزانە، چما ئیزنم هەبێ باس لە بەرهەمەكانی خۆم بكەم، سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەوە رادەكێشم كە چیرۆكی »قەڵەم سرەوەكان« و چیرۆكی »بینەر« هەر دووك خاوەنی كێشە و رووداوی روون و ئاشكران. بێج لەمانە ئەم دوو چیرۆكە خاوەنی توخمگەلێكن كە بە گوێرەی ئاسایی »هەست بزوێن« یان پێدەڵێن. چما ئەم چیرۆكانە لە هەولێرا بەرای برێ لە خوێنەران »بێ تام و چێژ« بەرچاو كەوتبێتن، بڵێی هەر بە سۆنگەی ئەمەوە نەبێ، بزاڤی نووسین لەم چیرۆكانەدا گرینگتر لە بزاڤی كێشە و جینایەتە؟ بەڵام روون روون لە بەر چاومە كە چەند دەساڵی‌تر ـبەڵكەم زوورتریش ـ ئەو كاتەی شێوازی نووسینی ئێمە سەلمێندراو لێی خاڵی بوون، بووە خاوەن پێشینەی فەرهەنگی، كاڵ دەبێتەوە و لە دیتن دەكەوێ. ئەوكاتە، چما نووسەرانی لاو ویستیان كارێكی تازەتر بێننە ئاراوە هەمدیسان ئەوان تاوانبار دەكەن كە خەیاڵ و خولیایان نیە و چیرۆكەكانی ئێمەیان وەك نموونە نیشان ئەدەن و پێیان ئەڵێن: »تەماشا بكەن لە ساڵانی هەزار و نۆسەد و پەنجادا چۆنیان ئەفراندنی داستان دەزانی!«

ـ لەبەر ئەوەی رەخنەگرانی ئەوزەمانە هەست دەكەن لە چیرۆكی نووسەرانی لاودا رووداوێك ناقەومێ ـ

٣ـ بەرپرسایەتی:

PDF4Kurd



ئـەوا کـە قایـەتخوانی لـە بـۆ سـەرقاڵ کـردن بۆتـە کـارێکی لـە خـۆڕایی و داستان‌سازکردن بۆ بڕوا پێ هێنان بەرگۆمان کەوتووە، چیرۆکنووس بـیر لـە ڕێگەیەکی دیکە دەکاتەوە: داستان وتن بۆ فێر کردن.

ئەوەندەکەسانی لە سەرەخۆو هەژڵ »جیددی« بـە چیرۆکنووسـیان وتـووە: »من ئیدی چیرۆك ناخوێنمەوە، چیرۆك بۆ ژنان باشە چون کـارێکی دیکـەیان نیـە، مـن راسـتەقینەم پێباشـترە...« چـیرۆکنووس ئەوەنـدی قۆڕیـاتی ئاوابیستووە، ئەوەتانێ رووی کردۆتە ئەدەبی فێرکردن. لانی کـەم ئـەو لـەم بوارەدا بە تەمای وەچنگ هێنانەوەی قانەکانە»امتیاز«. راستەقینە ئەوەندە لاڕێ بەرەو تەماوی و دژوازە کە هەمووان ناتوانن ئامۆژگاری لێوەفێربن.

کاتـێ قـسەی سـەلماندنی شـتێك لـە گۆڕێدایـە، وەکـوو داماومـانی ئینـسانی خوانـەناس یـا راقـەی سـۆزەکانی ژنـان، یـان پێکهێنـانی هەسـتی پێوەنـدی چینایەتی، هەمدیسان داستانی ساختە و پاختە قەدرو قیمەت و بایەخ پەیدا دەکاتـەوە، چـوونکە داسـتان رازی کـەرەوەتـرە. لـە بـەر چارەڕەشـی، داستانیش چی دی کەسێك رازی ناکـات" لـە بـەر ئـەوەی لایـەنی داسـتانیی چیرۆك بەرگومان کەوتووە بەڵکوو بەپێچەوانەوە: بۆی هەیە ببێتە هـۆی بـێ بایەخی دەروونناسی و ئاکاری سۆشیالیستی و ئایین.

ئەوکەسەی پابەندی ئەم بڕوایانـە بـێ، پـەرتووکی بڕوانامـەی پـێ باشـترە و ئەوان بە متمانەیەکی زیاترەوە دەخوێنێتەوە.

هەمیسان ئەدەب بەشتێکی پەڕت نێوبردکرا. تەنانەت چیرۆکی بڕوانامـەییش بەخێرایی بە چەشنێك ئەدەبی نـەفرەت لێکراو ناساندرا. بـەم دۆخەشـەوە، چەند ساڵێ لەمەوبـەر دیرۆکـی بڕوانامـەیی لـە لایـەن »چـەپ«ـەوە لیباسـی »بەرپرسـایەتی« لـە بـەر کـراو گیـانێکی تـازەی هاتەوەبـەر. لـە وڵاتـە

PDF4Kurd



سۆشیالیستی‌یەکانیش بەرەنگ و روویەکی ساویلکانەترەوە »راستەقینە خوازی سۆشیالیستی« خۆیەکی نیشاندا. ئەڵبەت، بیرۆکەی پێوەندی نێوان گۆڕانکاری هونەری و شۆڕشی رامیاری و ئابووری لەو بیرۆکەیانەیە کە بە چەشنێکی ئاسایی زوو بە فیکردا دێ. ئەم بیرۆکەیە کە لە هەوەڵڕا لە باری سۆزەوە زۆر خەڵەتێنەر و لەبەر دڵانە، لەباری هەڵسەنگاندنیشەوە دەڵێی بێبناغە نەبێ. وێڕای ئەمەش، ئەو کێشەیەی کە ئاوەها نەزم و نەریتێ سازدەکات، گرینگ و دژوارە. ئەم چەشنە کێشەیە حەیاتین و بەڵام جێبەجێ نابن. لەسەرەتای کاردا، پێوەندییەکە ئاشکرا دەنوێنێ. لە لایەکی دیکەوە قەوارە هونەرییەکان ـکەلە زەمانە جۆراجۆرەکانی مێژووی گەلاندا پێکهاتوون، بەڕووالەت پێوەندییان بە فلان و فیسارچەشنی کۆمەڵایەتی، یان بەزاڵبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە، یان بەکردەوەی زوڵم و زۆر یا گەشە کردنی ئازادی و رزگاری‌یەوە هەیە. بۆ وێنە بێ کەڵك نیە کە لە وڵاتی فەڕەنسا دا سەرنج بدرێتە پێوەندی نێزیکی تیراژێدییەکانی راسین »نووسەری سەدەی حەڤدە« دەگەڵ پیاوماقووڵایەتی دەرباریدا، یان پێوەندی چیرۆکەکانی بەڵزاك بە سەرکەوتن وزاڵبوونی بۆرژواوە.

لەبەر ئەوەی لە لایەکی دیکەوە، تەنانەت تاقمێ لە میانەڕۆکان وای بۆ دەچن کە هۆنەر مەندانی گەورەی سەردەم، لە نووسەرانەوە بگرە هەتا شێوەکاران، زۆربەیان سەربەپارتە پێشکەوتخوازەکانن (یا لەسەردەمی خولقاندنی کەڵەکارەکەیاندا سەر بەوان بوون) بەم هۆیەوە پەنا دەبەنە بەر بیچمی پڕلە هەستی خوارەوە. هونەر و شۆڕش شانبەشانی یەکدی دەڕۆنەپێشەوە“ دەگەڵ مەترسی گەلی وەکی یەکدا بەرەو روو دەبن“

PDF4Kurd



سەرکەوتنی وەکی یەکیان دەبێ" لە ئاکامدا دەگەنە تەشقێك »تەشق=اوج«.

بەداخەوە لە مەیدانی کردەوەدا ئاوانیە. لانی کەم، ئەو شتەی لەمڕۆدا دەتوانرێ بووترێ، ئەمەیە کە راستییەکانی ئەم کێشەیە بەم سانابیەش نیە. هەمووان دەگەڵ شانۆگاڵتەجاڕیەکان یا خەم و خورپەسازەکاندا کە لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە لە کاری هەرچەشنە پێوەندییەکی دڵخوازی ئەویندارانە و ماقووڵدا خەرابکاری و کارشێواندنیان کردووە دیوناسن.پێمل بوونەکان و دانیشتن و لاچوونە داڵ بە داڵەکان، جیابوونەوە پڕ زەناو هەراکان، بەکافردانان و زیندانەکان و خۆ کوشتنەکان چۆن لە یاد دەچنەوە؟

چۆن دەکرێ بۆ نموونە ئەو بەڵایەی بە سەر شێوەکاریدا هاتووە لەووڵاتانەی لەواندا شۆڕش سەرکەوتووە- لە بەر چاو نەگیرێ؟ چۆن دەکرێ پێبکەنین لە ئاستی ئەو بوختانانەی وەکوو »لاڕێ یی«، »بێمەبەستی«، روخسارخوازی کە لە لایەن تێکۆشەرترین شۆڕشگێرانەوە لە گرینگترین بەرهەمە هونەرییەکانی سەردەمی ئێمە ئەدرێ؟ چۆن نەترسین لەو رۆژەی بە داوێکی ئاواوە بین.

ئەڵبەت بە ئانی بڵێین تاوانبار کردنی سەرۆکە نالایقەکان، کاغەزبازی ئیداری، بێ سەودای ئەستالین یان گەمژەیی پارتی کومۆنیستی فەڕەنسا کارێکی زۆر سانایە. بە ئەزموون دەزانین کە لایەنگری لە هونەر، لە هەمبەری هەر سیاسەت پیشەدایان لە نێو هەر دەستە و کۆمەڵەیەکی پێشکەوتنخوازدا، کارێکی ئاسان نیەو دەبا راست و بە بێ تۆێکوڵ پێی پێدا بنێین کە: شۆڕشی سۆشیالیستی لە هونەری شۆڕش گێڕانە بە گومانەو

PDF4Kurd



لە هەموو شتێ خەراپتر، نەسەلماوە کە لەم کارەدا لە هەڵەدایە. لە بەر ئەوەی لە روانگەی شۆڕشەوە، دەبێ هەموو شتەکان دەست بدەنە دەستی یەك و راستەو خۆ بەرەو مەبەستی ئارمانجی و ئاکامی بڕۆنە پێشەوە: ئەم مەبەستە، رزگار کردنی زەحمەت کێشانە. وتمان هەموو شتێ" یانی ئەدەب و شێوەکاری و هونەرو... لە حاڵێکدا بە بڕوای هونەرمەند، یان بە پێچەوانەوە: وێڕای هەبوونی پتەوترین باوەڕی رامیاری و وێڕای مەیلی خەبات، هونەر ناتوانێ وەکوو کەرەسەیەك بڕواتە خزمەتی مەرامێکەوە کە وڵاتێکی بێسنوورتر و بەربلاوتری هەیە، باوەکوو ئەم مەرامە عەداڵەتخوازترین و سۆزبەخشترین مەرامیش بێ. هونەرمەند هیچ شتێ لە کارەکەی خۆی بە بەرزتر نازانێ و زوو تێدەگا: هونەرمەند ناتوانێ بخولقێنێ، مەگەم بۆ »هیچ«. کەمترین فەرمان حوکم لە دەرەوە هونەرمەند لە عەرز ئەدا. کەمترین ئاوڕدانەوە لە فێرکردنی جەماوەریان تەنانەت سەرنجدان بۆ هەواڵ ناردن و مەبەست لە روانگەی ئەودا زەحمەت پێدانێکی لە ڕادەی وزە هێنان بەدەرە. خۆشەویستی ئەو سەبارەت بە پارت و تێفکرینە گەورەکان هەرچی بێ، کاتی ئافراندن و داهێنان هەر دەتوانێ بەرە و کێشەی هونەرەکەی بگەڕێتەوە. لە حاڵێکدا، تەنانەت ئەو کاتەی هونەر و کۆمەڵگا، لە پاش پشکووتنە لە چەشنی یەکدییەکان هەمبەر قەیرانە هاوتەرییەکان دەبن، دیسانەکەش ئاشکرایە کە ئەو کێشەیەی بۆ هەرکامیان دێتە گۆڕێوە، ناکرێ بە چەشنێك چارەسەرکرێن. بەبێگومان لە داهاتوودا کۆمەڵناسان لە چارەسەرکردنەکانی هونەری و کۆمەڵایەتیدا وێکچوونگەلی تازە ئەدۆزنەوە، بەڵام لەهەر دۆخێکدا، ئێمە دەبێ بە

PDF4Kurd



تەواوەتی پاکی و ڕوک و راستی‌یەوە پێی لێبنێین کە خەباتی کۆمەڵایەتی و خەباتی هونەری پێکەوە جیاوازن.

ئەمڕۆکەش وەکوو هەمیشە، لە نێوان روانگەی هونەری و روانگەی کۆمەڵایەتیدا دوژمنایەتییەکی راستەوخۆ هەیە. یا دەبی بیسەلمێنین کە هونەر خۆی بە تەنیا بایەخێکی نیە، لەو دۆخەدا، شێوەکاری و ئەدەب و پەیکەرەسازی و موسیقا دەتوانن بچنە خزمەت مەبەستی شۆڕشگێڕانەوە. لە دۆخێکی ئاوادا، هونەر کەرەسەیەکە. یانی شتێکی وەکوو هەنگی ماتۆڕی، کەرەسەی کاریان ماشینی کشت و کاڵ. کەلەم حاڵەدا تەنیا هەر بەکارهاتنی راستەوخۆیی و کایتی ئەو مەبەستەو بەس.

یاوەکوو نا: هونەر بە نێوی هونەر، درێژە بە هەبوونی خۆی ئەدا، لەم حاڵەدا لانی کەم لە روانگەی هونەرمەندەوە، هونەر وەکی گرینگترین مەبەستی سەرزەوی دەمێنێتەوە. لەم گۆشە نیگایەوە، هونەر لە هەمبەری خەباتی رامیاریدا، بەبێ‌ڕا، بێکەڵکە و تەنانەت روک و ڕاست دوواکەتوو دێتە بەرچاو. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، دەزانین کە لە مێژووی گەلاندا بەتەنیا هەر ئەم هونەرە بەرووالەت بێ‌ڕایە جێگەی خۆی لە شانی یەکیەتیەکانی کرێکاران و مەتەرێزەکاندا ئەدۆزێتەوە.

ئێستا هەر ئەم شێوازە ئینسانی“ بەڵام خەیاڵپەروەرانەی قسەکردن لە سەر چیرۆک، پەردەی شێوەکاری یا پەیکەرەسازی لە ئاکامدا بە زەرەدی هەم شۆڕشە، و هەم هونەر لەبەر ئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا، ئەو چیرۆکە و ئەو پەردەیەو ئەو پەیکەرەیە ناتوانن بەقەدرایی مان گرتنێک، شۆڕشێکیان هاواری تووڕەیی زوڵم لێکراوێ دژ بە زاڵمێك کاریگەربن. لەم ساڵانەدا، هەڵە گەلی ئاوا، ئەویش بە نێوی راستەقینەخوازی سۆشیالیستی‌یەوە،

PDF4Kurd



زۆرقـــەوماوە. هـــەژاری کـــامڵی هونـــەری ئـــەو بەرهەمانـــەی کـــە زیـــاتر لـــە بەرهەمەکانی دیکە خۆیـان سـەربەم قوتابخانەیـە دەزانـن، لـە هـەر کاتێکـدا بەرهـەمی هەڵکـەوت و ڕێکـەوت نـین: چـەمکی بەرهـەمێك کەتـەنیا هـەر بـۆ دەربڕینی تاقە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری یا ئاکاری خولقاوە، لە درۆیەك زیـاتر نیـە. »بـێ کەڵکـە بـوونی بەرهـەمی دژ بـە کۆمەڵایـەتی« و سەردێڕی »هونەر بـۆ هونـەر« وەکـی ناحـەزترین جـوێن دەکـار دەکـرێ. لـە گـەڵکوو قـسەو باسـێکی بـێج لـە خـەباتی چـینایەتی یـان شـەڕی دژ بـە کولۆنیالیزم دەکەین، دام و دەزگای ترساندن و مەترسی هێنـەری خۆیانمـان بەرچاودا ئەدەن. ئێمە دەبێ جارێك و بۆ هەمیشە ئـەم بۆختانانـە بـە هـەژڵ »جیددی« نـەگرین و لـە هەراوزەناکـەی نەترسـین. وێـڕای ئەمـەش، تـەواوی تیئـۆرەی ئـەدیبانی شـۆڕەوی کـە »راسـتەقینەخوازی سۆشیالیـستی« پێدەڵێن، بە تەواوی حەوا دراوو مەحکوم نەبوو. لەبـەر ئـەوەی بـۆ وێنـە لـە ئەدەبیشدا دژبە ئـەو فەلـسەفە ناڕاسـتەی کـە بەرەبـەرە پەیکـەرەی هـەموو شتێ، تەنانەت شێعر و چیرۆکشی پیس کردبوو، دەبایە کارێك کردرابایە.

دژایەتی ئەم شێوازە دەگەڵ نەزیلـەکانی ئەوپـەڕی سروشـتی و خەیاتـەکانی دژ بە جیهانی سەڵت و سـەرەوقوون کەپێویـستی ئـەم نەزیلانەیـە، هـەروەها خەباتەکەی دەگەڵ شێتی بێ مەبەستیان سـووتان و برژانـە ئەویندارانـەکان دەیتوانی کارتێکردنێکی باشی هەبێ.

لێرەدا ئیدی مەڕام و ئامانجـە خەڵەتێنـەرەکان و ئوسـتوورەکان کرێارێکیـان نیە. ئەدەب تەنیا هەر بارو دۆخی ئینـسان و ئـەو جیهانـەی کـە ئینـسان لـە گەڵیدا لە شـەڕدایە دێنێتـەگۆڕێ. دەسـتەو داوێـن بـوونی جـادو، ئـایین یـان فەلـسەفە بـۆ هـەر »ئەوپـەڕی ڕۆحانیـەتێك«ی جیهـانی شـیاوی دیـتن و

PDF4Kurd



بەرهەستی ئێمە، دەگەڵ »بایەخەکان«ی سەر زەوی کۆمەڵگای بۆرژوازی ون بوون. نێوەرۆکەکانی باوی رۆژ و ناهومێدی و پووچی، لەمڕۆدا بە نێوی بیانووی ساویلکانە ناسراون. بەم پێیە، ئیلیا ئێرنبۆرگ نووسەری شۆڕەوی مەترسییەکی نەبوو کە ئانەن لە پاش شەڕ بووی: نیگەرانی، شەرم و شوورەیی نیزامی سامانخوازییە، ئێمە هەمیسان ساز دەکەینەوە.

لەهەمبەری ئەم یاسایانەدا، جێی بوو بە هیوای بین کە ئینسان و شتەکان، لووکاچ وتەنی، لە پیسی و ناحەزی خەیاڵپەرەستی پاک کرێنەوە و لە ئاکامدا بتوانن هەروەکوو هەن دەرکەون. راستەقینە ناتوانێ چ دی بۆ جێیەکی دیکە بگوێزرێتەوە، بەڵکوو هەر ئێستا دەمێنێتەوە، ئەویش بەبێ تەم ومژ. سەلماندنی جیهان چ دی لە واتایەکی دژوار و نامەعلوومێکی تایبەتدا ناگونجێ، لەمەوبەدووا، هەبوونی جیهان بە تەنیا هەر لە هەبوونی بەرهەست و بەردینە و ماددی خۆیدا دەبێ. لەمەوبەدووا لەوپەڕی دیدەنیەکاندا، بێج لەو شتەی بە هەستەکانی خۆمان هەستی بکەین، شتێکی دیکە هەبوونی نابێ. ئێستا تەماشای ئاکامەکەی بکەین: دەستکەوتی راستەقینەخوازی سۆشیالیستی چیە؟ ئاشکرایە کە ئەمجارە باشەکان بە باش و خەرابەکان بە خەراب دادەندرێن. بەڵام ئەزقەزا ئەوتۆییەکی کە بۆ کێشە ئاشکراکانیان هەیە، پێوەندی دەگەڵ ئەوشتەی کە ئێمە لە جیهاندا دەیدینین، نیە. ئەمە چ پێشکەوتێکە کە بۆ هەڵاتن لە لفودووانەیی رووالەت و جەوهەر »شوناسە«، پەنابەری خێروشەڕی (مانەوی)[1] خوازی بین؟ لەمەش پڕمەترسیتر هەیە. لەو چیرۆکانەدا کە زۆر ساویلکانە نین، لە هەمبەری ئینسانە راستی نوێنەکان و لە جیهانێکی چەندلایەنە و خاوەن

---

[1] - مانەوی= بە پێی ئاینی مانی پێغەمبەر

PDF4Kurd



هەبوونی بەرهەستدا رادەوێستێن و بەپێچەوانەی هەموو شتێ، بۆمان دەردەکەوێ ئەم جیهانەو ئەم ئینسانانە بۆ شیکاریکردن و راڤەیەك درووست کراون. ئەڵبەت نووسەرانی ئەم بەرهەمانە مەبەستەکانی خۆیان حەشار نادەن: ئەمانە دەیانهەوێ، لە پێش هەر کێشەیەکی دیکەدا، کردەوەگەلی مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رامیاری بەرۆك و راستییەکی گونجاوی هەرە زۆرەوە بەرجەستەکەنەوە. لە حاڵێکدا لە روانگەی ئەدەبەوە، راستییەکانی ئابووری و تیئۆرەکانی مارکسیستی سەبارەت بە بایەخی زیادینە و داگیرکردنی سامانی دیتران لە رێزەی جیهانە ئەوپەرییەکانە. چما چیرۆکی نووسەرانی پێشکەوتنخواز راستەقینەیەکی بێج لە سەبارەت بەم لێکدانەوەی ئاشکرای جیهانی شیاوی بینین و ساختەو پاختە و ئەزموونکراوو سەلماندراوەی نابێ هەبێ، دەیجا ئەی هێزی دۆزینەوە یا داهێنانی ئەم چیرۆکانە دەبێ بەچی؟ بەتایبەت کە ئەمەش چەشنێکی تازەی دیکەیە بۆ رەفزی متمانەترین تایبەتمەندی جیهان" یانی راستەقینەی راستوسانای ئەو، هەبوونی ئەو. راڤەیەك هەر چی بێ، بێج لەوەی بەرەو رووی شتەکان راوێستێ، هیچیتر نیە. هەر تیئۆرە و بیرۆکەیەك سەبارەت بە دەوری کۆمەڵایەتی شتەکان، چما بەسەر وەسفی ئەوانیدا هەبێ، بێج لەوەی روخساری ئەوان بەرێتە تەم و مژەوە، یان نموونەی لە قەوارە دراوی ئەوان بنوێنێ، راست وەکی هەمان شێوازی تیئۆرە کۆنەکانی رۆحی و ئاکارییان چەشنی نمادخوازی »سەمبۆلیزم«ی نەزیلەکان، کارێکی لە دەست نایە.

واتای کورتەی کەلام ئەوەیە کە راستەقینەخوازی سۆشیالیستی هەوجێی بە هیچ چەشنە توێژینەوەیەك لە چیرۆکدا نیەو، لەسەر هەرچەشنە نوێخوازی و

PDF4Kurd



داهێنانێکی نوێ لە تەکنیکی هونەردا لەوپەڕی بەدگومانیدایە و بەوچەشنەی هەموو ڕۆژێ دەیبینین، خەرابترین چەشنی دەربڕینی بۆرژوازیی دەگەڵیدا سازاوە و حاواوەترە. بەڵام بەینێکە لە شۆڕەوی و باقی کۆمارە کومۆنیستییەکاندا، هونەرمەندان هەست بە نارەحەتی دەکەن. ئەو سەرۆکانەی لێیان حاڵی بووبێ بە هەڵەچوون کەمن و بە ڕواڵەتدا، توێژینەوە »ئەزموونگار«ییەکان سەبارەت بە بینا »ساختار« و زبانی چیرۆك، باوەکوو لە سەرەتادا هەر دڵخوازی ئەهلی فەن بێ، ئەوەندەیش وا پارتی شۆڕش بیردەکاتەوە، لە خۆڕایی و بێکەڵکە نیە.

بەم پێیە لە کێشەی بەرپرسێتی شتێکی گرینگ و ئەوتۆ نامێنێتەوە. »سارتەر« کە مەترسی ئەم ئەدەبە ئاموژگاریخوازەی دیتبوو، نووسەرانی بەرەو لایەنگری لە »ئەدەبی ئاکاری« هاندا، کە بە بڕوای ئەو تاقە داواکاری وەخەبەر هێنانی ئەو ئاگادارییە ڕامیارییەن کەرێگەی هێنانە گۆڕێی کێشەکۆمەڵایەتییەکان و،دووری کردن لە شێوازی پڕوپاگەندە و ڕێنوێنی بەرە و فیکرە لە قەوارە دراوەکان یان گەڕاندنەوەی ئازادی خوێنەرن.

ئەزموون نیشانیداوە ئەمەش خەیاڵێکی باتڵ و هیوایەکی لە خۆڕایی بووە: لە گەڵکوو فیکری بڵاو کردنەوەی بابەتێکی بێج لە هونەر لە زەینی هونەرمەنددا قوت دەبێتەوە، ئەدەب بەرەبەرە دەکشێتەوە و لە چاو ون دەبێ.

دەسا تاقە واتایەکی کە بەرپرسێتی دەتوانێ بۆ ئێمەی هەبێ، دەیگەڕێنینەوە بۆ خۆی: بەرپرسێتی لەبری ئەوەی خاوەنی شوناسەی ڕامیاری بێ، لە ڕووانگەی نووسەردا ئاگادار بوونی تەواو لە کێشەکانی زبانە“ بڕوا بە بایەخی زۆرگرینگی ئەم کێشەیە و جێبەجێ کردن و چارەسەرکردنی

PDF4Kurd



ئەمەیە لە ناو خۆدا. لە بۆ نووسەر، تاقە رێگـەی هونەرمەندمانـەوە ئەمەیـە. بەڵکەم رۆژێك ئەم کارە، لە رێگەی ئاکامێکی نامەعلووم لە کارێکی دیکەداو، بەڵکەم لە کاری شۆڕشدا بەکەڵکە بێت.

٤ـ روخسار و ناوەرۆك:

دەبایـەخالێك لایـانگرانی راسـتەقینەخوازی پـەرۆش کردبایـە، لێکـچوونی تەواوی بورهان و وشەگەل و بایەخەکانی ئەوانە دەگەڵ بورهان و وشەگەل و بایەخەکانی رەخنەگرانی هەرە کللەڕەقی بۆرژواییدا. بۆوێنە کاتێك باس لـە سەرجیا کردنەوەی »فۆرم=روخسار«ی چیرۆك لە »نێوەرۆك«ی ئـەوە" یـانی ئەو کاتەی تایبەتمەندییەکانی شێوازێك وەکوو هەڵبژاردنی وشەگەل و نەریت و دامەزراندنی ئەو، دەکارکردنی زەمانی رێزمانی، دەکار کردنی جێ ناوەکان و، بینای گێڕانەوەیەك لە هەمبەری چیرۆکێك دادەنـێن کـە لـە قـەوارەی ئـەم تایبەتمەندیانـــەدا دەگێڕدرێتـــەوە" وەکـــوو رووداوەکـــان، کـــردەوەی کەسێتییەکان، هۆی ئەم کردەوانە و ئاکامی ئاکاری چیرۆك.

تەنها جیاوازی نێوان ئەدەبی رازاندنەوەی مەجلیسانی رۆژئـاوایی و ئـەدەبی وڵاتـانی رۆژهـەڵات، لـە چەشـنی فێرکردندایـە. ئـەویش ئەوەنـدی خۆیـان داواکارن، جیاوازییان نیـە. لێگـەڕێین، بـەپێی روانگـەی هاوبەشـی ئـەم دوو هۆردووگا دژ بەیەکە، گرینگترین یاساو خـاڵی هـەر چـیرۆکێك، ئەوداسـتانەیە کـە دەگێڕدرێتـەوە. چیرۆکنووسـی بـاش ئـەو کەسـەیە »داسـتان«ی جـوان بخـولقێنێ، یـان ئـەم داسـتانانە بـاش بگێڕێتـەوە. لـە روانگـەی هـەردووك دەسـتەوە، »چـیرۆکی گـەورە« تاقـە ئـەو چـیرۆکەیە کـە مەبەسـتەکەی داسـتانەکە بێنێتـە ژێرتیـشکی خۆیـەوە، داسـتانەکە بـەرەو راسـتییەکی ئینسانی قووڵ و بەرزتر و ئاکارێکیان فەلسەفەیەك بەرێتـە پێشەوە. دەیجا

PDF4Kurd



سروشتیە کە بوختانی »روخسار خواز بگێڕەوەی بڕوایەکە لەسەر داب و نەریتێکی تایبەت سەبارەت بە چیرۆك. نیزامی ئەوانیش، بە پێچەوانەی رووالەتی هەڵخەڵەتێنەی خۆی، لە خۆگری ـ نەك ناحاڵیترین بیروبڕوا ـ لانی کەم لە خۆگری خەرابترین خۆڕافەگەل و خەیاڵی خاوە.

بێج لەمانەش، لە پشت ئاوەها چەشنە بیروڕایەك، چەشنێك سووکایەتی بە ئەدەبی تێدایەکە لە بینینی کەسەوە حەشاردراو نیە. ئەم سووك و چرووك کردنە، چ لەلایەن لایانگرانی رەسمی ئەدەبەوە، یانی ئێشکچییانی هونەر و نەریتەوە دەربڕدرێ، چ لەلایەن ئەو کەسانەوە کە فەرهەنگی جەماوەر بەکەرەسەی بەرزی خەبات دادەنێن، بەقەرای یەك مایەی سەرسوڕمانە.

مەبەستی ئەمانە لە وشەی روخسارخواز بەوردی چیە؟ بابەتەکە ئاشکرایە: سەرنجدانی لە ڕادەبەدەر بۆ فۆڕم، لە چیرۆکیشدا، بەوردی بە واتای تەکنیکی چیرۆکنووسینە، بەزبان و مەبەستی ئەو. دەیجا ئەم پاپۆڕە شکاوە کۆنە، یانی هەمبەر بوونەوەی رۆخسارو نێوەرۆك هێشتا نەخنکاوە؟ دەڵێی پێچەوانەی ئەم باسە راستەو، ئەم تێفکرینە خۆڕافییە ئەوەتانێ لە هەمیشە زیاتر بێداد دەکات.

بەڕاستی بە هەڵکەوت نیە کە زەم و لۆمەی روخسارخوازی لە پێنووسی هەردووك بەرەی دژبە یەکەوە ـکە لەم باسەدا پێکەوە سازاون ـ بەدەردەکەوێ. لانی کەم لە خاڵێکی بنەڕەتیدا پێکەوە هاودەنگن: ئەویش رەفزی مەرجی گەورەی ژیانی هونەر، یانی »ئازادی«یە. تاقمێك هونەریان پێ کەرەسەیەکە لە خزمەت شۆڕشی سۆشیالیستیدا و هیچی دی. تاقمێکی دیکە لە ئەدەبیان دەوێ لە پێش هەر شتێکدا زبانی بارودۆخی ئینسانخوازییەکی تەماوی بێ کە رۆژگاری بە گەشەونەشەی کۆمەڵگایەك

PDF4Kurd



بووە کە ئێستا لەحاڵی داڕماندایە، یانی جەنابگەل ئاخەرین لایانگرانی ئەم کۆمەڵگا لە دۆخی داڕمانەدا.

لە هەردووك حاڵدا، باس لەوەیە چیرۆك داکێشنە خوارەوەو بیکەنە هەواڵێکی نامۆ دەگەڵ چیرۆکدا. کەرەسەی گەیشتنی مەو بایەخەی وا لە سنووری چیرۆك تێپەڕ دەبێ و چاوی بڕیوەتە ئەوپەڕی ئاسمان یا زەوی. ولحاسڵ، کەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی داهاتوو، یان راستییەکی هەرمانی. کەچی چما هونەر چەمکێکە، هەموو شتێکە" دەیجا قنیات بە خۆی دەکا و بێج لەمە هیچ نیە.

هەمووان ئاگاداری شێوەکاریی رەخنەیی ناسراوی رووس هەن. لەم تابلۆیەدا، ئەسپێکی ئاوی، لە دارستانێکدا گۆڕێك »گورخر« پێنیشان ئەسپێکی ئاوی دیکە ئەدات و پێیدەڵێ: »دیوتە، روخسارخوازی ئەمەیە« ژیانی بەرهەمێکی هونەری و بایەخی ئەو سەر بە هەودایەك لێکدانەوەنین کە دەگەڵ سنوور و کەوشەنی ئەودا وێك کەوتنیان هەبێ یان نەبێ. بەرهەمی هونەری بە چەشنی جیهان، روخسارێکی زیندووە: هەبوونی هەیە" دەیجا حەوجێی بە سەلماندن نیە. گۆڕ(گورخَر) راستەقینەیەکە، رەفزی هەبوونی ئەو پەسند و ئاقڵانە نیە. ـ باوەکوو هێڵەکانی لەشی واتایەکی نەبێ ـ هەر بەم چەشنەیە راستەقینەی پارچە مۆسیقایەك، پەردە نەقاشییەك، یان چیرۆکێگ: راستەقینەی ئەوان دەروخساری ئەواندایە. بەڵام واتاو مەبەستی قووڵی ئەم بەرهەمانە، یانی نێوەرۆکی ئەوان، لە ژێر ئەم روخسارەداحەشاردراوە. راستەقینەخوازانی سۆشیالیستی دەبێ لەم کارەدا بێباك نەبن.

PDF4Kurd



هیچ چیرۆکنووسێك ناتوانێ چیرۆكێك بە دوو شێوازی گونجاو بنووسێ. لەوکاتەیدا بیرلە چیرۆکی داهاتووی دەکاتەوە، هەمیشە لە پێشدا نووسینەوەیەکی تایبەت زەینی سەرقاڵ دەکا و دەستی لە ئیختیاری خۆیدا دەگرێ. لە زەین و هەناوی ئەودا، جووڵانەوەکانی رستەکان، مێعمارییە جۆراوجۆرەکان، وشەگەلێکی تایبەت و بیناو دارشتنە رێزمانییەکان هەبوونیان هەیە. راست هەروەکوو شێوەکارێك کە لە سەریدا، چەندان هێڵ و رەنگی هەیە، ئەو رووداوانەی لە کتێبی ئەودا دەقەومێن، لە دووهەم پلەی گرینگیدان، وەکوو بڵێی خولقاوەی نووسینن. لە گەڵکوو بەرهەم گەیشتە کۆتایی خۆی، ئەوشتەی مایەی سەرسوڕمانی خوێنەرە، هەر ئەم فۆرمەیە کە تاقمێك وا دەنوێنن سووکایەتی پێدەکەن. ئەڵبەت زۆرکات خوێنەر ناتوانێ بە وردی مانای فۆرم دەربڕێ" بەڵام لە روانگەی ئەوڕا، هەر ئەم فۆڕمانە جیهانی تایبەتی نووسەر پێکدێنن.

بە هەرکام لە بەرهەمەرێزدارەکانی ئەدەبی فەڕنسی دەکرێ تاقیکارییەك بکردرێ:

بۆوێنە»نامۆ«ی کامۆ لەبەر چاو بگرن. هەر ئەوەندی کورتە ئاڵوگۆڕێك لە زەمانی فرمانەکانی کتێبدا بکردرێ، لە جیاتی یەکەم کەسی تاکی رابردووی گێڕانەوەییدا، کە دەکار کردنەکەی لە تەواوەتی کتێبەکەدا لە بەرچاوە، سێهەم کەسی تاکی رابردووی رەها دابنێین، کە ئاساییترە، جیهانی رازاوەی کامۆ و هەموو جوانی چیرۆکەکە فەوری ون دەبن. هەر بەم پێیە، بەس لە گەڵکوو نەزمی وشەکان لە چیرۆکی »خاتووبوواری«دا بگۆڕێن، زەڕڕەیەك لە تایبەتمەندی نووسەریی فلووبێر نامێنێتەوە.

PDF4Kurd



قەڵس بوونی ئیمە، لە هەمبەر چیرۆکە بەرپرسەکاندا، لەم خاڵەوەیە. ئەم چیرۆکانە چوونکە هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و کێشەکانی سۆشیالیزم دێننە گۆڕێوە، بە شۆڕشگێڕ دادەندرێن. فۆرمی ئەم بەرهەمانە، کە زۆربەیان ئیی سالانی بەر لە شۆڕشی ١٨٤٨ی فەڕەنسین، ئەوانە داوێتە ڕێزەی دوواکەوتووترین چیرۆکەکانی بۆرژوازییەوە مەبەستی راستەقینەی ئەم چیرۆکانە کە دەگەڵ خوێندنەوەی‌دا بەسانایی دەردەکەوێ، ئەو پێوانەیانەی لەم بەرهەمانەوە بەدی دێن، راستەوخۆ وەکی مەبەست و پێوانەی سامانخوازی سەدەی نۆزدەی فەڕەنسی. هەمان ئارمانجە بەشەرخوازەکان، هەمان ئاکارو هەمان ماجووم، کە ئاوێتەیەك لە عەقڵخوازی (راسیۆنالیزم) و رۆحانی خوازی بوو! دەیجا تاقە هەر »نووسین« بەرپرسە. من وشەی »بەرپرس« دەکار دەکەم، چوونکە ئەو کەسانەی بوختان لە ئێمە ئەدەن و دەڵێن ئەمانە دەروەستی ئەرکی نووسەری خۆیان نایەن ـ وەکی دەبێ وابێ ـ ئەم وشەیە بە رەزای هەناو و بەجێ و نابەجێ دەڵێنەوە. قسەکردن لە نێوەرۆکی چیرۆك بە نێوی چەمکێکی سەر بە خۆ و جیالە فۆرم، بە واتای دەر هاویشتنی چیرۆك لە وڵاتی هونەردایە. لەبەر ئەوەی بە واتای وردی وشە، بەرهەمی هونەری خوانچەو مجری نیە کە شتێ لە نێوەکەیدا هەبێ‌یان نەبێ. هونەر پاکەتێك نیە کەرەنگی پڕزریقە و بریقەی تێدا بۆ جوان کردنی مەبەستی نووسەر دەکار کرابێ. هونەر ناتوانێ کاغەزێکی زێڕین بێ بە دەوری پاکەتە قوڕابییەکەوە. رەنگێك بە دیوارێکەوەیان ڕوب و سۆسێکی بە تام و چێژ بۆ خۆشترکردنی خوراکەماسییەك. هونەر مل بۆ هیچ حوکمێ لەم حوکمانە دانانەوێنێ، هەر وەکوو لە هیچ دەورێکی تەدارەك گیراودا یاری ناکات. هونەر پاڵ بە هیچ

PDF4Kurd



ڕاستییەکەوە، کە لە پێش ئەودا هەبوونی بووبێ، نادات. دەتوانێ بوترێ هونەر کارێکی بێج لە گێڕانەوەی حاڵوباڵی خۆی نیە. هونەر بۆ خۆی هەنگاو بۆ ئافراندنی میزانبوونی خۆی و مانای خۆی هەڵدێنێتەوە. وەکوو ئەو گۆڕەی واله سەر لاقی خۆی ڕاوێستاوە، دەنا دەکەوێ.

بەم چەشنە، بێ بایەخی زاراوەی خۆشەویست و دڵخوازی ڕەخنەی سەلەف بەرچاو دەکەوێ: »فڵانەکەس قسەی بۆوتن هەیە و باشی دەر دەبڕێ« بڵێی بە پێچەوانەوە ناکرێ بڵێین نووسەری ڕاستەقینە قسەیەکی بۆ وتن نیە؟ نووسەر تاقە شێوازێکی بۆ نووسین هەیە. نووسەر دەبێ جیهانێك بخولقێنێ. بەڵام ئەم جیهانە لە هیچەوە دەست پێدەکا و لە تۆزو خۆڵەوە....

لەم حاڵەدا، ڕەخنە لە ئێمە دەگرن کە خەریکی کارێکی لە خۆڕایی و بێکەڵکە بووین، بەم بۆنەیەوە کە ئێمە سەربە شوێنێك نیین. ڕەخنەگری ڕەنگین نامەیی، هونەر بۆ هونەر پەسند ناکات و تاریفاتی ناکا. چوونکە هونەرێکی ئاوا بە یادهێنەرەوەی کایەو تەڕدەستی و کات ڕابواردنە. بەڵام »پێویستی« ئەو شتەی بەرهەمی هونەی لە پێوانە ئەو ئەدرێ، پێوەندییەکی بە »بەکەڵکبوون«ە وەنیە. پێویستیی هونەر کێشەیەکی ناوخۆییە“ بەڵام ئەو کاتەی یاسای بڕیارنامەکان لە دەرەوە دادەندرێن، ئەم پێویستییە بە کارێکی لە خۆڕایی دادەندرێ: بۆوێنە وەکوو وتوومانە: بەرزترین هونەر، بەڵکەم لە هەمبەری شۆڕشدا هەنگاوێکی سەلبی و تەنانەت گاڵتەجاڕ دێتە بەرچاو.

دژواریان بە وتەیەکی دیکە“ نەگونجانی ئافراندنی هونەری، لەم خاڵەدا حەشاردراوە: بەرهەم دەبێ پێویست بوونی خۆی بنوێنێ. بەڵام پێویست

PDF4Kurd



بوونی تەواو، نەك پێویست بوون بۆ هەبوونی چەمکێکی دیکە. مێعماری هونەری بەکاری هیچ نایە، هێزەکەی هێزێکی لە خۆڕاییە. چما ئەم قسە ئاشکرایانە لە مرۆدا سەبارەت بە ئەدەب سەیر و سەمەرە و دژ بە نەریت دەنوێنێ، لە حاڵێکدا هەر ئەم بیروڕایە بۆ وێنە سەبارەت بە مۆسیقا درووستە، هەر بە سۆنگەی ئەمەوەیە لە دونیای ئەمڕۆییدا ئەدەبیش لە خۆی نامۆ بووە. ئەم لە خۆ نامۆ بوونە، کە زۆربەی نووسەرانی تەنانەت بەبێ ئەوەی خۆشیان ئاگەداربن بە ئەستۆی دەگرن، لە لایان زۆربەی نێزیك بە هەموانی رەخنەگرانەوە دەپاراسترێ و رادەگیرێ: لە پێشەوەی هەموانی ئەم رەخنەگرانی چەپی توندڕۆن، ئەمانە داواکاری ئەوەن کەلە گشت بەستێنەکانی دیکەدا، بەدژی نامۆ بوونی ئینسان لە خۆی خەبات دەکەن. ئێمەش دەبینین کە بارودۆخ لە وڵاتە سۆشیالیستییەکاندا خەراپترە" لە بەر ئەوەی دەڵێی رزگار بوونی کرێکاران لەوێدا قسەیەکی تەواوە بوویە.

ئەم چەشنە لە خۆ نامۆ بوونە، وەکی هەر چەشنێکی دیکەی ئەو، ئەڵبەت دەبێتە هۆی پێچەوانە بوون و سەرەونخوون بوونی سەرپاکی بایەخەکان و وشەکان" بە چەشنێك کە راوێستان دژ بە ئەو زۆر دژوار دەبێ و ئینسان لە دەکارکردنی راستی وشەکاندا دەکەوێتە گومانەوە. بۆ وێنە زاراوەی »فۆرم =روخسارخوازی« دۆخێکی ئاوای پەیدا کردووە. ئەم وشەیە، بەواتا ناحەزەکەی، هەر وەکوو »ناتالی سارۆت«[1] پێنیشانی داوە، دەبێ هەر سەبارەت بە نووسەرانێك دەکارکرێ کە سەرنجی لەرادەبەدەر ئەدەنە

---

[1] - ناتالی سارۆت: نووسەر و رەخنەگری نوێخوازی فەڕەنسی، لە دەستەی نووسەرانی نوێی فەڕەنسی و خاوەن »دەنگیان دەبیسی« و »سەردەمی بەدگومان بوون«

PDF4Kurd



نێوەرۆکی بەرهەمی خۆیان. چوونکە ئەمانە، لە بۆ بەرجەستە بوونی نێوەرۆکی بەرهەمی خۆیان، بە ئانقەستە لە هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەك لە نووسیندا دوورە پەرێزی دەکەن. لە بەر ئەوەی دەترسێن لێکۆڵینەوەکەیان ناپەسند بێ یا ببێتە هۆی سەرسوڕمان" دەیجا فۆڕم، یان بە وتەیەکی دیکە قەوارەیەك هەڵدەبژێرن کە لەمەوبەر تاقی کراوەتەوەو، هەروەها هەموو هێزو توانا و ژیانی خۆی لە کیس چووە. روخسارخواز ئەمانەن" چوونکە فۆرمێکی حازر و رزیویان هەڵبژاردو وە کە ئیتر قەوارەیەك زیاتر نیە و بەم قەوارە بێگیانەوە نووساون.

خوێنەریش، بە پەلەپەل، سەرنجدان لە روخساری پێ کارێکی ئیشك و بێ کەڵکەیە، بەڵام چما تەقالای رووالەتی، ئافراندن و لێکۆڵینەوە بێ، نەك حوکمی رێکار، کارێکی ئاوا بە بێ سەمەر نیە.

ئیشکبوونی روخسارخوازی بەڕاستی بەرهەمی رێزدانان بۆ یاسا کۆن و ڕزێوکانە. کاتێ تەماشای بیرەوەری و نامەکانی هەموو نووسەرانی ئەم سەدساڵەی دوایی دەکەین، ئەمە دەردەکەوێ کە سەرنجی هەمیشەیی ئەوان، یانی هەموو هەست و سۆزیان و چاوەنواڕی ئەوان و ژیانیان، ئەزقەزا لە پێناوی ئەم روخسارەدا بووە و مانەوە و بەردەوامی بەرهەمەکانیان پاڵی بە ئەو روخسارو فۆڕمەوە داوە.

PDF4Kurd



# چیرۆکی نوێ، ئینسانی ڕێبازی نوێ

لةم سالَانةي دوواييدا، سةبارةت بة ضيرؤكي نوي وتاريكي زؤر نووسراوة. لة نيو رةخنةكاندا، تةنانةت لة نيو تاريفاتةكانيشدا، بةداخةوة هةلَة و بةدحالَيبوون و سانازماردنيكي وةها كراوة، كة لة ئاكامدا، بؤتة هؤي ثيكهاتني تيفكرين و بيروڕايةكي ناڕاست لة زةيني خؤينةردا. بةو ضةشنةي كة ئةمڕؤ ضيرؤكي نوي دةلَيبؤ خؤينةر هةمان واتايةكي هةية كة ثيضةوانةكةي بؤ ئيمةي هةية.هةر بةم هؤيةوة، بةس ثيويستة سةرخةت

PDF4Kurd



و تيتري ئةو بيرؤكة ناراستةي وا لةو ثينووسانةوة هةلَقولاَوة و بة سةرزاراندا بلاَو بؤتةوة، بدةينة بةر سةرنج هةتا وةسفي بةرجةوةنديكي روونمان لة بزاظي خؤمان كردبي.

هەر جارێك کە دەمگۆسازانی ئەدەب، بە یارمەتی خەیالاّتکردنی خۆیان، مەبەست و چەمکی سەیروسەمەرە لە کارەکانی ئێمەدا هەڵدەکرێنن، یان مەبەستێکی ناڕاست بە ئێمەوە دەلکێنن، فلاّنە ڕەخنەگری شارەزای ئەم هونەرە، ئەم دەمگۆیانە زەق دەکەنەوە و خۆشیان پەرەی پێئەدەن، بە بیٚ هیچ گومانێك دەتوانین بلێین مەبەستی ئێمە تەواوەن پیٚچەوانەی ئەوەیە.
بەلاّم مەبەستەکانی ئێمە: ئەڵبەت دەقەکانی ئێمە بە دەست هەمووانەوە هەن، بەڵگەی دادوەریش هەر ئەم دەقانەیە" بەلاّم ئاشکرایە کە نووسەران خۆیان مافی دادوەری لە سەر دەقی خۆیانیان نییە. بەلاّم، هەر بە سۆنگەی ئەم »مەبەستانە«ی خۆمانەوەیە کە مەحکوممان دەکەن. ڕەخنەگرانی چیرۆکەکانی ئێمە داواکارن کە ئەم چیروکانە هەڵقوڵیوی ئەندیشەی خەسارەساز و کاول کەرەوەی ئێمەن.
تاقمێکی دیکە ڕایان وایە کە چیرۆکەکانی ئێمە باشن، لە بەر ئەوەی دەڵێی ئەم چیرۆکانە دژ بە تێفکرینەکان و بیرۆکەکانی خۆیان نووسراون. دەیجا تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی نویٚ بە پێی ئەم دەنگویانە بەم چەشنەیە:
١ـ چیرۆکی نویٚ، نەریتێکی تازەی بۆ چیرۆکنووسین لە داهاتوودا دامەزراندووە.
٢ـ چیرۆکی نویٚ پێنووسی »باتڵ کرا«ی بە سەر نەریتی چیرۆکنووسیندا کێشاوە
٣ـ چیرۆکی نویٚ دەیهەویٚ دەوری ئینسان لە سەر لاپەڕەی جیهان بشواتەوە
٤ـ چیرۆکی نویٚ چاوی هەر بە سەر »دەرەکی بینینی ڕەها«وەیە

PDF4Kurd



٥- چیروکی نویێ زۆر دژوار دەخوێندرێتەوە و واتای دەردەکەوێ و تایبەتی شارەزای ئەم هۆنەرەیە. لە حالێکدا، وێڕای لە بەرچاوگرتنی واتای پێچەوانەی هەرکام لەو وتانەی سەرەوە" باشتر وابوو تایبەتمەندی چیرۆکی نویێ ئاوا راڤە کرایە:

١- چیرۆکی نویێ بیرۆکە و تیئۆرەیەك نا، بەڵکوو توێژینەوەیەکە:

چیرۆکی نویێ نەریتێکی تازەی بنیات نەناوە" باسی »قوتابخانەی ئەدەبی« بە واتای سنوورداری ئەو لێرەدا لە گۆرێدانیە. ئێمە خۆمان" باشتر لە هەموو کەس دەزانین کە لە نێوان دەقەکانی ئێمەدا ـ بۆ وێنە لە نێوان دەقەکانی من وکولوودسیموونداـ جیاوازیيەکی بەرچاو هەیە.

بیروڕای ئێمە وایە کە دەبێ هەر واش بێ. چما بڕیار وابوو هەردووکمان شتێك بنووسین، ئیدی هەوجێ بەوە چ بوو هەردووکمان نووسەر بین؟ چما ئەم چەشنە جیاوازیيانە هەمیشە لە نێو»قوتابخانە ئەدەبیەکان«دا هەر نەبووە؟ لە هەر کام لەم بزاڤە ئەدەبییانەی مێژووی ئێمەدا،. دوو لایەنی هاوبەشی زەق لە بەرهەمی نووسەرانەوە بەدەر دەکەوێ:

یەکیان مەبەستی راکردن لەیەکرەواڵ بوون و ئیشك بوونە، ئەوی دیکەش هەوجێ بۆ جۆرانجۆری و ئافراندنی »شتێکی دیکە«یە. هونەرمەندان لە چ کارێکدا،بێج لە رەفزکردن و شکاندنی قەوارە کۆنە باتڵ کراوەکاندا کە کۆنەخوازان دەیانهەویست بە سەر ئەوانیدا داسەپێنن، وەکۆ بوونەوە و یەك گرتووبوون؟ لە هەموو بەستێنەکانی هونەردا، هەمیشە قەوارەکان دەژین و کۆن دەبن و دەمرن. هەمیشەش دەبێ بگۆڕدرێن: دارشتنی چیرۆك بە شێوەی سەدەی نۆزدەکە سەد ساڵ لە مەوبەر بە خودی ژیان حەلێب بوو، ئیدی لەمڕۆدا شتێ بێج لە زمانبازی و کۆپلەسازی پروپووچ نییە، هەر بە کاری لاسایی کردنەوەی گاڵتەجاڕ و خەم و خورپە سازیش بێ.

بەم چەشنە، ئێمە نەك نەریت و حوکمێکی بەبێ هەڵەمان بۆ دیتران یا بۆ خۆمان دانەناوەو، پێداگرییەکمان سەبارت بە تێرمانی خۆمان نیە، بە

PDF4Kurd



پێچەوانەوە، لە تێکۆشانماندا دژ بە ئیشکی و پێداگری یەك گرتوو بووین. بە تایبەت لە فەڕانسادا، پێوانە و یاسایەکی کۆن سەبارەت بە چیرۆك هەبوو و ئێستاش هەیە کە تاقمێکی زۆری خەڵك دەیسەلمێنن.

لە هەمبەری هەر کتێبێکدا کە ئێمە بڵاومان کردۆتەوە، یاسا کۆنەکان وەکی لەمپەرێکی ئاسنین سەرەڕێیان لێگرتووین. بە ئێمەیان دەووت: »ئێوە خۆ کەسایەتی یەکتان نەخولقاندووە دەیجا چیرۆکی ڕاستەقینەتان نەنووسیوە«، »ئێوە خۆ حیکایەتێك نالێن، دەیجا چیرۆکی ڕاستەقینە نانووسن.« »ئێوە خۆ ئاگار و تایبەتمەندی‌یان شوێنێکتان شی نەکردۆتەوە، حەز و سۆزی ئینسان شی ناکەنەوە، دەیجا چیرۆکی ڕاستەقینە نانووسن.«...

بەڵام ئێمە تاوانبار کراوین بیرۆکەسازی و یاسانووسین دەکەین، بە پێچەوانەی ئەمانە، تەنانەت نازانین چیرۆکی ڕاستەقینە چۆن پێکدی. هەر ئەمەندە دەزانین کە چیرۆکی ئەمڕۆ هەر ئەوەیە وا »ئەمڕۆ« دەنووسریٚ“ هەوجێی بەوە نییە وەکی چیرۆکی دوێنێی بنووسین. ئەرکی ئێمە ئەمەیە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە هەڵگرین.

٢ـ چیرۆکی نویٚ کارێکی بێج لە پێملبوون بە ئالۆگۆڕی هەمیشەیی چیرۆکنووسین نیە: ئەم گومانەی کە دەڵیٚ:

- چیرۆکی ڕاستەقینە لە سەردەمی بەلزاکدا، بە جارێك بۆ هەمیشە، بە چەکی یاسایەکی ورد و تایبەت چەکدار بووە ئیشکاوە و ڕەق ڕاوەستاوە- ئەمە هەڵەیەك زیاتر نیە. گۆڕانکاری چیرۆك، نەك هەر لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە شیاوی دیتن بووە، بەڵکوو بە وتەیەك، ڕاستەو ڕاست هەر لە سەردەمی بەلزاکەوە دەستی پێکردووە. چما خودی بەلزاك ئاماژە بۆ »تەم ومژ« لە »خانەقای پاڕم(١)«دا ناکات؟ ئەمە روونە کە شەڕی واتیرلۆ، بەو چەشنەی ستاندالٚ وەسفی دەکا، لە هەمان سەردەمدا، ئیدی لە ڕێزەی

PDF4Kurd



نەریتی دابینکراوی بەڵزاك لە کاری چیرۆکنووسیندا نیە. لەوە بەدووا، کافکا، جۆیس، فاکنەر و بیکێت... سەر قافڵەی ئەم ئاڵۆگۆڕەن.

ئێمە لەبری ئەوەی پێنووسی »باتڵبوو« بەسەر نەریتەکاندا بکێشین، بەساناترین لەون سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرقافڵەکانی خۆمان پێکهاتووین. هۆی ئێمە هەردرێژەدانی ڕێگەی ئەم پیاوچاکانەیەئێمە نامانەوێ دەقێکی باشتر بخولقێنین. ئاخە، »دەقی باشتر« بە گشتی بێواتایە" بەڵکوو ئەوەی دەینووسین لە بەستێنی بەدوداچوونی پێشقەراوڵانی گۆڕانکارییە. لەو لاوە، بینای چیرۆکەکانیشمان سەرسوڕهێنەر نیە. مەگەم لەواندا بە شوێن شتی وا بکەوین کە سیچل ساڵێکە بەڕاستی لە بەستێنی چیرۆکی زیندوودا ون بوون، یان لانی کەم، بە چەشنێکی سەیروسەمەرە تێدا چوون:

وەکوو لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکان، ڕووداوە نووسین، لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و... وەلحاسڵ، چیرۆکی نوێ لانی کەم ئەم شیاوییەی بوو کە تاقمێکی زۆر لە خوێنەرانی خۆی، کە ڕۆژبەڕۆژیش زیاتر دەبن، لە ئاڵوگۆڕی گشتی چیرۆکنووسین ئاگادار بکات، ئەویش لە کاتێکدا کە لە ڕەفز و حاشاکردن لەم ئاڵوگۆڕە پێداگری دەکرێ و، بەرهەمەکانی کافکا، فاکنەر و دیتران لە ڕیزەی چەندان چەشنی بەرگومانی سەلبیدا دادەنێن.کەچی ئەمانە چیرۆکنووسانی گەورەی سەرەتای ئەم سەدەیەن.

بیست ساڵێکە کە بە بێگومان ئاڵوگۆڕی ئەدەب دەورێکی خێراتری بینیوە. بەڵام هەمووان پێی پیدادەنێن کە ئەم خێرابوونە تایبەتی بەستێنی هونەر نییە. چما برێجار خۆێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکی نوێ نارەحەت بێ لەوانەیە کە بیناکۆنەکان و ئاینە پەك کەوتەکان هەمووان لە دەوروبەری ئەودا دادەڕمێن و ئینسان لە شوێنگەی ژینی خۆیدا یەخسیری سەرلێشێواوی دەبێ.

٣- چیرۆکی نوێ هەر گیرۆدەی ئینسان و بارودۆخی ئەو لە جیهاندایە:

PDF4Kurd



لەبەر ئەوەی لـە دەقـی ئێمـەدا نیـشانێك لـە کەسـایەتی بـەواتای بـاوی ئـەم وشەیە نیە، تاقمێك بە پەلە بەم ئاکامە گەیشتن کە لـەم دەقانـەدا هـەبوونی ئینـسان هـەر هـیچ لـە گۆڕێدانیـە. ئاشـکرایە کـە کتێبـەکانی ئێمـە بـەوردی ناخوێندرێتەوە، ئەگینا لە هـەر لاپـەڕەو دێڕ و وشـەیەکیدا ئینـسان حـازر و نـازرە. تەنانـەت چـما لـە دەقـەکانی ئێمـەدا شـتگەلێکی زۆر بـە وردی وەسفکراون، هەمیشە و لە سەرتاوە بینـایی ئینـسان سـەرقاڵی بینـینی ئـەم شـتانەیە: تێفکـرینی ئینـسان ئەوانـە دیـسانەکەش هەڵدەسـەنگێنێتەوە و، سۆزەکانی ئینسان روخسارێکی تازەیـان ئـەداتێ: شـتەکانی چـیرۆکی ئێمـە هەرگیز لە دەوەرەی بازنـەی فـام و حـاڵیبوونی ئێمـەدا هـەبوونی دەرەکـی نییە. ئەم شتانە دەگەڵ شتگەلی ژیانی رۆژانەماندا شـیاوی بـەراورد کـردنن، بە چەشنێی وا کە لە هەرکاتدا رۆحی ئێمـە ئێخـسیر دەکـەن. چـما »شـت = شًیءٍ«، بە واتای گشتی بێنینە بەرنەزەر »بـە پێـی راڤـەی فەرهـەنگ، شـت بریتی لە هەر شتێکە کە بەسەر هەستەکانی ئێمەدا رەنگدانەوەی هەبێ«.

سروشتییەکە لە کتێبەکانی مندا باس هەر لە »شت«بێ. لە ژیانی مندا، هـەم ئامێرەکانی ژوورەکەم هەم ئەو قسانەی دەیبیستم و هەم ئـەو ژنـەی خۆشـم دەوێ و جوڵانـەوەو هـاموشـووکانی ئـەو، هـەموان »شـت«ن. بەواتایـەکی گشتیتر »هەمیسان بەپێی تاریفکردنی فەرهـەنگ، هـەر شـتێك زەیـنی ئێمـە سەرقاڵی خۆی کات »شت«ە« بیرەوەری ـ کە بەودا بۆ ڕابردوو دەگەڕێمـەوە ـ خەریتەش ـ کـەمن لـە بـارودۆخی شـتەکان لـە داهـاتوودا بـە ئاگـا دەکـات، هەردووك »شت«ن:

چما بڕیار بدەم بچمە قەراغ زەریا، لە پێشدا زەریا و لێوارە لە زەینی خۆمـدا سازدەکەم. هەر خەیاڵاتێکی دیکەش بەشت حەلێبە. بەڵام ئەوشـتەی خـەڵك پێیان »شتەکان«ە، هەمیشە لە چیرۆکەکاندا زۆروزەبـەن هـەبوونیان هەیـە. ئەوەندەی بەڵزاك بێنینەوە بەر زەین: ماڵەکان، کەرەسەی ماڵ، لیباسەکان، جەواهێر و کەلوپەلی مووبەق و دام و دەزگاکان، هەمووان لـە بەرهەمـەکانی

PDF4Kurd



ئەودا بەوەها ویست و وردبینیکەوە وەسف کراون کە هیچیان لە دەقە نوێیەکان کەمتر نیە.

چما وەکوو دەڵێن، ئەم شتانە لایەنێکی ئینسانی باشتریان هەیە، بەسۆنگەی ئەمەوە نیە کە وەسفی ئێمە لە ڕادەبەدەر لە لایەنی ئینسانی و دەرەکی خوازی بێبەش بێ، وانیە کێشە ئەمەیە: بارودۆخی ئینسان لە جیهانی دەوروبەری خۆیدا ئیدی هەمان بارودۆخی سەدساڵ لە مەوبەر نیە.

٤- چیرۆکی نوێ سەرنجی هەر بەرەو هەناوخوازی ڕەهاوەیە:

لەبەر ئەوەی کتێبەکانی ئێمە لیپاولیپی شتەکانن و، ئەم کارەش سەیر دێتە بەر نەزەر، لە وشەی دەرەکیخوازی کە لە لایەن تاقمێ ڕخنەگرەوە وەکوو تایبەتمەندییەکی ئەم کتێبانە باس کراوە، غولێکیان سازکردووە. لە حاڵێکدا ئەم وشەیە خاوەنی واتایەکی تەواوەن تایبەتە: دەرەکیخواز یانی مەیل بەرەو دەرەوەی شتەکان. ئەم وشەیە کە واتای ئاسایی ئەو، یانی بێ لایەن و نادەربەست و بەبێ مەبەست دەکارکراوە، شتێکی گاڵتە جاڕی لێدەرچوو، لە دەقەکانی مندا ئینسان نەك هەر وەسفی هەموو شتێ دەکات، بەڵکوو ئەم ئینسانە لە هەر بینەرێك کەمتر بێلایەن و بێ مەبەستە. ئەو هەمیشە دەگەل ڕووداوەی توندڕۆی سۆزاوی دەستە و ئێخە بوو" تا ئەو ڕادەیەی کە بە هۆی ئەم ململانێ بەر دەوامەوە، زۆرتر گۆشەنیگای خۆی گۆڕیوە و ئێخسیری تاو یاو وورێنە بووە. بەم سۆنگەیەوە، چیرۆکەکانی هەموو دۆستانی من، دەرەکیخوازتر لە بەرهەمی نووسەرێکی وەکوو بەلزاکن. جیهانی بەرهەمەکانی بەلزاك گێ باسی دەکا؟ ئەم ئاخێوەرە٢»ڕاوی و بگێڕەوە« هەمووشت زان و لە هەمووشوێن حازرەکە هەم شتەکان دەبینێ و هەم ڕوخساری ئەوان، بزوتنەوەی ڕوخسار و هەڵچوون و داچوونی هەناوی ئینسان یەکجێ ئەداتە بەر سەرنج و، لەئێستا و ڕابردوو و داهاتووی هەر ڕووداوە یەکیش لە عەینی حاڵدا ئاگەدارە، کێیە؟

حەتمەن خودایە!

PDF4Kurd



داواکـاریی دەرەکـیخـوازی هەرشـیاوی خودایـە ! لـە دەقـی ئێمـەدا، بـە پێچەوانەی ئەمە، ئەو کەسەی وادەبـینێ و هەسـت دەکـات و بیردەکاتـەوە، بەشەرخۆیەتی: ئـەو ئینـسانەی وا لـە دڵـی زەمـان و مەکانـدا جێگیربـووە و پێملی سـۆزە ئینـسانییەکانی خۆیـەتی و ئینـسانێکی وەکـی مـن و ئێوەیـە. کتێبێکی ئـاوا، لـە خـۆگری ئـەزموونی سـنووردار و بێمتمانـەی ئینـسانێکی ئەمڕۆیی و ئێرەییـیە و بگێرەوەی سەربوردی خۆیەتی.

بەبێ گومان، پێویستە ئیدی چـاومان بەسـەر داهێنـانی تـازەدا نەقووچـێنین هەتاکوو بۆمان دەرکەوێ کتێبەکانی ئێمە لە ڕادە و شیاوی هەر خوێنەرێکـە وا خۆازیاری رزگار بوون لە تان و پۆی خۆڕافە باوەکـانی ئـەدەب یـا بیرۆکـە کۆنەکان سەبارەت بە ژیانە.

٥- چیرۆکی نوێ بۆ هەموو ئینسانە پاك تینەتەکان دەنووسرێ. چوونکە لـەم بەرهەماندا، باس لە سەر ئەزموونی تایبـەتی و تاکەکەسـییە، نـەوەك بیـچمە ساویلکەژمێرە متمانـە بـەخش و ـ لـە عـەینی حاڵدا هیـوا کوژراوەکـان ـ کـە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی خەسارە و پێکهێنانی نەریتێکی قـەراردادی بـۆ ژیـان و گێـرە و کێـشەکانی ئینـسانە. چ حـەوجێ بەوەیـە زەمـانی سـاعەتی دیوار کۆ لە چیرۆکدا سازکەینەوە؟

چـیرۆك هـەر پەرۆشـی زەمـانی نینـسانییە. واباشـتر نیـە کـە هـەر بـیر لـە حافیزەی »بیرگە«ی خۆمان بکەینەوە، چون هـیچ دەربەسـتی زەمـان نیـە؟ بۆچی دەبێ بۆ دۆزینەوەی نـاوی کەسـێك لـە چـیرۆکێکدا لاق بـچەقێنین کـە خۆی دەیهەوێ ناوەکەی حەشاردات؟ ئێمە هـەموو ڕۆژێ کەسـانێك دەبیـنین کـە ناویـان نـازانین و لـە تـەواوەتی شەونـشینییەکـدا دەتـوانین لـە تـەك غەریبەیەکدا ئاخافتن بکەین، بە بێ ئەوەی بایەخێکمان دابێتە پێکناسـاندنی خاتوونی خاوەن ماڵ.

کتێبەکانی ئێمە بەوشەو کۆپلەی باو و ڕۆژانە نووسراون و بۆ ئـەو کەسـانەی کاریان ڕاڤەی نەهێنییەبۆش و بـە تـاڵ و حـەوادراوەکان نـەبێ، دژوارییـەکی

PDF4Kurd



تێدانیـە. پـەنجا سـاڵێك دەبـێ کـە ئـەم چەشـنە لێکدانـەوە یانـە لـە بـرەو کەوتوون. ئێمە تەنانەت وایبۆ دەچـین کـە ئەزقـەزا ئـەو میراتـە کولتوورییـە تایبەتەی وا لە ساڵی ١٩٠٠ بەم لاوە هەر لە جێی خۆیدا ماوەتەوە، لەمپـەری حاڵیبوون لـە بەرهەمـەکانی ئێمەیـە. لـە جیـاتیدا، خـەلکی زۆر ئاسـایی کـە ئەزقەزا کافکاش ناناسن، بەومەرجەی مۆخیـان بـە قـەوارە بـەڵزاك ئاسـاکان زایە نەبووبێ، سەرەندەری کتێبەکانی ئێمە دەکەن و جیهـانی دەور و بـەری خۆیـان و تێفکرینـەکانی خۆیـان لـە واندادەناسـنەوە. دەقـی ئێمـە، لـەبری ئـەوەی ئەمانـە سـەبارەت بـە دەلالـەتی درۆیـینی هـەبوون، هـەڵفریوینێ، یارمەتییان ئەدا هەتا لەو کارەدا بگەنە ڕووناکرۆانینێکی زۆرتر.

٦ـ چـیرۆکی نـوێ نیـشانە و دەلیلێکـی سـاختە و پاختـە بـۆ ژیـان پێـشنیار ناکات.

ئێستا دەگەینە پرسیارە نێو دارەکە: بلێی ژیانی ئێمە واتایەکیشـی هـەبێ؟ ئـەو واتایـە کامەیـە؟ پلـەو پایـەی ئینـسان لـەم خاکدانـەدا کامەیـە؟ بلێـی سەرەندەرمان کردبێ کەسایەتی چیرۆکە بـەڵزاك ئاسـاکان بۆچـی ئەوەنـدە متمانەبەخشن؟ ئەوشـتانە ئـی جیهانێـك بـوون کـە ئینـسان خاوەنیـان بـوو، تـەواوی ئـەم شـتانە سـامان و مڵکێـك بـوون کـە بـەس ئەوەنـدی دەویـست داگیریان کەی، ڕایانگری یان وە چنگیان خەی، بەرانبەرییەکی بـەردەوام لـە نێوان شتەکان و خاوەنەکانیاندا هەبوو. جلیقەیەکی ئاسایی نیشانەی خوو و خدەیەکی تایبەتی و هەروەها نیـشانەی پلەیـەکی تایبـەتی کۆمەڵایـەتی بـوو، ئینـسان هـەموو شـتێك و کلیلـی بـوون و نـەبوون و بوونـەوەران، و بـەپیێ رەحمەتێکی خودایی، خاوەنی سروشتی جیهان بوو. لەم گشتە شکۆیە، لـە مرۆدا شتێکی گرینگ و ئەوتۆ نەماوەتەوە. لـە کاتێکدا چینە تێروپڕەکـان، بەرەبەرە، بورهان و قانەکانی خۆیان لـە کـیس دەچـوو، جیهـانی تێفکـرین، بنیاتەزاتخوازەکانی خۆی بەجێ دەهێشت" فنۆمنۆلۆژی »نمودە ناسـین« بـە سـەر مەیدانـەکانی فەلـسەفەدا زاڵ دەبـوو، زانـستە فیزیکـیـەکان جیهـانی

PDF4Kurd



دابڕدابڕیـان ئەدۆزیـەوە، تەنانـەت دەروونناسـیش هاوتـەریب دەگـەڵ ئـەودا ئاڵوگۆڕی قووڵی بەسەردا دەهات.

نیشانەکانی جیهانی دەوروبـەری ئێمـە ئیـدی نیـسبی و کـاتی و دژوازن و لـە هـەر کاتێکـدا ڕەفـز دەکرێنـەوە. دەیجـا، دەقـی هۆنـەری چـۆن دەتـوانیێ داواکـاری پێـشکەشکردنی دەلالـەتێك بیێ؟چـیرۆکی نـویێ، هـەر وەکـوو لـە سـەرەتای وتارەکـەدا وتمـان، »تویێژینـەوە«یەکـە. بـەڵام تویێژینەوەیـەك کـە نیشانەکانی خۆی بەرەبەرە دەخولقێنیێ.

دەپرسن: بلێی راسـتەقینە واتایـەکی هـەبیێ؟ هۆنەرمەنـدی سـەردەمی ئێمـە ناتوانیێ ئەم پرسیارە وەڵام داتەوە. چوونکە هەواڵێکی لەم بابەتە نیـە. ئـەو هەر دەتوانیێ بلیێ: ئەم راستەقینەیە،لە پـاش ماڵگویێزتنـەوە، یـانی لـە پـاش ئەفراندنی هونەری، بەڵکەم ببێتە خاوەنی واتایەك. لە بەرچی ئەم بیروبڕوایە بـە ڕەشبینانـە بناسـێن؟ لـە هەردۆخێکـدا، ئـەم کـارە دژ بـە پێملبـوون و قەناعـەت کردنـە. ئێمـە ئیـدی بڕوایـەکمان نیـە بـەو دەلالەتـە سـاختە و پاختەکراوانـەی کـە نـەریتی ئاسمـانیی قـەدیم و بـە شـوێن ئـەودا نـەریتی عـەقلْخوازی سـەدەی نـۆزدە، دەینایـە بەردەسـت ئینـسان. چـاوی هیـوا و چاوەنواڕیی ئێمـە هـەر لـە ئینـسانە. هـەر ڕوخـسارە خۆلقاوەکـانی ئینـسان دەتوانیێ واتایەك بداتە جیهان.

٧ـ بۆ نووسەر، ئەدەب تەنها بەرپرسبوونەو بەس.

بەم هۆیەوە، داواکاری لایەنگری لە بیروبڕوایەکی رامیاری لە چیرۆکدا پەسند نیـە، تەنانـەت ئەوبیروبڕوایـەی خۆمـان پێمـان راسـت و دروسـتە و لـەژیانی رامیاری خۆماندا لە پێناوی سەرکەوتندا بەربەرەکانـەی بـۆ دەکـەین. ژیـانی رامیـاری بـەردەوام مـەجبوورمان دەکـات دەلالەتگـەلێکی وەکـی دەلالەتـە کۆمەلایەتییـەکان و مێـژوویی و ئاکـاری بـە ناسـراو دابنـێین. بـەڵام هۆنـەر داواکاری یەکی کەمتر و ـبەرزەفڕینێکی زۆرتریـ هەیـە. بـۆ هونەرمەنـد هـیچ شـتیێ لـە سـەرەتاوە ناسـراو نیـە. لـە پـێش بەرهـەم و دەقـدا، هـیچ شـتێك

PDF4Kurd



هەبوونی نیە: نەمتمانەیەك هەیە و نە بیرۆکەیەك و نەهەوالێك. ئەم بۆچوونە، کە چیرۆکنووس لە سەرەتاوە »بابەتێکی لە بۆ وتن« هەیە و لە پاشـان ئـەم کێشەیەی بۆ ساز دەبێ کە »چۆنی دەربڕێ«، بەگشتی و بـە جارێـك باتڵـە. چوونکە ئەزقەزا هەر ئەم »چۆن دەربڕینە« و بەچ »چەشـنێك« بـێ، بیـچمی نووسەر بوونی ئـەو پێکـدێنێ. ئـەو بیـچمە، لـە هـەر بیـچمێکی دیکـە تـەم و مژاویترە و، لە پاشـان دەبێتـە نـاوەرۆکی نادیـاری دەقەکـەی. بـەڵکوو لـە ئاکامدا هەر ئەم ناوەرۆکە نادیارە و ئەم بیـچمە تـەم و مژاوییـەی روخـسار و قـەوارەی دەق، لـە هـەموو شـتێك زیـاتر بـە گـەڵکی رزگـار بـوون و ئـازادی بخوات“ بەڵام کەنگێ؟

پەراوێزەکان“

١ـ خانەقای پارم: ڕۆمانی ستاندالێ، نووسەری فەڕەنسی

٢ــ ئـاخێوەر: راوی ـ بێـژەر. ئـەم وشـەیەم بۆیەکـەمجار لـە بـەرێزان رهبـەر مەحموودزادە و خالق یەعقووبی بیست

PDF4Kurd



# زەمان و وەسف لە چیرۆکی ئەمرۆدا

بەبڕوایەك، رەخنەی ئەدەبی زۆر دژوارتـره لـه ئافرانـدن. بـۆ وێنـه چـیرۆکنووس دەتوانێ متمانەی بە زەین و هۆشی خۆی هەبێ و پـاڵی پێـوەدات. حـەوجێشـی نیە بەوتەقالاییانە کەلە هەڵبژاردەکانی هۆشی خۆی حـاڵی بـێ" خوێنـەری سـاناو ئاسایی‌ش قناعەت بەوەی دەکات کە بزانێ بڵێی ئەم کتێبە کارتێکردنێکی لـەودا هەبووە؟ خودی ئەو دەگرێتەوە یان نا؟ بڵێی کتێبێکی ئاوای بەدڵ بـێ یـان نـا؟ ئەم کتێبە بۆ ئەو بەکەڵکەیان نا؟

لە حاڵێکدا ئەمە ئەرکی رەخنەگرە کە وەڵـامی گشتی ئـەم پرسـیارانە بداتـەوە: ئەو دەبێ رۆك و راست کەڵکەکانی کتیبەکە دەربڕێ، هۆی گیرۆدەیی خـۆی بـەم کتێبە بڵێ، سەبارەت بەو کتێبە دادوەری رەها و بایەخدار دەربڕێ.

نەریتی بایەخەکان سەلەفییە. ئەم بایەخانە ـ کـە تـاك و تـەرا بەڵگـەی دادوەری دەژمێـردرێن لــە سـەر شـوێنەوارە بایەخـدارەکانی بـاب و بـاپیرانی ئێمـە،

PDF4Kurd



جاروبارەش لە سەر شوێنەوارە زۆر کۆنەکان وەدەرخراون. ئەم بەرهەمانە، کە لە رابردوودا بە هۆی نەسازان دەگەڵ بایەخەکانی زەمانی خویاندا تەرە کرابوون، هەواڵی نویێ، بایەخی نۆی و مەحەك گەلی نوێیان پێشکەشی جیهانی کردووە و ئێمە لە مرۆشدا، وەکوو دوێنی بە پاڵدانەوە بەوانەوە دەژین. ئەمڕۆش وەکوو دوێنێ، سۆنگەی هەبوونی دەقی نۆی هەر ئەو هەواڵە تازانەیە وا پێشکەشی خەڵکی جیهانی دەکات. نووسەرانی ئەم دەقانە هێشتا خۆیان لە هەواڵی خۆیان بێ هەواڵن.ئەم هەواڵانە، هەر لە داهاتوودا، بە یارمەتی بەرهەمەکانیانەوە دەناسرێنەوە. کۆمەڵگای سبەینێش، بایەخگەلێکی تازە لەم دەقانە هەڵدەکرێنێ و دایدەمەزرێنێ. ئەم بایەخانەش لە کاتی خۆیدا کۆنەو بێ کەڵگە دەبن. ئەو رۆژەی دیسانەکە باس لە ئەدەبی نۆی بکەن، ئەم بایەخانە خەسارە سازو وەیشووم دەبن.

دەیجا رەخنە لە بارو دۆخی سەیرو سەمەرەۆ لە بەرەیەکی دژ بە نەریتی ئاسایی و گشتی دایە: ئەو مەجبوورە دەقی هاوسەردەمەکانی خۆی بە بەڵگە و مەحەکێ هەڵسەنگێنێ کە دەگەڵ ئەم دەقانەدا دژایەتییان هەیە. دەیجا هونەرمەند مافی خۆیەتی لە رەخنە بڕەنجێ، بەڵام مافی نیە ئەو رەخنەیە بە پیس تینەتی یان نازانایی رەخنەگر لێکداتەوە. ئەوا کە نووسەر سەرقاڵی ئەفراندنی جیهانێکی نۆی و چوواندن و بەراورد کردنێکی نوێیە، دەبێ بە رەزای ناخەوە بیسەلمێنێ کە نەك هەر مەحاڵ و نەگونجاوە، لانی کەم دژوارە کە خۆی بتوانێ جیهانی خۆڵقاوەی دەستی خۆی هەڵسەنگێنێ و، کارنامەیەکی راست و ورد لە عەیب و هونەری خۆی پێشکەش بکات.

باشترین شێوازی گونجاوە، شێوازی بەگشتی کردنە، ئەمەش هەمان کارێکە وا رەخنەی زیندوو تێدەکۆشێ بەڕێوەی بەرێ. بە لە بەر چاو گرتنی فۆرمەکان و دەلالەتەکانی ئەوان، بۆ وێنە بە لە بەرچاو گرتنی چیرۆکی بلندی رۆژئاوایی،

PDF4Kurd



ڕەخنە دەتوانێ دەلالەتە گۆنجاوەکانی سبەینێ لە بەر چاو بگرێ و، لە پاشان سەبارەت بەو فۆرم و ڕۆخسارانەی هۆنەرمەندی ئەمڕۆیی لە بەر دەستی ئەویدا دادەنێ هەڵسەنگاندنێکی تەقریبی و کاتی دەر ببڕێ.

ئەڵبەت ئەم شێوازە مەترسی گەلێکی دەگەڵدایە" چوونکە ئەم شێوازە گۆڕانکارییەك لە بەر چاو دەگرێ کە چەشنی یاسا پێش بینی کراوەکان قەوارە دەگرێ. ئەمە لە دۆخێکدایە کە کاتێ هونەرێکی تازەوەکی سینەما لە گۆڕێدایە، دژواری دووبەرابەر دەبێ. ئەم هونەرە لە بەر ئەوەی خاوەنی پێشینەی لە مێژینە نیە، گشتی کردنەکەی بێ کەڵك دەبێ. بەم هۆیەوە، هەمیشە بێ سەمەر نیە کە نووسەران، مادام توانای روون کردنەوەیەکی زیاتریشیان نەبێ، لەباری بیرۆکە و تیئۆرەوە یارمەتی ئەم توێژینەوە بدەن. چەندان کەڕەت، بەڕاستی، بایەخی وەسف لە چیرۆکی نوێدا، بەتایبەت لە دەقەکانیمندا، یادەوەری کراوەتەوە. باوەکوو ئەم وەسفانە، وەکوو وەسفی شتە بێ جووڵەوبێ بزوتنەوەکان یان چەند بەشێ لە دیمەنێك، بەگشتی کارتێکردنی باشی بەسەر خوێنەرەوە بووە، رادەربڕینی پسپۆڕان سەبارەت بەم وەسفانە گاڵتەجاڕ و گەپ پێدانە. بەڕای ئەمانە، وەسفکردنەکانی من بێکەڵکە و ئاڵۆزە. پێیان بێ کەلکەن، لەبەر ئەوەی هیچ پێوەندییەکی راستەقینەی دەگەڵ کردەوەدا نیە. دەڵێن ئەم وەسفانە ئاڵۆزە، چوونکە خاوەنی مەبەستی ماقووڵ و دەوری سەرەکی خۆی، یانی نواندن نیە.

ئەمانە سەرنجیان داوەتە مەبەستە خەیاڵیەکانی نووسەران و وتوویانە: چیرۆکەکانی سەردەم، فیلمە بە ئاوات نەگەیشتووەکانن و کامێرا دەبێ لێرەدا ژێر باڵی نووسینەوەی شەل بگرێ. لە لایەکی دیکەوە، وێنەی سینەمایی، لە هەمان یەکەم نیگادا و لە ماوەی چەند چرکەدا، ئەوشتە ئاشکرا دەکات کەئەدەب تێدەکۆشێ لە دە لاپەڕەدا نیشانمانی بدا و لە ئاکامیشدا ناتوانێ. لە

PDF4Kurd



لایەکی دیکەوە پاژە زیادی و بێکەڵکەکان لە هەمان شوێنی بێ سوود و سەمەری خۆیاندا دەمێننەوە، چونکە تۆوی سێو بە سەر عەرزی ژووردا ناگونجێ هەموو رازاندنەوەکانی شانۆ و دیمەن دابگرێ.

تەواوی ئەم رەخنانە بەجێ بوون، چما بە هەڵکەوت دەگەڵ ئەم رەخنانە بایەخی واتای وەسف لە چیرۆکی ئەمڕۆدا لە بەر چاو بگیرابایە. مەجبوورم جارێکی دیکەش بڵێم بەڕوواڵەت لەوە دەچێ بە لە بەر چاو گرتنی یاساکانی رابردوو سەبارەت بەم توێژینەوە تازانە دادوەری و مەحکومیان دەکەن.

لە پێشدا دەبێ بیسەلمێنین کە وەسف داهێنانێکی تازە نیە، چیرۆکی نووسەرانی گەورەی سەدەی نۆزدەی فەڕەنسی، بەتایبەت و لە پێش هەموویانەوە چیرۆکەکانی بەلزاك، لیپاولیپی ماڵ، کەل و پەلی ماڵێ و لیباسهایەکە وا بە دوور و درێژی و بەوردی باس کراون. چاو بە سەر وەسفی روخسارەکان و ئازای ئەندامەکاندا دەقووچێنین. بە ئاشکرا مەبەستی ئەم وەسفانە، نوواندنە و لەم کارەدا سەرکەوتن یاریانە. لەوێ زەماندا، زۆرجار مەبەست ئەمەبوو دیمەنێك رەسم کرێ، ئەو چوارچێوە و کادرەی کردەوە لەودا دەقەومێ باس دەکرێ و رووالەتی ئەندامەکانی پاڵەوانانی چیرۆك نیشان دەدرێ. کێشی ئەو شتانەی بەم چەشنە و روون و ئاشکرا رەسم کرا بوون، جیهانێکی بەردەوام و بە متمانەی پێکدێنا. لە پاشان چیرۆکنووس دەگەڕایەوە سەر ئەم پێکهاتەیە و کەڵکی لێوەردەگرت. ئەم پێکهاتە، وێڕای ئەو وێچوونەی دەگەڵ جیهانی »راستەقینە«ی هەبوو، راست و درووستی رووداوەکان، زەمانەتی ئەو وتەو کردەوانەی دەکرد کە نووسەر دەیهێنانەوە.

ئەو سەرنجەی کە بۆ وەسفی شوێنەکان، رازاندنەوەی ناوەوەی ماڵەکان، قەوارەی لیباسەکان و ئەو پێناسە کۆمەلایەتی و رۆحییانەی کە هەر کام لەم خاڵانە خاوەنی بوو، ئەم نیشانانەش حوزوری ئەوانی دەسەلماند و دەکار

PDF4Kurd



دەكرا، هەروەها فراوان بوونی ئەم پاژە وردانەی كە دەڵێی تاكوو هەتا هەتایە دەكرێ لە خەزێنەی ئەوان تێرو پڕ بخۆینەوە، ئامانج و مەبەستێكی بێج لە سەلماندنی هەبوونی جیهانێ جیا لە جیهانی ئەدەب نەبوو.

چیرۆكنووس بە رووالەت وێنەی لەم جیهانە هەڵدەگرتەوە، چیروكەكەی بە روونووس لە قەڵەم دەدرا و چیرۆكنووس راستەقینەیەكی بۆ دیتران دەگواستەوە" بە چەشنێكی كە دەتووت سەروكاری خوێنەر دەگەڵ رووداوە نووسین، ژیاننامە یان بەڵگەیەكدایە.

شێوازی ژیانی خەڵكی چیرۆك راست هەمان شێوازی ژین و ژیانی مرۆی سەردەم بوو. لە چیرۆكدا تەنانەت جادەی چەندان ساڵ تێپەڕ دەبوو، نەك هەر لە بەشێكەوە بۆ بەشێكی دیكەی كتێب، بەڵكوو زۆرجار لە هەمان یەكەم رێكەوتدا، ئەو ژەنگەی وا نیشانەی كۆنە بوونەو ئەو كۆنەبوون و كاڵبوونەوەی كە بە پێی تێپەڕبوونی رۆژگار دەردەكەوێ، بەسەر روخساری كەل و پەلی هەرە چكۆلەی ماڵەوە و لە كەمترین هێڵی قەڵافەتدا بە سانایی بەدەر دەكەوت.

بەم پێیە، لە هەمان زەمانەوە ئەم دیمەن و شانۆ رازاندنەوە كۆپی هەلگرتنەوەیەك لە ژیانی بە شەربوو: هەركام لە دیوارەكان یا كەل و پەلی ماڵێ هاوتای پاڵەوانێك بوو وا لە هەناوی ئینساندا دەژیا. ئەم هاوتایە، هەژار یا ساماندار، لەچەر یا بە نێوبانگ بوو، بە هەڵكەوتیش دەستەمۆی هەمان چارەنووس و هەمان جەبروزۆرێك بوو كە ئینسان تیایدا یەخسیر بوو.

خوێنەر كە بۆ زانینی داستانی چیرۆك پەلەپەلی بوو، تەنانەت ئیزنی بوو لە سنووری وەسف تێپەڕ بێ: چما ئەم وەسفانە قەوارە و چوارچێوەیەك زیاتر نەبوون و واتای چوارچێوەش چیە بێج لە هەمان نێوەرۆكی چیرۆك. لە دۆخێكدا هەر ئەم خۆینەرە بەپەلەیە چما لە سنووری وەسف لە دەقەكانی ئێمەدا تێپەڕێ، زۆر جار لە پاش تێپەڕبوونی بە پەلەپەل دەگاتە كۆتایی كتێب و لە

PDF4Kurd



نێوەرۆکی دەق بە جاریٚ دەغافلێ. لە بەر ئەوەی خوێنەرێکی ئاوا، هەتا ئەو کاتە وای بۆ دەچوو سەروکاری هەر دەگەڵ چوارچێوەیەکدایە کە دەتوانیٚ لێی تێپەڕ بیٚ، ئەوا مەجبوور دەبیٚ بە شوێن نێوەرۆکی قەوارەوە بیٚ.

هۆی ئەم کارە ئەوەیە کە شوێن و دەوری چیرۆك بە جاریٚ گۆڕدراوە: تێفکرینی وەسف کاتیٚ تەواوی چیرۆکی دادەگرت، لە ئاکامدا واتای سەلەفی خۆی پێوە نەدەما. ئەرکی وەسف، ئیدی باسکردن و دەربڕینی تایبەتمەندییەکانی سەرەتای کارنیە.

**لەمەوبەر، کاری وەسفکردن روونکردنەوەی باروودۆخی هێڵە سەرەکییەکانی دیمەنێک و لە پاشان روونکردنەوەی توخمەکان و بە تایبەت نیشاندەری ماوەیەک یان بەشیٚ لەم دیمەنە بوو. لەمڕۆدا، وەسف هەر سەبارەت بە شتە بیٚ بایەخەکان ئەدویٚ، یائەم شتە بیٚ بایەخانە هەر وەکوو هەن، پیٚ نیشان ئەدا. لە رابردوودا، وەسف خوازیاری وێنە هەڵگرتنەوە لە راستەقینەبوو. لە مرۆدا، وەسف دەوری داهێنەرانەی خوی دادەسەپێنیٚ. وەلحاسڵ: لە رابردوودا وەسف شتەکانی نیشان ئەدا. ئێستاش لەوەدەچیٚ کە وەسف سەرقاڵی داڕووخاندن و لە ناوبردنی شتەکانە. دەڵێی پێداگرتنی وەسف بۆ قسە کردن سەبارەت بە شتەکان، مەبەستێکی بێج لەپێک هێنانی ئاڵۆزی و بیٚ واتاکردنی شتەکان و لە ناوبردنی تەواوی ئەوان نیە.**

کەچی لە چیرۆکی ئەمڕودا، وەسفێك کە لە سەر هیچ دەست پیٚ بکات، کەم نیە. وەسف لە چیرۆکی ئەمڕودا لە سەرەتاوە دیمەنێکی گشتی بە دەستەوە نادات. لەوەدەچیٚ ئەم وەسفە لە کۆپلەیەکی بیچکۆلانەی بیٚ کەڵکەوە سەرچاوە دەگریٚ، ئەمەش لە هەموو شتیٚ زیاتر، لە خاڵێك دەچیٚ.

PDF4Kurd



زیاتریش بەم هۆیەوە وادێتە بەرچاو کە وەسف هەنگاوی بۆخولقاندنی ئەوان هەڵێناوەتەوە کە لە ناکاودا وەسف دەست دەکا بە دژاودژ وێژی، دووپات کردنەوەی دووپات بووەکان ووەرگرتنەوەی مەرجی خۆی و ڕێگەیەکی تازەش دەگرێتەبەر. بەگشتی، بەرەبەرە شتێك وەبەرچاودەکەوێ، ئەم خەیاڵەش سازدەبێ کە ئەم شتە لە زووترین کاتدا روك و راستی و ئاشکرایی‌یەکی زیاتر پەیدا دەکا. بەڵام هێڵەکانی وەسف بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن“ قورستر دەبن بۆرەفزی یەکدی قوت دەبنەوە، دەجووڵێنەوە، بە گوێرەیەك کەوێنە، بەرەبەرە سازدەبێ و ساخ دەبێتەوە، بەرگومان دەبێ. هەمدیسان چەند دێڕێ دەخوێنێتەوە و کاتێ وەسف تەواو دەبێ، بۆمان دەردەکەوێ ئەم وەسفە شتێکی لە خۆیەوە جێ نەهێشتووە: لێرەدا، وەسف دەورێکی دوولایەنە دەگێڕێ و ئەو دوولایەنەییە ئەمەیە: هونەرمەند»کاسەیەکی زەریف« ساز دەکات و »دیسانەکە بە عەرزیدا دەکوتێتەوە«. ئەم دەورە دوولایەنەییە لە هەموولایەنەکانی کتێبدا، بە تایبەت لە بینای ئەودا، وەبەر چاو دەکەوێ. هەستی دۆڕاندن و فریو خواردن کە بە هۆی خوێندنەوەی دەقەکانی ئەمڕۆوە سازدەبێ بە سۆنگەی ئەم خاڵەوەیە.دڵەڕاوکەی روك و ڕاستی و وردبینی، کە بڕێجار لایەنی شێتانە وەخۆدەگرێ » چەمك گەلێکی نەك زۆر شیاوی دیتن(دەستی راست، دەستی چەپ) بژاردنەکان و زانینی ئەندازەی ورد و نیشانە هەندەسی‌یەکان«

ڕێگری بزوتنەوەی جیهان، تاکوو لایەنی هەرە ماددی ئەو، تەنانەت لە ناو بێدەنگی ڕواڵەتی ئەودا، نیە.لێرەدا ئیدی مەبەست شەپۆلانی زەمان نیە، چوونکە بزووتنەوەکانی ئینسان، بە پێچەوانەوە، یانی بە قەوارەیەکی راوێستاوو بەردینەوە لە کاتدا دەنوێندرێ. ئەمە هەمان ماددەیە کە خۆی لە عەینی حاڵدا بەردەوام و بێدەوامە، هەبوونێکی راستەقینە و خەیاڵی، لە ڕوانگەی ئینسانەوە

PDF4Kurd



نامۆو بەردەوام سەرقاڵی خولقاندنی خۆی لە فیکری ئینساندایە. دەیجا تەواوی بایەخی لاپەڕە وەسفیەکان، یانی پلەی ئینسان لەم لاپەڕانەدا ئیدی حەشار دراوی ناو ئەو شتەی وەسف کراوەنیە، بەڵکوو بایەخ لەهەمان جووڵانەوەی وەسفدایە.

بەم پێیە، دەر دەکەوێ ئەم قسەیەی دەڵێ: »نووسەری بەرەو وێنەگرتنیان وێنەی سینەمایی بای دەداتەوە« هەڵەیە. وێنەیەکی تاق و جیا، وەکی وەسف لە بەرهەمەکانی بەڵزاکدا، بێج لە »نووواندن« کارێکی دیکەی لەدەست نایەو، دەڵێی بۆ ئەوە خولقاوە هەتا ببێتە جێگری وەسف، ئەمەش کارێکە کە سێنەمای سروشتخواز رووی تێکردووە.

هێزی کێشان »جاذبە«و کار تێکردنی ئاشکرای ئافراندنی سینەمایی بە سەر زۆرێك لە چیرۆکنووسانی نوێدا، دەبێ لە شوێنێکی دیکەدا لێی بگەڕێین. ئەوشتەی چیرۆکنووسانی شەیدای خۆی کردووە»عەینی بوون«ی کامێرای سینەما نیە، چیرۆکنووسانی نوێ شەیدای هێزی تواناییەکانی لایەنی زەینی، یانی خەیاڵیی کامێرا بوون. سینەما بۆ چیرۆکنووسان کەرەسەیەکی دەربڕین نیە، بەڵکوو بیانووی توێژینەوەیە. ئەو خاڵەش کە لە هەمووشتێ زیاتر نیگای ئەوان بەرەو خۆی رادەکێشێ، بە جۆرێکی سروشتی ئەو شتەیە وا لە دەرەوەی توانای بازنەی ئەدەبدایە: یانی ئەوەندی نەواری دەنگ سەرنجی ئەمانە رادەکێشێ، وێنە ڕای ناکێشێ. دەنگدانەوەی دەنگی ئینسان، زەنازەنا، شوێنە دیوناسەکان، مۆسیقا و بە تایبەت توانا و هەل و مەرجی کارتێکردن بە سەر دووهەستی »بینین« و»بیستن«دا پێکەوە. یەکی دیکەش، چ لە وێنەدا و چ لە دەنگدا، توانای دەربڕینی شتێك هەیە کە بێج لە خولیاو بیرەوەری یانی خەیاڵ شتێکی دیکە نیە، بە ڕوواڵەتێکی دەرەکیخواز، بە چەشنێك کە کەمتر هەمیشە جێی چۆن و بۆچی بێ، ئەو دەنگەی بینەر دەیبیستێ و ئەو وێنەیەی ئەو

PDF4Kurd



دەیبینــێ، خــاوەنی تایبەتمەندییــەکی زۆر گرینگــە: دەنــگ و وێنــە لێرەیــە، ئــی زەمــانی ئێــستا کەیــە. پــچڕ پــچڕ بــوونی وێنــە پێکــەوە نووســاوەکان، دووپــات بوونەوەی دیمــەن، وێنــەیان شــانۆ، دژوازییەکان،ئــەو کەســانەش والــە وێنــەکانی وێنەگرانی ئاماتۆڕدا لە ناکاودا دەبن بە بەرد، هەموو توانا و تونـدی خۆیـان بـەم زەمانی ئێستای هەتا هەتاییە دەبەخشن. ئیدی شوناسەی وێنەکان لە ئارادانیە، بەڵکووقسە لە ئاوێتەکردنـی ئەوانـە. هـەر لێرەدایـە کـە چیرۆکنووسـی دەتوانـێ بڕێك لە دڵە ڕاوکەکانی نووسین، باوەکوو قەوارە گۆڕدراویش بێ، بدۆزێتەوە.

ئەم ئاوێتەبوونانەی فیلمێکی تازە، ئەم بزوتنەوەی وێنە گەل و دەنگەکان، راستەوخۆ سەرنجی بینـەری بـی هەواڵ رادەکێشێ. تەنانەت لەوە دەچێ کە لە زۆر لایەنەوە، توانای ئەم دوو بزوتنەوەیە، بێ ئەژمار زیاتر لە کارتێکردن و رنگدانەوەی ئەدەبە، بـەڵام دەبێتـە هـۆی دژە کردەوەیـەکی خۆڕاگرانـەی تونـد لـە رەخنـەی سەلەفیدا.

من خودی خۆم توانیومە ئەم خاڵـە لـە کـاتی پێـشکەشکردنی فیلمـی دووهـەمی خـۆم »هەمیـشە بـەهار«دا تـاقیکەمـەوە.ئەڵبـەت دادوەری دوژمنانـەی زۆربـەی نووسەرانی چاپەمەنییەکان جێگەی هیچ چەشنە سەر سوڕمانێك نیە. بەڵام بـڕێ لـە رەخنــەکان، کــە زۆربــەیان لــە تاریفــات کردنــەکان زیــاتر ئاشــکرا کــەرەوەی راستیەکانن، سەیرن.بۆ وێنە ئـەو خاڵانـەی زیـاتر و تونـدتر لـە هـەمووان وەبـەر رەخنە و هێرش کەوتوون بەم چەشنەن: بەر لە هـەموان، نـەبوونی سـانایی لـە یـاری کردنـیدەورگێڕەکانـدا، لـە پاشـان نـەبوونی توانـای ناسـینەوەی ڕوونـی راستەقینە لەو شتەی وازەینیـە(بـیرەوەری یـان وەهـم و خـەیاڵات). لەپاشـان هەبوونی توخمە زۆر شەهوییەکانی شیاوی گۆڕدران بۆ»کارت پۆستاڵ« (بۆ وێنە کارت پۆستاڵە تۆریستییەکانی شاری ئەستەمبووڵ و کارتپۆستاڵە شـەهوییەکان بۆ کەسێتی ژنەکانی فیلمەکە).

PDF4Kurd



بەو گوێرەیەی دەیدینن، لە راستیدا ئەم سێ رەخنەیە یەکێك زیاتر نین: چوار چێوە و بناغەی فیلمەکە متمانەی تەواو بۆ راستیی عەینی شتەکان دانانێ. لەم بابەتەوە دووخاڵ سەرنج رادەکێشێ:

یەکەم: ئەستەمبووڵ شارێکی »راستەقینە«یەو لە تەواوەتی فیلمەکەدا هەر ئەم شارە دەبیندرێ.هەروەها کەسێتی ژنی فیلمەکە»ژنێکی راستەقینە«یە.

دووهەم: سەبارەت بە چیرۆکی فیلمەکە:ئەمە روونە کە ئەم داستانە درۆیە، یانی دەورگێڕانی پیاوو دەورگێڕی ژن و تەنانەت سەگەکەش لەو فیلمگرتنەدا نەمردن. ئەو شتەی بینەرانی شەیدای »راستەقینەخوازی« لەم فیلمەدا نارەحەت دەکات، ئەمەیە: ئیدی لەم فیلمەدا تەقالایەك بۆ سەلماندن و باوەڕاندنی هیچ شتێك دەکار ناکرێ. من تەقریبەن وا تایەکی دژ بە ئەم کۆپلەیە دەڵێم: راستەقینە و درۆ و باوەڕاندن کەم و زۆر بوونەتە بابەتی هەموو دەقە نوێیەکان. ئەم دەقانە، لە بری ئەوەی کۆپلەیەکی خەیاڵی لە راستەقینە بن، بەنێوی تێفکرینێك سەبارەت بە راستەقینەیان سەبارەت بە بڕێك لە راستەقینە، بەربڵاو دەبنەوە. دەقی نوێ لە حەولی ئەوەدانیە بە داواکاری »سەربوردی راستەقینە«، سروشتی مەجبوورەن درۆیینی خۆی حەشار دات. بەو چەشنەی کە ئیمە لەم نووسینە سینەماییەدا، دەوری وا دەبینین وەکوو ئەو دەورەی وەسف لە ئەدبدا بە ئەستۆی گرتووە: وینەیەکی ئاوا لە مپەری باوەڕ پێکردنی ئەو شتەیە وا وێنە دەڵێ. هەروەکوو وەسف لە مپەری دیتنی ئەو شتە بوو کە بۆ خۆی نیشانی ئەدا.

هەر ئەم جوڵانەوە دژوازە»سازکردن و رووخاندن« لە دەکارکردنی زەماندا بەر چاو دەکەوێ. فیلم و چیرۆك لە هەنگاوی یەکەمدا وەکی»تێپەڕ بوونی زەمان« نیشان ئەدرێ. ئەمەش بە پێچەوانەی بۆ نموونە بەرهەمە»بینینییەکان« وەکوو شێوەکاری یان پەیکەرەسازییە. فیلم وەکوو مۆسیقا، تەنانەت بە چەشنێکی

PDF4Kurd



بڕدراوە خاوەنی»کاتی تایبەت«ە. (ئەڵبەت ماوەی خوێندنەوەی دەق، بۆی دەچێ،لەلاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی دیکەو لەکەسێکەوە سەبارەت بە کەسێکی دیکە، زۆر جۆراوجۆرە و جیاوازی هەیە). لە بڕیدا، هەروەکی وتوومانە، سینەما هەر خاوەنی لایەنێکی رێزمانییە، ئەویش زەمانی ئێستای هەواڵدەرە. لەهەر دۆخێکدا، فیلم و چیرۆکی ئەمڕۆ، لە پێکهێنانی کات و مەودای زەمانی و درێژی زەماندا، کە پێوەندییەکیان دەگەڵ کات و مەودا و درێژەی سەعاتی دیوارکۆ یان رۆژ ژمێردانیە، پێکەوە هەڵس و کەوتیان هەیە.

دەوری زەمان کەمێك روون دەکەینەوە:

لەم ساڵانەدا چەند چەلان دووپاتیان کردۆتەوە: زەمان پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکی سەردەمە. لە زەمانی مارسێل پڕووست و فاکنەرەوە، گەڕانەوە بۆ رابردوو، پچڕپچڕبوونی زەمان، لە راستیدا، بناغە لە هەمان بینای چیرۆك و بیچمی ئەو دەچێ.ئاشکرایە کاری سینەماش هەر لە سەر ئەم بناغەیە پتەو کراوە: هەر بەرهەمێکی تازەی سینەمایی، تێفکرینێکە سەبارەت بە حافیزەی ئینسان و گومانەکان و پێداگرتنەکان و کارەساتەکانی ئەو...

لەم بابەتە برێك بەخێرایی تێپەڕبووین، بەزبانێکی دیکە، چما زەمانی لە تێپەڕ بوون بە ڕاستی پاڵەوانی سەرەکی زۆرێك لە بەرهەمەکانی سەرەتایی ئەم سەدەیە و ئەو بەرهەمانە بووە کە کارتێکردنی ئەوانی بە سەرەوە بووە، هەروەکی بارودۆخی چیرۆکەکانی سەدەی رابردووش هەر بەم چەشنە بووە، تۆێژینەوە تازەکان، بە پێچەوانەوە، دەڵێی زۆربەیان بینا زەینییەکانی بێ بەش لە زەمان دەهێننە سەر شانۆ. از قەزا هەر بەم هۆیەوە بەرهەمە نوێیەکان، لە یەکەم رووبەڕوو بوونەوەدا ئەو هەمووە نارەحەتی سازدەنوێنێ.چەند نموونەیەکی دیکە لە چیرۆکەکان و فیلمەکانی خۆم دێنمەوە: رەخنەگرە

PDF4Kurd



گەورەکان، لەم بابەتـەوە، تەقریبـەن هەمیـشە ئـەم بەرهەمانـەیان خـەراب راڤـە کردووە.

فیلمی»ساڵی رابـردوو لـە مـارین بـاد« بـە سـۆنگەی نێوەکەیـەوە، هـەروەها بـە سـۆنگەی ئـەو بەرهەمانـەوە کـە لـە مەوبـەر ئـالێن ڕێنـە دەرهێنـەریان بووبـوو، بەنێوی دەقێکی بەدەڵی رۆحـی سـەبارەت بـە ئـەوینی ونبـوو، فەرامۆشـی، یـان بیرەوەری لێکدراوە. ئەو پرسیارانەی بو خەڵکی هاتە پێشێ بەم چەشـنە بـوو: ئایا ئەم ژن و پیاوە بەڕاستی لـە مەوبـەر لـە »مـارینبـاد«یەکـدیـیـان دیتبـوو و یەکدییان خۆش ویستبوو؟ ئایا ژنە تەواوەن لە یادی ماوە؟ ئایا هەر بە ڕوواڵـەت وا دەنوێنێ کە لە مەوبەر ئەو کابرا چوانچاکە نامۆیـەی نـەدیتووە؟ یـا خـۆ، نـا، بەڕاستی تەواوی ئەو شتانەی لە نێوانیاندا قـەومابوو لـە یـادی چـۆتەوە؟ دەبـێ ساف و سادە و بـەبێ توێکـوڵ قـسە بکـەین: تـەواوی ئـەم پرسـیارانە بەگـشتی بێواتان. ئەو جیهانـەی کـە هـەمووی فیلمەکـە لـەودا دەقـەومێ، بـە چەشـنێکی روون، جیهانی زەمانی ئێستای بەردەوامە و هەر چەشنە پەنا بردنە بەر حـافیزە تێیدا ناگونجێ. جیهانێکە بەبێ رابردوو کـە هـەر کـاتێکی بـۆ خۆیـەتی و بـەس، بەرە بەرەش دەسڕدریتەوە. ئەم ژن و پیاوە هەر لەو کاتەوە دێنـە نـاو جیهـانی هەبوونەوە کە بۆ یەکەم کەڕەت لە سەر پـەردەی سـینەما وەدیـار دەکـەون: لـە پـێش ئـەوەدا هیـچن و لـە گـەڵکوو فیلمەکـە تـەواو دەبـێ، دیـسانە کـە هیـچن. سەردەمی هەبوونی ئەوان بە قەرا ماوەی فیلمەکەیە.بێج لەو وێنەیەی دەبیندرێ و ئەو قسانەی دەبیسترێ، راستەقینەیەکی دیکە ناتوانێ هەبوونی هەبێ.

بەم پێیـە، مـاوەی دەقـی نـوێ ئەبـەدەن کورتکراوەیـان دا چـۆڕاوی ماوەیـەکی درێژەخایەنتر و »راستەقینەتر« لە ماوە و چیرۆکی سەربوردی وەسفکراو نیە.

بە پێـچەوانە: یـەکێتی رەهـا لـە نێـوان دوو دەورەدا هەیـە. تـەواوی سـەربوردی »مارینباد« نە لە دوو ساڵدا تێپەڕ دەبێ و، نەلە سێ رۆژدا، بـەڵکوو بـەوردی لـە

PDF4Kurd



سەعات ونیویێکدا دەقەومێ. لە کۆتـایی فیلمـدا، ئـەم دوو کەسـەدا پێکدەگـەن و پێکەوە دەڕۆن. دەڵێی ژنە دەیسەلمێنێ کە لە ساڵی پێشودا، لە نێوان ئـەم دوو کەسەدا لە »مارینباد« بـە راسـتی رووداوێـك قـەوماوە. بـەڵام ئێمـە لـە تـەواوی مـاوەی فیلمەکـەدا، وای بـۆ دەچـین کـە ئەزقـەزا لـە سـاڵی رابـردوودواین و لـە مارینباددا بووین. دەیجا ئەم سەر بوردە ئەویندارانەیە کە بە نێوی رووداوێك لـە رابردوودابـۆ ئێمـە دەگێڕێتـەوە، لـە راسـتیدا لـە بـەر چاوەکانی ئێمـەدا، هـەر ئالێرەو، هەر ئێستا لە حاڵی روودان و قەوماندایە. چونکە لـە شـوێنێکی دیکـەی مومکیندا هەبوونی نییە، هەر وەکوو وشەی »لەرابردوودا« وشەیەکی بێ واتایە.

بەڵام گریمان رەخنە بگرن: ئەی ئەو دیمەنانەی دیتوومـانن، نۆێنـەری چـین؟ بـە تایبەت درێژەوە بوونی بیچمەکانی شەوانە و رۆژانە و ئەو هەموو لیباس گۆڕینە، لــە ماوەیــەکی ئەوەنــدە کورتــدا، چ مانایــەکی هەیــە؟ ئەمــەش ئاشــکرایە دژوارییەکانی کار ئالێرەدایە. قسەلە سەربەر بڵاوبوونەوەیەکی زەیـنی، رۆحـی و تاکە کەسیدایە،ئەم رووداوانە دەبێ لە زەینی کەسێکدا بقەومێ. بەڵام لە زەیـنی بگێـڕەوەی فیلمـدایان لـە زەیـنی ژنـەدا کـە رۆشـتۆتە خـەوێکی دەسـتکردەوە؟ یاوەکوونا، دەگەڵ گوڕینەوەیەکی هەمیشەیی وێنەکان لە نێوان ئەو دووانەدا، لە زەیـنی هـەر دووکیانـدا پێکـەوە دەقـەومێ؟ بـاش وایـە چارەسـەرێکی دیکـەی بۆبسەلمێنین: هەروەکوو تەنیا زەمانی گرینگ هەمان فیلمەکەیە، تەنیا پاڵەوانی ئەوتۆش »بینەر«ە. تەواوی چیرۆك لە زەینی ئەودایە“ چوونکە ئـەم چـیرۆکە بـە خەیاڵی ئەودا هاتۆتە سەر جیهان.

جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم بەرهەمە شەهادەتدانێك سـەبارەت بە راستەقینەی دەرەوە نیە، بەڵکوو هەر راسـتەقینەی خـودی دەقـە. هـەر بـەم هۆیەوە، نووسەر ناتوانێ دڵ و فیکری فڵان بینـەر، ئاسـوودەبکات کـە لـە پـاش وشەی »کۆتایی« هێشتا نیگـەرانی چارەنووسـی کەسـێتیـەکانی فیلمەکەیـە و

PDF4Kurd



متمانەی بداتێ. بە وشەی »کۆتـایی« ڕاوەدەر دەکـەوێ کـە لەمـەو بـەدووا هـیچ ڕووداوێك ناقەومێ. تەنیا داهاتوویەکی کـە دەق دەتـوانێ بیـسەلمێنی، دووبـارە پێ نیشاندانەوەی فیلمەکەیە" جارێکی دیکە قەرقەڕەکانی فیلمەکە باوینەوە ناو نوورهاوێژەوە.

بەم پێیە، بێ لێکەیە خەیاڵ بکەین لە چیرۆکی بلّندی »دڵ پیسی«دا کە دوو ساڵ لە مەوبەر بڵا بووبۆوە، نەریتێکی روون و لایەنێکی راستەقینە هەبووە کەنەریتی کۆپلەکانی کتێبەکە نەبووە. دەڵێی لە بەر خۆشی خاتری خـۆم، سـالّژمێری بـەر دەستمم هەڵداوەتەوە، هەر وەکوو »بوڕ« لە دەستێك وەرەق بدەن.

بـە پێـچەوانە: چـیرۆك وا میـزان کرابـوو کـە هـەر تێکۆشـانێك بـۆ سـازکردنەوەی زەمـانی رووداوەکـانی دەرەوە، درەنـگ یـا زوو، دەگەیـشتە هەودایـەکی دژوار، یانی بنبەست، دەکرا. ئەڵبەت من ئەم کارەم بۆ مەبەسـتی گەمژانـەی ئـازاردانی ئەندامانی بەڕێزی فەرهەنگستان نەکردووە" بـەڵکوو هەربـەو هۆیـەوە گـردوومـە کە، لە نیگای منەوە، هیچ نەریتێکی گونجاو لە دەرەوەی کتێبدا هـەبوونی نیە_ ئەم کتێبە گێڕانەوەیەکی ئاوێتە دەگەڵ چیرۆکێکی ساناى لە دەرەوەی کتێبەکە نەبووە،بەڵکوو لێرەشدا، کتێب هەمان رووداني داستانێك بوو کە رسـتەقینـەیـەك بێج لە راستەقینەی داستانی کتێبەکەی نەبوو. ئەم راستەقینەیە بـێج لـە زەیـنی بگێڕوەیـەکی دوورەچـاو»نادیـاری«دا، بـێج لـە خـەیالّی نووسـەر و خۆێنـەردا نەدەقەوما. ئەم گۆشە نیگایەی ئێستا کەی دەق، چۆن دەتوانێ ئیزن بـدات کـە زەمان، ببێتە پالّەوانی سەرەکی کتێب یـا فـیلم؟ بلّێـی ئەزقـەزا وەسـفێکی ئـاوا زیاتر سەبارەت بە چیرۆکی سەلەفی،بۆ وێنە سەبارەت بە چیرۆکەکانی »بـەلّزاك« راسـت دەرنەیـەت؟ زەمـان لەوێـدا، دەورێکـی هـەبوو، هـەروەها یەکـەم دەوری دەگێڕا: زەمان ئینسانی دروست دەکرد، بکەر و مەحەکی چارەنووس ئـەو بـوو" چ لە هەستان و فڕین بەرەو کەمالاّتدا و چ لـە داکشان و کەوتنـە نـاو پیـساییدا،

PDF4Kurd



زەمان بکەری گۆڕانکاری بووە ئەم گۆڕانکارییەش لە عەینی حاڵدا بارمتەی »وثیقە«ی سەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی یەخسیری جیهان و چارەنووسی جەبری سروشتێك دەژمێردرا: سەلماندنی مردنی ئینسان. خەیاڵات و خەون و خولیاکان و ڕووداوەکان هەر لە چوارچێوەی زەماندا جێگردەبوون: لە دایکبوون، باڵاکردن، لاواز بوون، داکشان و داکەوتن. لە حاڵێکدا لە چیرۆکی ئەمڕودا، دەڵێی زەمان لە بەر تەسکی خۆی بێبەش بووە. زەمان ئیدی ڕەوان نیە، زەمان ئیدی خۆلقاندنی خۆی لە توانادا نەماوە. بە بێ گومان هۆی خەسارەدیتن و دۆڕاندنێك کە لە خوێندنەوەی دەقی ئەمڕۆدا وبەبینینی فیلمدا هەستی پێدەکرێ، هەر ئەمەیە. لە ڕابردوودا ئەوەندی بابەتی ڕازی کەرەوە، تەنانەت لە سەربوردە خەم و خورپە هێنەرەکاندا هەبوو، دەقی هەرە جوانی هاوسەردەمانی ئێمە، زەینەکان بەتاڵ و گێژ و وێژ دەکا و جێیان دەهێڵێ و دەڕوا. ئەم دەقانە نەك هەر داواکاری ڕاستەقینەیەك بێج لە ڕاستەقینەی متاڵا یا بینینی فیلم نین، بەڵکوو لەوە دەچێ کە سەرقاڵی ڕەفزی خۆیانن و بەرەبەرە کەساز و پەرداخ دەبن" دەڵێی لە هەبوونی خۆیان دەکەونە گومانەوە. لێرەدا شوێن و کەش و هەوا زەمان وێران دەکەن، زەمانیش لەکاری شوێن و کەش و هەوادا خەرابکاری دەکا. وەسف دەرجا لێدەدا، تێکەڵ و پێکەڵ و دژواز قسە دەکا، بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، چرکەکات ڕەفزەی دەوامە و درێژەدان دەکا.

وەلحاسڵ، ئەوەندی لایەنی زەمان زیاتر لە ڕادەی چاوەڕوانییە، فەوری بوون و چرکەکات بوون کەمتر لە چاوەڕوانییە" هەر وەکوو نەبوونی دەوامەو درێژەی مەیدان (فەزا)، لە دەست چیرۆك »ڕزگار دەکا« ئەم وەسفانەی جووڵانەوەکەی هەر چەشنە متمانەیەك سەبارەت بەو شتانەی وەسف کراون، لە نێودەبات، ئەم

PDF4Kurd



پاڵەوانە ناسروشتییە بێ شوناسەیە، ئەو زەمانی ئێستایەی وا وێڕای نووسینەوە بەردەوام لە حاڵی خولقبووندایە، دووپات دەبێتەوە.

دەبێتە دوو بەرابەر، دەگۆڕدرێ" خۆی ڕەفز دەکاتەوە" بە بێ ئەوەی لە سەر یەك کەڵەکە بێ تاکوو رابردوو سازبکات، یانی چیرۆکێك بە واتای سەلەف وەدیار بخات، هەمووان و هەموویان چ کارێك بێج لە بانگێشتنی خۆێنەر بۆ بەشداریکردن لە جیهانێکی جیاواز دەگەڵ جیهانی ئۆگرو دڵخوازی ئەودانیە.

چما جاروبار خوێنەر دەکێشرێتە ئەو شوێنەی کە دەست دەکات بە مەحکووم کردنی بەرهەمەکانی سەردەمی خۆی، یانی ئەو بەرهەمانەی کە راستەو خۆ دەگەڵ ئەودا قسان دەکەن، تەنانەت چما ئەم خۆێنەرە گلەیی هەیە کە بە ئەنقەست حەوایان داوە، لە یاریدا بەشداری‌یان نەداوە،نووسەران سووکایەتییان پێکردووە، هۆی ئەوکارە ئەوەیە کە: خوێنەر پێداگرانە بە شوێن کەرەسەی پێوندی گرتنەوەیە، ئەوپێوندییەی کە ئیتر زۆر لە مێژە بەو پێشنیار ناکرێ.

لە بەر ئەوەی نووسەری ئەمڕۆ خوێنەر سووك و چروك ناکات" بەڵکوو هەو جێی رەهای خۆی بۆ هاوکاری و یارمەتی لەووبەو ڕادەگەیەنێ. ئەم هاوکاری و یارمەتییە دەبێ تێکۆشەرانە و ئاگادارانە و داهێنەرانەبێ. نووسەر ئەمڕۆ داواکاری جیهانێکی تەواو، لیپاولیپ و سەرگیراوی لە خوێنەری خۆی نیە، بەپێچەوانە: نووسەر لە خوێنەری خۆی دەوێ لە داهێنان و ئافراندندا بەشداری بکات، ئەویش سەرقاڵی ئەفراندنی بەرهەم و جیهان بێ. بەم پێیەش، فێربێت کە چۆن ژیانی تایبەتی خۆی بخولقێنێ.

PDF4Kurd



# لەراستەقینەخوازییەوە

# تا راستەقینە

هەر نووسەرێك خۆی پێ راستەقینەخوازە: هیچ کاتێ هیچ کەسێك داواکاری ئەوە نیە تاسەبار، خەیاڵساز، شێت و شوورە، داوێن پیس‌یان دەغەڵ و مەکربازە. راستەقینە خوازی واتە »ریئالیزم« بیرۆکەیەکی رۆك‌وراست نیە کە بەو پێیە توانامان هەبێ تاقمێ نووسەر، دژ بە تاقمێکی دیکە دابنێین. بە پێچەوانەوە ریئالیزم ئاڵایەکە نەك هەموو، لانی کەم، زۆربەی زۆری چیرۆکنووسانی ئەمرۆ لە ژێریدا وەکۆ بوونەتەوە. بە بێ گومان دەبێ لەم خاڵەدا وتەی هەموویان بسەلمێنین. سەرنجی هەموانیان بەرە و جیهانی

PDF4Kurd



راستەقینەیە و هەر کەس بە باشی تێدەکۆشێ تاکوو »راستەقینەیەک« بخولقێنێ.

بەڵام باوەکوو لەژێر ئاڵایەکدا وەکۆ بوونەتەوە، ئامانجیان هیچ هاوبەش نیە، ئەمانە لێرەدا وەکۆبوونەتەوە هەتا یەکدی هەڵدڕن. راستەقینەخوازی ئارمانجێکە و هەر کەسێك لەم خاڵە وەکوو شەمشیرێك دژ بە غەنیمی خۆی کەڵك وەردەگرێ و هەر کەسێك پێیوایە بە تاقی تەنێ هەر خۆی خاوەنی مەرجەکانی راستەقینەخوازی‌یە. هەڵبەت هەمیشە هەروا بووە: هەموو قوتابخانەیەکی تازەی ئەدەب هەربەهۆی راستەقینەخوازییەوە لە حەولی کاول کردن و داڕماندنی قوتابخانەی بەر لە خۆیان بوون. وشەی راستەقینەخوازی بنێشتەخۆشەی سەرزاری هەموو شاعیران و نووسەرانی رۆمانسیی بوو کە دژ بە کلاسیکەکان دەجەنگین. ئەم وشەیە لەپاشان بیانووی ناتۆڕالیستەکان دژ بە رۆمانسییەکان بوو. تەنانەت سووریالیستەکان متمانەیان ئەدا کە بناغەی سەرقاڵیی زەینی ئەوان جیهانی راستەقینەیە. دەیجا وشەی راستەقینە خوازیش، وەکوو »ئەقڵ«ی دێکارت بەڕوواڵەت لە نێوان هەموو نووسەراندا وەکی یەك دابەشکراوە. لێرەشدادەبێ بڵێین هەق بە هەمووانە. چما ئەم نووسەرانە پێکەوە ناحەوێنەوە، بەم سۆنگەوەیە کە هەرکام لە سەر راستەقینەخوازی ، بیروڕای جیاوازی دەگەڵ دیتراندا هەیە. کلاسیکەکان وای بۆچوون کە راستەقینە بیرۆکەیەکی کلاسیکانەیە. رۆماتسییەکان (سۆزخوازەکان) پێیان رۆمانسی »سۆزهێنەر« بوو" سووریالیستەکان پێیان وەکی بڕوای خۆیان وابوو" کلوودێل راستەقینەی پێ شوناسەیەکی هەمیشەیی و خودایی بوو" کامۆ راستەقینەی پێ»پووچ« بوو" بەبڕوای نووسەرانی بەرپرس راستەقینە

PDF4Kurd



لـه هەمووشـتێ زیـاتر ئابوورییـەو بـەرەو سۆشـیالیزم دەڕوا. هــەر کـەس بەوچەشـنەی کـە جیهـانی دیتـووە وەسـفی دەکـا و هـیچ دوو کەسـێ بـە چەشنێکی نابینن. دەسا، زۆر بە سانایی روون دەبێتەوە لەبەر چی هەمیشە شۆڕشە ئەدەبییەکان بە نێوی راسـتەقینەخوازییەوە سـەرهەڵ ئـەدەن. لـەو کاتەدا کە چەشنی گێڕانەوە »فۆڕم« ژیان و دڵتەڕ بوونی سەرەتایی و هێـز و توانا و توندی خۆی لەکیس چوو، کاتێ ئەم فۆڕمە بووە یاسـایەکی گەنـدەڵ و گشتی و بووە داری دەستی ئیفادەفرۆشانی حیرفەیی و، داواکارەکانی هەر بـە پێـی عـادەت یـان تـەوەزلی رێزیـان بـۆ دانـاو، سـەبارەت بـە پێوسـتی و ناپێویـستی ئـەم فۆڕمـە تێفکرینیـان نـەما، سروشـتی ئەمەیـە کـە گەڕانـەوە بەرەو راستەقینە لە بوختـانی یاسـا گەندەڵـەکان و لـە تێکوشـان بۆوفۆڕمـە تازانە پێکدێ کە بتوانن جێگەی خاڵ و یاسا کۆنەکان بگرنەوە. دۆزینـەوەی راستەقینە پێشکەوتنێکی نابێ، چـما رۆخـسارو فۆڕمـە گەنـدەڵ و کۆنـەکان حەوا نەدا. یان دەبێ بخـوازین کـە جیهـان بـە گـشتی دۆزراوەتـەوە (کەلـەم دۆخەدا نووسەرانی هەرە بە ئاوەز دەست لە نووسین هەڵدەگرن) یـان دەبـێ بۆ بەرەوەتر بڕۆین.

باس لە سەر »کاری باشتر« نیە" بەڵکوو باس ئەمەیە: دەبێ لە رێگە نـامۆ و نەناسراوەکاندا برۆینە پێشەوە: لەرێگـە تازەکانـدا، حـەوجێ بـە شـێوازێکی تازەیـە. بـۆی هەیـە رەخنـە بگـرن چـما لـە پـاش ماویـەك، کـەم و زۆر درێژەخایەن، ئەم تێکۆشـانە دەبـێ بگاتـە فۆرمخوازییـەکی تازەکـە خۆشـی بەقـەدرایی فۆرمـەکانی پێـشوو، کۆنـە و هەڵوەشـاوە بـووە، ئـیتر ئاوەهـا هەڵسووڕانێك بۆ دۆزینەوەی فۆرمی تازە چ کەڵکێکی هەیە؟ واتای رەخنـەی

PDF4Kurd



ئەمانە ئەمەیە چما دەبێ بمرین و جێ بدەینە دیتران، ژین و ژیان کەڵکی چیە؟

هونەر ژیانە" لە هونەردا هیشتێك هەرمان و هەتاهەتایی نیە. هونەر بەبێ ئەم ململانێ هەمیشەییە ناتوانێ هەبوونی هەبێ بەڵام ئاڵوگۆڕەکان و شۆڕشە ئەدەبیەکان دەبنە هۆی بووژانەوەی هەتاهەتایی و هەرمانیی هونەر.

مەگەم جیهان ناگۆڕدرێ؟ لەلایەکەوە، جیهان لە دیمەنی رووالەتییەوە ئەو شتەنیە کە سەدساڵ لەمەوبە بوو. ژیانی ماددی ژینی رۆحی و رامیاری و هەروەها رووالەتی شارەکان، ماڵەکان، کۆێرەدێهات و رێگەکان بە چەشنێکی بەرچاو گۆڕاون، لە لایەکی دیکەوە، ئەو ئاگەدارییەی لە بارودۆخی هەناومان و لە دەوروبەری خۆماندا بوومانە »زانیاری و ئاگەداری زانستی، وەکوو زانستی ماددی‌یان زانستە مرۆییەکان) هەروەها یەخسیری ئاڵوگۆڕی گەورەبوون و، بەم هۆیانەوە، پێوەندی زەینی ئێمە دەگەڵ جیهاندا بە جارێ گۆڕدراوە.

ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکان »تغییرات‌عینی« بە یارمەتی پێشکەوتی زانستە ماددییەکان لە ناخ و هەناوی گۆشە نیگا فەلسەفی و رۆحی و ئاکارییەکانی ئێمەدا زۆر قووڵ کارتێکردن و رەنگدانەوەیان دەبێ. دەیجا بێتوو چیرۆك هیچ کارێکی دیکەی بێج لە دووبارە نوواندنی راستەقیینە نەبێ، هەمدیسان ئەوەندە سروشتی نیە کە بناغەی راستەقینەخوازی چیرۆکی هاوتەریب دەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتووبێ.

چیروکی سەدەی نۆزدە »کەرەسەو ئامێرێکی شیاو« بۆ راپۆرتدان لە راستەقینەی ئەمرۆ نیە. زۆر سەیرە کە رەخنەگرانی یەکێتی سۆڤیەتی

PDF4Kurd



جاران بە متمانەیەکی زۆرترورزیاتر لە رەخنەگرانی جیهانی سامانپەرەست لە هەر دەرفەتێکدا رەخنە لە چیرۆکی نوێ دەگرن کە بۆچی دەیهەوێ لەم ئامێرە کۆنە دوور کەوێتەوە.بەبڕوای ئەمانە چیرۆکی سەدەی نۆزدە ئێستاش دەتوانێ کەندو کۆسپەکانی جیهانی ئەمڕۆیی و دەواو دەرمانە باوەکانی سەلەف بنێتە بەردەستی جەماوەر.ئەڵێن لە دۆخی پێویستدا دەتوانین باشکردنەوەیەکی گچکە لەم روخسار و فۆرمە کۆنەدا پێك بێنین. دەڵێی دەیانهەوێ داسێك یاکوتکێك ساخ کەنەوە. ئێستا کە ئەوا باس لە ئامێری کارکردن کرا، دەبا ئەوش بڵێم هیچ کەس ماشێنی خەرمان کوت وەك داسێکی تەباکراو لەبەرچاو ناگرێ" بەڵکوو بە ماشێنێکی دەزانن لە بۆ حاسڵ وەکۆ کردنەوە، بەبێ ئەوەی پێوەندییەکی زۆر کەمیشی دەگەڵ هەڵگرتنی گەنمدا هەبێ.

بەڵام بارودۆخەکە لەمەش دژوارترە، هەر وەکوو لە شوێنێکی دیکەدا روونمان کردۆتەوە، چیرۆك ببڕابڕ ئامێرو کەرەسە نیە" چیرۆك لە سەرەتاوە بۆ ئارمانجێکی تایبەت لەبەر چاوناگیرێ، چیرۆك بۆ پیلان و بیچم و دەربڕینی بڕێ بابەت کە لە پێشدا لە دەرەوەی خۆیدا هەبوونی هەبێ نانووسرێ، چیرۆك گێڕانەوەی چلۆنایەتی و بارودۆخ نیە" چیرۆك تۆێژینەوەیەکە، چیرۆك بە شوێن تۆێژینەوەو دۆزینەوەی خۆیدایە. رەخنەگرانی قوتابخانەیی »سەربە ئەم و ئەو قوتابخانە«، لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا، وشەی راستەقینە خوازی بە چەشنێك دەکار دەکەن کە دەڵێی راستەقینە لە پێش دەست پێکردنی کاری نووسەریدا و »لە بۆ هەمیشە«ساز و تەبا کراوە. بەم چەشنە، رەخنەگرانی قۆتابخانەیی وای بۆ دەچن کە ئیش و ئەرکی چیرۆك لە دۆزینەوە و گێڕانەوەی راستەقینەی

PDF4Kurd



سەردەمدایە. بە بۆچوونی ئەم رەخنەگرانە، راستەقینەخوازی هەوجێی بەمەیە کە چیرۆك تەواوەن راستی و راستینە لە بەر چاو بگرێ. دەسا تایبەتمەندی نووسەر دەبێتە وردبینین لە کاتی دیتندا و ئاگەدار بوون لە راست بێژیدا »کەم و زۆر بە دەمڕاستییەوە« بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو »ناحەزییە رەها«یەی کە راستەقینەخوازی سۆشیالیستی لە زیناح و لاڕێیەکانی کاروباری جیماعی هەیە، کاری ئەم قوتابخانە و ئاڕمانجەکەی دەبێتە گێڕانەوەی زەقی دیمەنە دژواروزڕدەکان و »درەبەستی تێکچوونی خوێنەریش نین«. ئەڵبەت رەنجێکی تایبەت ئەدەنە گێرەوکێشەکانی ژیانی ماددی و بە تایبەت کەندو کۆسپەکانی بنەماڵە هەژارەکان. بەم چەشنە، کارخانە و مەزڵگرتن دەکاولاش و زاخەدا زۆر بە ئاسایی »راستەقینە«ترە لە گیرەوکێشەی بێکاری، سامانداری رازاوەیە و ململانێ و دوژمنایەتی راستەقینەتر لە بەختەوەرییە. وەلحاسڵ، دەبێ هەر رەنگ و واتای دوور لە جوانیی ژنانە بە جیهانەوە بلکێنین و لەم کارەشدا وەکی قەوارەی کۆنی ئێمیل زۆلا کاربکەین.

بەڵام لەو کاتەوە کە بۆمان دەرکەوتووە: هەر کەس نەك لەم جیهانەدا راستەقینەی تایبەتی خۆی دەبینێ، بەڵکوو خۆی خۆلقێنەری ئەم راستەقینەیەشە، تەواوی ئەم قسانە بێ نرخ بوون. چیرۆك گێڕانەوەی رووداوەکان، شایەتمان بوون یان راپۆرتی زانستی نیە هەتا ئارمانجەکانی ئاگەدار کردنەوەی مرۆ بێ. چیرۆك پێکهێنەری راستەقینەیە. چیرۆك نە هەواڵی لە توێژینەوەکەی خۆی هەیە و نە دەزانێ کە دەبێ چی بڵێ. چیرۆك داهێنانە داهێنانی جیهان و ئینسان" داهێنانێکی بەردەوام و گۆمانێکی هەمیشەیی. تەواوەتی ئەو کەسانەی وا، سیاسەت پیشەبن یا نەبن،

PDF4Kurd



چاوه‌ڕوانییه‌كی بێج له‌ دووپات كردنه‌وه‌ی راڤه‌ی شته‌ ئاشـكراو روونـه‌كانیان نیه‌، یا له‌ رۆحیه‌ی چۆن چۆنی‌خوازی و بۆچی و چۆن و له‌ سه‌رچی ده‌ترسن و له‌ ئه‌ده‌ب به‌دگومانن. به‌سه‌ر منیش هاتووه‌ كه‌ وه‌كوو دیتران بۆ ماوه‌یـه‌ك ببمه‌ قۆچی قوربانی گومانی راسته‌قینه‌خوازی. بۆ وێنـه‌ لـه‌و ده‌وره‌یـه‌دا كـه‌ چیرۆكی »بینه‌ر«م ده‌نووسی زۆر تێده‌كۆشام كه‌ هـه‌ڵفڕینی مـه‌لانی زه‌ریـا و هه‌ڵچوون و داچوونی شه‌پۆلان رۆكوراست و به‌وردی بنووسم. هه‌ر له‌وكاتـه‌دا ده‌رفه‌ت و هه‌لێك ره‌خساو سه‌فه‌رێكی كاتیم بۆ لێواره‌كانی زه‌ریـای برۆتـانی كرد. بـێج لـه‌وه‌ی بـه‌خۆم ده‌وت: ئـای هـه‌لێكی چه‌نده‌باشـم بـۆ ره‌خـساوه‌، ئێستا ده‌توانم بارودۆخه‌كه‌ له‌ نێزیكه‌وه‌و له‌ شـوێنی خۆیـدا بـدینم و عـه‌مارو ئارشێوی زه‌ینم جارێكی دیكه‌ش له‌م شته‌ پـڕ كه‌مـه‌وه‌... بـه‌ڵام لـه‌ گـه‌ڵكوو یه‌كه‌م مه‌لی زه‌ریام بینی، هه‌ڵه‌ی خۆمم بۆ ده‌ركه‌وت: لـه‌ پـێش پێـشدا ئـه‌و مه‌له‌ زه‌ریاییانـه‌ی ده‌مـدیتن پێوه‌ندییـه‌كیان بـه‌و مه‌لانـه‌وه‌ كـه‌ مـن وه‌سـفم كردبوون، نه‌بوو مه‌گه‌م زۆركه‌م و ته‌م و مژاوی. له‌ پاشان و بێج له‌مانـه‌ ئـه‌م كاره‌ به‌ بڕوای من چ بایه‌خێكی نه‌بوو.

تـاك هـه‌ر ئـه‌و مه‌لانه‌لـه‌ لای مـن بایـه‌خیان بـوو كـه‌ خـۆم لـه‌ زه‌یـنی خۆمـدا سه‌رقاڵیان بـووم. به‌ڵكـه‌م مـه‌لانی زه‌یـنی منـیش چه‌شـنێك پێوه‌نـدییان بـه‌ جیهانی ده‌ره‌وه‌ و به‌ڵكه‌م به‌ زه‌ریای برۆتانیـه‌وه‌ هـه‌بوو. بـه‌ڵام ئـه‌م مه‌لانـه‌ قه‌ڵافه‌تیان ئاڵوگۆڕی بـه‌ سـه‌ردا هـاتبوو و ده‌تـوت مـه‌لانێكی راسـته‌قینه‌تـر بوون“ هه‌ر به‌م هۆیه‌وه‌ كه‌ زیاتر »خه‌یاڵی« بوون. ره‌خنـه‌ لـه‌ مـن ده‌گـرن و پێمـده‌ڵێن: »لـه‌ ژیانـدا رووداوه‌كـان بـه‌م چه‌شـنه‌ ناقـه‌ومێن« یـان: »میوانخانه‌یه‌كی وه‌كوو میوانخانه‌یه‌كی كتێب و فیلمی »مارین‌باد« هـه‌بوونی نیه‌«“ یان ده‌ڵێن: »كـرده‌وه‌ی مێردێكـی دڵ پـیس وه‌ك كـرده‌وه‌ی پاڵـه‌وانی

PDF4Kurd



کتێبەکەی تۆ»دڵپیسی« نیە“ یاخۆ: »رووداوەکانی پاڵەوانی فەڕەنسایی کتێبی »هەمیشە بەهار لە تورکیا« لە راستی ناچێ.«“ یان خۆ دەڵێن: »نیشانی سپایی ئەو سەربازەی لە کتێبی »لابیرێنت یان دەهلیزەکان«دا ون بووە لە شوێنی راستەقینەی خۆیدا نیە«...

جاروبار لەم چەشنە رەخنانە پەست دەبم و حەول ئەدەم وڵامەکانی خۆم لە سەر بناغەی راستەقینە دابنێم. جا بەم سۆنگەیەوە لە هەبوونی زەینی ئەو میوانخانەیە، لە راست بوونی رۆحی و راستەو خۆ، کە وەکوو راڤە ولێدوان نیە، یان لەو مێردە نیگەران و سەرقاڵ و یەخسیرەی کە ئالوەدای کردەوەی بەرگومانی ژنەکەیەتی، یان لە کردەوەی لە ڕادەبەدەر سروشتی ئەوقسان دەکەم. بەبێ گۆمان وای بۆ دەچم چیرۆکەکان و فیلمەکانی من لەم بابەتەشەوە شیاوی بەرگرین. بەڵام من بە باشی هەست دەکەم قسەو وتەی بنەڕەتی من شتێکی دیکەیە: من کۆپی و لە ڕوو نووسینەوە ناکەم، بۆخۆم داهێنەرم و دەخولقێنم! ئاواتی گەورەی فلۆبێر، نووسەری گەورەی سەدەی نۆزدەش هەر ئەمە بوو: لە نەبوونەوە هێنانە سەر هەبوون ـ بەوچەشنەی کە هونەر بتوانێ بە تاقی تەنێ بۆ خۆی لە سەر لاقی خۆی راوەستێ و، مەجبوور نەبێ پاڵ بە شتێکی دیکەوە بدات یان پشت بە شتێکی دیکەوە ببەستێ. ئەمرۆکە تەواوی مەبەست و ئامانجی چیرۆك ئەمەیە! دەیجا دەردەکەوێ چیها دوورە کە »راستی نوێن« یان »وەکی نموونە بوون« ببێتە بەڵگەی کاری ئێمە. لە بنەڕەتدا بارودۆخەکە جۆرێکە دەڵێی ناراست »یانی شتێکی بەرگۆمان و بەبێ گۆمان، گریمانەیی و درۆیین« بۆتە بەرجەوەند و بناغەی گرینگی چیرۆکنووسی ئەمرۆیی. وەسفگەرو پێدا هەڵوێژێکی تازە، پای ناوەتە ژیانی چیرۆکنووسینی خۆیەوە: ئەم وەسفگۆ و پێیا هەڵوێژە

PDF4Kurd



کابرایەك نیە کە بە تەنیا هەر بە سەر ئەوشتانەدا هەڵ بڵێ کە دەیدینێ، ئەو لە عەینی حاڵدا کەسێکە، کە لە دەوروبەری خۆی، شت دەخولقێنێ و شت گەلێك دەبینێ کە بۆ خۆی ئافراندوویەتی.

ئەم پاڵەوانە وەسفگۆیانە لە گەڵکوو لێکچوونێکی کەمیشیان دەگەڵ »کەسایەتی چیرۆك«ەکان پێکهێنا، فەوری دەبنە مرۆیەکی درۆزن یا نەخۆش، تەنانەت بێتوو لەو نووسەرانەش بچن کە چیرۆکی خۆیان دەخولقێنن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ چیرۆکەکانی رەیموون کینۆ بکەم کە هەر لەم کەش و هەوایە دایە، لە بەر ئەوەی تانوپۆی ئەم چیرۆکانە زۆر کات چەشنی خەیاڵە و بزووتنەوەی ئەوان هەمیشە بەوردی هەمان بزوتنەوەی خەیاڵە. بەم پێیە، لە راستەقینەخوازی نوێدا، باسێك لە هەڵبژاردنی راستییە گەندەڵەکان و ناسراوەی »ئووریسم« نیە. ئەو پاژانەی چیرۆك دەکاتە »راستی نوێن« سەرنجی چیرۆکی نوێ راناکێشێ، نە لە تەماشاخانەی جیهاندا و نە لە بەستێنی ئەدەبدا. ئەو شتەی سەرنجی چیرۆکنووس رادەکێشێ پاژگەلێکی سەیرو سەمەرەترە: ئەو دەگەڕێتەوە سەر ئەو پاژانەی کە چیرۆکەکەی درۆیین بنوێنێ. ئەمە هەمان شتێکە کە لە پاش ئاڵوگۆڕو داڕزینی زۆر لە نووسراوەکانی ئەواندا دەردەکەوێ. بۆ وێنە: ئەو کاتەی کافکا لە بیرەوەریەکانی رۆژانەی خۆیدا باسی ئەو شتانە دەکا کە لە گەڕانەکەیدا دیتوویەتی، تاك هەر ئاماژە بەو خاڵانە دەکات کە نەك بایەخدارنین، بەڵکوو لە گۆشە نیگای ئەودا بەبێ واتاشن، بێ واتا راستی ئاساش نیە: لە بەر دێکەوە کە روون نیە بۆچی لە نێوەڕاستی کۆڵاندا حەوا دراوە هەتاکوو کردەوەی سەرسووڕهێنەر و نائاسایی رێبوارێك. ئەمانەش هەردووکیان کارهایەکی ناتەواو و نەزانانەن و وەڵام دەرەوەی کردەوە و

PDF4Kurd



کارێکی هەرەکەم یان مەبەستێکی روون نین. بە هەڵکەوت هەر شتێك کەش و هەوایەکی سروشتی و ئاسایی نەبێ، لە گوێچکەی چیرۆکنووسدا دەنگەدانەوەیەکی باشتر و ساختری هەیە: شتە گچکە و کەمبایەخەکان، ئەو شتانەی جیاواز لە بەستێنی کەڵك وەرگرتنن، کاتەڕاوەستاوەکان، وتەیەکی پچڕپچڕ و جیا لە یاسای رستە و کۆپلە یان وتووێژی ئاڵۆز و شێواو و تێکەڵ و پێکەڵ سەرنج راکێشەرترن.

بڵێی ئەمە هەمان ئەوشتە بێ کە »پووچی«ی پێدەڵێن؟ نەخێر! لەبەر ئەوەی هەمووی ئەمانە لە شوێنێکی دیکە، شتگەلێکی تەواوەن ماقووڵ و ئاشکرا و ئاساین و خاوەنی تازەیین و، حوزوری بێسۆنگە و بە بێ هۆی خۆیان دەسەلمێنن.ئەمانە شتەکانن، ئەمە و هیچی دیکە.بەڵام مەترسی‌یەکی دیکە هەڕەشە لەنووسەر دەکات: پووچ بینین، فەلسەفەی مێتافیزیك »لەولای سروشتەوە« بە زەیندا تێپەڕ دەکات و بەزەیندا دێنێ. بێ هۆبوون و بێسۆنگەیی و بۆشایی ئەو جیهانانەی لەو پەڕی زەویدان و لەوپەڕی سروشتدان بە توندی دەئاخننە زەینی ئێمەوە.

سەر بوردی رەنجباری کافکا لەم بەستێنەدا باشترین نموونەیە. ئەم نووسەرە راستەقینەخوازە »بەم واتا نوێیەی کە تێدەکۆشم راڤەی کەم: خولقێنەری جیهانێکی ماددی بە حوزوورێکی خەیاڵی و خولیایی‌یەوە«، هەروەها کەسێکە کە زیاتر لە دیتران بە دەست موریدان و راڤەکارانی خۆیەوە لیپاولیپ لە واتاو مەعنا، ئەویش مەعنای قووڵ کراوە. ئەو زۆر زوو لە گۆشەنیگای خوێنەرانیدا بووبە کابرایەك کە بەڕوواڵەت لە شتەکانی ئەم جیهانە قسان دەکا هەتاکوو هەبوونی تەم و مژاوی ئەوپەڕایی‌یەکی نادیار پێ‌نیشان بدات. بۆوێنە مەراقەکان و کەندوکۆسپ و تەگەرەکانی

PDF4Kurd



ئەندازیارێکی درۆیینی دەست هەڵنەگر لە نێو خەلقی گوندێکدا باس بکات: چیرۆکەکەی یان بلێین حیکایەتەکەی تام و چێژێکی نیە، چوونکە هەر دێهەویێ ئێمە دەگەڵ ژیانی دوورونێزیکی کۆشکێکی ئاوێتەی نەهێنیدا دیوناس بکات. ئەو کاتەی نووسەر، ژوورەکان، پاپلیکانەکان و دەهلیزەکان پێ نیشانی خوێنەر ئەدات کە ژووزێف.ك لە ناو ئەمانەدا بە شوێن عەداڵەت و یەکسانیدا دەگەڕێ، دەڵێی هەر دەیهەوێ لە سەر چەمکی ئایینی رەحمەتی خودایی لە تەکماندا قسان بکات و" شتەکانی دیکە هەمووان بە پێی پێویستی ئەم مەبەستە و سەبارەت بەم ئەندێشە و تێفکرینە وەسف دەکرێن.

لەم دۆخەدا، چیرۆکەکانی کافکا نەزیلەیەك زیاتر نین" دەسا داستانەکانی ئەو نەك هەر داخوازی لێکدانەوەن، بەڵکوو ئاکامی لێکدانەوەکە دارمانـدن و کاول کردنی ئەو جیهانە بەر هەستەیە کە هەمان تانوپۆی چیرۆکەکانی ئەوە. بێج لەمانەش، ئەدەب هەمیشە و بەوردی دەبێتە قسەکردن لە شتەکانی دیکە. دوو جیهانمان دەبێ: جیهانێکی کە هەیە و جیهانی راستەقینە. جیهانێکی کە هەیە شیاو و قابیلی بینین و جیهانی راستەقینە دەبێتە تەنیا جیهانی گرینگ و ئەوتۆ و لەم بەینەدا، چیرۆکنووس لە دەوری شەفاعەتخواز و نێوبژیکەرەوەدا قوت دەبێتەوە: چیرۆکنووس بە وەسفی درۆیینی دیمەنە بێکەڵکە و بێ بایەخەکان، »راستەقینە«ی پشت شتەکان ئاشکرا دەکات. لە حاڵێکدا وانیە. خوێنەر دەبێ بەبێ ڕابێ و لەم چەشنە راڤانە ئەگادار نەبێ. خوێنەرێکی ئاوا پێمل دەبێ کە کافکا راستەقینەی رەهای شتەکان وەسف دەکات. دونیای شیاوی دیتنی چیرۆکەکانی ئەو، هەمان دۆنیای راستەقینەی ئەوە، ئەوشتەش وا نەهێنی یە، »چما نەهێنی

PDF4Kurd



بـووبێ« لـە هەمبـەری ئـاشـﮔـرایـی و ڕوكوڕاسـتی شـتەكان و جووڵانـەوەی ئەندامەكانی ئینسان و وتەكانی ئەودا، بەبێ قەدر و قیمەت و بێبایـەخ دێتـە بەرنەزەر.

كارتێكردن و ڕەنگدانەوەی گومانكردن »هالوسیناسیۆن« لەبەر ئاشـكرابوون و ڕوك و ڕاستی لە ڕادەبەدەری شتەكانە، نەك لەبەر شەپۆلان و تەم و مژاوی بوونی هەڵم و موخارەكان. لە ڕاستیدا، هیچ شتێ خەیاڵیتر و گومانسازتر لە ڕوك و ڕاستینیە. بەڵكەم پلیكانەكانی كافكا بگەنـە شـوێنێكی دیكـە، بـەڵام ئـەم پلیكانانـە هـەبوونیان هەیـە، دەشـكرێ پلیكـان بـە پلیكـان و وێـڕای لێكۆڵینەوە لە پاژەكانی نەردە ومحەجەرییەكان، تەماشایان بكەین. ڕەنگبێ لە پشت دیوارە بۆرەكانی ئەودا شتێك حەشار درابێ، بـەڵام زەیـنی ئینـسان بـەرەو لای ئـەوان، بـەرە و توێـژی قەڵـشیو ڕەنگـی ئـەوان و قەڵێـشتی ئـەو دیوارانە سەیر دەكا و ڕادەوێستێ. تەنانەت ئەو شـتەی وا قارەمـانی چـیرۆك بە شـوێن ئـەودا دەگـەڕێ، لـە هەمبـەری بـە شـوێندا گـەڕانی پێداگرانـە، لـە هەمبەری ڕێگەكان و جووڵانەوەكانی ئەودا كە تەنیا شتی بەرهەست و تـەنیا ڕاسـتەقینەی بەراسـتین، ون دەبـن. لـە تـەواوەتی ئـەو دەقـەدا، پێوەنـدی ئینـسان دەگـەڵ جیهانـدا ڕاسـتەوخۆ و بـەبێ نێوبـژی دیترانـە، نەهێمایـەكی تێدایە و نەنیـشانەیەك! شـێوازی كـاری واتاقووڵـەكانی مێتـافیزیكی، ڕاسـت وەكـوو واتـا ڕامیارییـەكان، ڕۆحـی و ئاكارییـە.سـەلماندن وهەڵبـژاردنی واتـا دیوناسەكان بۆ دەربڕین، ڕاست بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و مەبەستی گشتی ئەدەبە. هەرە ئاقڵانە و »لە عەینی حاڵدا هەرە ڕاست و پسپۆرانە«تـرین كـار ئەمەیە كە لەمڕۆدا بە خەیاڵی واتاكانی داهاتوو نەبین، یانی ئەو واتایانـەی وا لە داهاتوودا بە یارمەتی چیرۆك دێتە نێو جیهانی هەبوونەوە. بیـست سـاڵێك

PDF4Kurd



دەبێ کە ئێمە شاهیدی کاری موریدانی کافکاین، لە بەرهەمی ئەم موریدە داواکارانەدا هیچ شتی بیج لە لاسایی کردنەوەی ناوەرۆکی فەلسەفی کاری »مامۆستا« هەبوونی نیە. ئەم داواکارانە، راستەقینەخوازی مورادەکەی خۆیان لە یاد بردۆتەوە.

دەمێنێتەوە هەمان واتای راستە و خۆی شتەکان: واتای وەسفکردن، پاژبەپاژ و هەمیشەلە هەمبەری چۆن و بۆچیدا. واتایەکی ئاوا لەم بەری چیرۆك و رووداوەی بەر هەمەکەدایە، هەر وەکوو واتا قووڵەکان لەو بەری کتێبەکەدان. لەمەوبەدووا، رەنجی تۆێژینەوە و تەقالای خولقاندن و ئافراندن خەرجی ئەم واتا راستەو خۆ و بێواسیتەیە دەکرێ. لەبەر ئەوەی ناتوانین ئەم بەرپرسیایەتییە لە بەر چاو نەگرین، مەگەم ببینە شایەتمانی سەرکەوتن و سەرکەوتوویی رووداوە و داستانی چیرۆك، یا تەنانەت ببینە بینەری وەسەرکەوتنی چیرۆك. ————————

»فەلسەفەی ئەوپەری جیهانی }مێتافیزیك{« بۆشایی خۆش دەوێ و، وەکوو دووکەڵی ناو قۆڵەکوورە، دەچێتە ناویەوە“ لەبەر ئەوەی لە ئەمبەری واتای بەبێ نێوبژی شتەکان، سەروکارمان دەگەڵ »پووچی«دا دەبێ.

»پووچی« لە باری تیئۆرەی ئەدەبەوە، لە جێگەو شوێنی هیچدایە، بەڵام لە کردەوەدا، لە رێگەی دۆزینەوەی ناسینەوەییەوە، رێنوێنی جیهانێکی بەرزترمان دەکات. شیکردنەوەی بێنیهایەتی واتا، کۆیەك و یەکیەتی یەکی تازە دادەمەزرێنێ، کە بە هەمان ئەندازە مەترسی هێنەر و بەبێ کەڵکەیە. لەم بەردا، چ شتێ بێج لە هەرا و هوریای وشەکان نامێنێتەوە. بەڵام لایەنە جیاوازەکانی واتای زبان، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، خاوەنی

PDF4Kurd



پێوەندی هەمبەری بێ ئەژمار و لە ڕادەبەدەرن. گۆمان بۆی دەچێ راستەقینەخوازی نۆی برێك لەم هەمبەرە تیئۆرەییانە تێكبدات و كاولی كات. ژینی ئەمڕۆیی و زانستی نوێ دووربوونەوە لە جیاوازییە توندە مەڕامییەكانی زۆر شتانی، كە بەرهەمی عەقڵخوازی »راسیۆنالیزم« سەدەی رابردوون، شیاوی چارەسەربوون كردووە. تەبعەن چیرۆكیش كە وەكی هەر هونەرێكی دیكە داواكاری سەرقافڵەیی نەریتی ئەندێشەكانەو نەك پاشڕۆی ئەوان- هەر لە ئێستاوە ئەم لایەنە جیاوازانە جووتگەلی دیكە و وشەگەلێكی دژواز پێكەوە دەلكێنێ: ئەم ئاوێتە بووانە روخسار و فۆڕم و ناوەرۆك و عەینیەن و زەینیەت، واتا، پووچی، بینا، وێرانبوون، بیرگە، دۆخ و خەیاڵ و راستەقینە و... شتی دیكەن.

لە راستی توندڕۆوە هەتا چەپی توندڕۆ هەمووان دووپاتی دەكەنەوە كە هونەری نوێ ناساخە، لاڕێیە، رەش و زایە و دژی ئینسانییە. بەلام ساخبوونی دڵخوای ئەم چەشنە دادوەرانە یانی دەواودەرمانكراوی دژ بە میكرۆب، یانی چاو قووچاندن و نەدیتن" ساخ و سلامەتی دڵخوازی ئەمانە ساخ و سلامەتی مەرگ و مردنە. ئینسان هەمیشە سەبارەت بە ئامێرو كەرەسەی رابردوو لاڕێیە: چیمەنتۆ سەبارەت بە بەرد، سۆشیالیزم سەبارەت بە حوكماتی كەمایەتی و تاك، پرووست سەبارەت بە بەلزاك، پێك هێنانی ژیانی نوێ بۆ بەختەوەری مرۆكارێكی دژبە بەشەرییەت نیە. ئەم ژین و ژیانە تازەیە رەش نایەتە بەر نەزەر، مەگەم هەمیشە لە دووری رەنگە كۆنەكاندا بگریین و بە تەمای بینینی جوانییە تازەكان كە رۆشن كەرەوەی ئەوشتەن، نەبین. ئەو شتەی كە هونەری ئەمڕۆیی بۆ خوێنەر و بینەری پێشنیار دەكات، لە هەر دۆخێكدا چەشنێك ژین و ژیان لە جیهانی ئێستادا،

PDF4Kurd



بەشداری کردنیش لە ئافراندنی هەمیشەیی جیهانی سبەینێیە. چیرۆکی نوێ، بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا، لە خوێنەرانی خۆی دەخوازێ دیسانەکەش بڕوا بە هێزوتوانای ئەدەب بکەن، لە چیرۆکنووسانیشی دەوێ ئیدی شەرمەزاری ئەوەنەبن کە سەرقاڵی ئەدەبی رەهان. ئەو بیرو بڕوایەی وا سەبارەت بە چیرۆکی نوێ باوە- ئەم بڕوایەش لەو کاتەوە باو بووە کە وتار گەلێکی زۆر تەرخانی ئەو چیرۆکانە کراون- بە پێی ئەو بڕوایە دەڵێن: چیرۆکی نوێش، تازەخوازییەکە، ئەمەش دەڕوا! لەگەڵکوو بڕێك لەم قسە وردبینەوە، بە دوو هۆوە سەرسووڕهێنەرە. تەنانەت چما بشکرێ فلانەشێوازی نووسین یا بێهمان دارشتنی نووسین بە نوێخوازی بچوێنین (لە راستیدا هەمیشە تاقمێکی لاسایی کەرەوە زووتر لە دیتران سەر لە کاران دەردێنن و لاسایی روخسار و فۆرمە تازەکان دەکەنەوە. ئەم لاسایی کەرانە پێویستی کاری خۆیان هەست ناکەن و تەنانەت لە رەنگدانەوەکەشی شتێك حاڵی نین. ئەمانە سەرەندەری ئەوە ناکەن لاسایی کردنەوەش پێویستی بە تەقالا هەیە.) چیرۆکی نوێ، لە خەرابترین واتای خۆیشیدا، دیسانەکەش بزاوێکە لە داهێنانی نوێ خوازیدا. تایبەتمەندی بزاڤەنوێ خوازەکان ئەمەیە کە وردە وردە تێدا دەچن هەتاکوو کات بە کات جێ و شوێنی خۆیان بدەنە نوێخوازییەکی دیکە. ئەزقەزا تەواوەتی قسەی چیرۆکی نوێش هەر ئەمەیە: روخسار و فۆرمەکانی دەربڕین کۆن دەبن.

وتەگەلێك وەکوو »کۆن بوونی تازەکان« و »سەرکوت کردنی هونەرمەندانی شۆڕشی وسەربەخۆ«، »گەڕانەوە بۆ نەریتی ساخ« قۆڕیاتێکی دیکەش، لە رێزەی ئەو کردەوە گەمژانە و کۆنانەن کە هەمیشەیی و بەبێ هیوایانە لە حەولی سەلماندنی ئەوەدان: »لە راستیدا هیچ شتێ ناگۆڕدرێ«، یا »ببڕابڕ

PDF4Kurd



لە جیهاندا شتێکی تازە ناقەومێ«. کەچی لە راستیدا هەموو شتێ هەر لە ئاڵوگۆڕدایە و هەمیشە خەریکە کارێکی تازە دەقەومێ.

رەخنەی سەلەفی تەنانەت دەیهەوێ بۆ خوێنەران بسەلمێنێ تەنیا تەکنیکی تازە ئەوەیە ببنە گیرۆدەی »چیرۆکی هەمیشەیی«، یان سەرقاڵی راستکردنەوەی تایبەتمەندی پاڵەوانی چیرۆکی بەلۆژاك ئاسابن و بیچم و پیلانی زەمانی و بەشەردۆستییەکی بەرزتر وەدەرخەن.

دەکرێ لە راستیدا رۆژێکی ئاوا بگاتێ و تەنانەت زووتریش بگاتێ" بەڵام ئەو رۆژە کاتێ دەگاتێ کە چیرۆکی نوێ سەرقاڵی کارێکی بێج لە ئەدەب ببێ: چ ئەوکارە شیکردنەوەی رۆح »دەروون« بێ یان خزمەت کردن بە ئایین، یان پێشکەشکردنی راستەقینەی سۆشیالیستی، جیاوازی نیە. ئەم خاڵە لە نیگاو بۆچوونی داهێنەرانی چیرۆکی نوێ وە نیشانەی ئەوە دەبێ کە »چیرۆکی نوێ«یەکی تازە خەریکە دەست پێدەکا. لەوکاتەدا هێشتا ناتوانرێ بۆترێ ئەم چیرۆکە تازەیە بێج لە خزمەتی ئەدەب، چی دیکە دەتوانێ بکات.

»فەلسەفەی ئەوپەڕی جیهانی مێتافیزیك« بۆشایی خۆش دەوێ و، وەکوو دووکەڵی ناو قۆڵەکوورە، دەچێتە ناویەوە" لەبەر ئەوەی لە ئەمبەری واتای بەبێ نێوبژی شتەکان، سەروکارمان دەگەڵ »پووچی«دا دەبێ.

»پووچی« لە باری تیئورەی ئەدەبەوە، لە جێگەو شوێنی هیچدایە، بەڵام لە کردەوەدا، لە رێگەی دۆزینەوەی ناسینەوەییەوە، رێنوێنی جیهانێکی بەرزترمان دەکات. شکردنەوەی بێنیهایەتی واتا، کۆیەك و یەکیەتی یەکی تازە دادەمەزرێنێ، کە بە هەمان ئەندازە مەترسی هێنەر و بەبێ کەڵکەیە. لەم بەردا، چ شتێ بێج لە هەرا و هوریای وشەکان نامێنێتەوە. بەڵام لایەنە

PDF4Kurd



جیاوازه‌کانی واتای زبان، که له سه‌ره‌وه ئاماژه‌مان پێکرد، خاوه‌نی پێوه‌ندی هه‌مبه‌ری بێ ئه‌ژمار و له ڕاده‌به‌ده‌رن. گومان بۆی ده‌چێ راسته‌قینه‌خوازی نوێ برێك له‌م هه‌مبه‌ره تیئوره‌ییانه تێکبدات و کاولی کات. ژینی ئه‌مڕۆیی و زانستی نوێ دووربوونه‌وه له جیاوازییه توونده مه‌ڕامییه‌کانی زۆر شتانی، که به‌رهه‌می عه‌قڵخوازی »راسیۆناڵیزم« سه‌ده‌ی رابردوون، شیاوی چاره‌سه‌ربوون کردووه. ته‌بعه چیرۆکیش که وه‌کی هه‌ر هونه‌رێکی دیکه خوازیاری سه‌رقافڵه‌یی نه‌ریتی ئه‌ندێشه‌کانه‌و نه‌ك پاشڕۆی ئه‌وان- هه‌ر له ئێستاوه ئه‌م لایه‌نه جیاوازانه جووتگه‌لی دیکه و وشه‌گه‌لێکی دژواز پێکه‌وه ده‌لکێنێ: ئه‌م ئاوێته بووانه روخسار و فۆڕم و ناوه‌رۆك و عه‌ینیه‌م و زه‌ینیه‌ت، واتا، پووچی، بینا، وێرانبوون، حافیزه، دۆخ و خه‌یاڵ و راسته‌قینه و... شتی دیکه‌ن.

له راستی توندڕۆوه هه‌تا چه‌پی توندڕۆ هه‌موان دووپاتی ده‌که‌ینه‌وه که هونه‌ری نوێ ناساخه، لاڕێیه، ره‌ش زایه و دژی ئینسانی‌یه. به‌ڵام ساخبوونی دڵخوای ئه‌م چه‌شنه دادوه‌رانه یانی ده‌واوده‌رمانکراوی دژ میکرۆب، یانی چاو قووچاندن و نه‌دیتن“ ساخ و سلامه‌تی دڵخوازی ئه‌مانه ساخ و سلامه‌تی مه‌رگ و مردنه. ئینسان هه‌میشه سه‌باره‌ت به ئامێرو که‌ره‌سه‌ی رابردوو لاڕێیه: چیمه‌نتۆ سه‌باره‌ت به به‌رد، سۆشیالیزم سه‌باره‌ت به حوکماتی که‌مایه‌تی و تاك، پڕووست سه‌باره‌ت به به‌لزاك، پێکهێنانی ژیانی نوێ بۆ به‌خته‌وه‌ری مرۆکارێکی دژبه به‌شه‌رییه‌ت نیه. ئه‌م ژین و ژیانه تازه‌یه ره‌ش نایه‌ته به‌ر نه‌زه‌ر، مه‌گه‌م هه‌میشه له دووری ره‌نگه کۆنه‌کاندا بگریین و به ته‌مای بینینی جوانییه تازه‌کان که رۆشن که‌ره‌وه‌ی ئه‌وشته‌ن، نه‌بین. ئه‌و شته‌ی که هونه‌ری ئه‌مڕۆیی بۆ خوێنه‌ر و بینه‌ری

PDF4Kurd



پێشنیار دەكات، له هەر دۆخێكدا چەشنێك ژین و ژیان له جیهـانی ئێـستادا، بەشداری كردنیش له ئافراندنی هەمیشەیی جیهانی سبەینێیە. چـیرۆكی وێ، بۆ سەركەوتن لەم كارەدا، له خوێنەرانی خـۆی دەخـوازێ دیـسانەكەش بـڕوا به هێزوتوانای ئەدەب بكەن، له چیرۆكنووسانیشی دەوێ ئیـدی شـەرمەزاری ئەوەنـەبن كـه سـەرقاڵی ئـەدەبی رەهـان. ئـەو بـیرو بڕوایـەی وا سـەبارەتبه چیرۆكی نوێ باوە- ئەم بڕوایەش لەو كاتەوە باو بووه كـه وتـار گـەلێكی زۆر تەرخانی ئەو چیرۆكانه كراون- به پێی ئـەو بڕوایـه دەڵـێن: چـیرۆكی نـوێش، تازەخوازییەكە، ئەمەش دەڕوا! لەگەڵكوو برێك لەم قسه وردبینەوە، به دوو هـۆوه سەرسـوورهێنەرە. تەنانـەت چـما بـشكرێ فلاٌنەشـێوازی نووسـین یـا بێهمـان دارشـتنی نووسـین بـه تـازەخوازی بـچوێنین (لـه راسـتیدا هەمیـشه تاقمێكی لاسایی كەرەوە زووتر له دیتران سەر له كـاران دەردێـنن و لاسـایی روخسار و فۆڕمه تازەكان دەكەنـەوە. ئـەم لاسـایی كەرانـه پێویـستی كـاری خۆیـان هەسـت ناكـەن و تەنانـەت لـه رەنگدانەوەكەشـی شـتێك حـاڵی نـین. ئەمانه سـەرەندەری ئـەوە ناكـەن لاسـایی كردنـەوەش پێویـستی بـه تـەقالا هەیە.) چیرۆكی نـوێ، لـه خـەرابترین واتـای خۆیـشیدا، دیـسانەكەش بزاوێكه له داهێنانی نوێ خوازیدا. تایبەتمەندی بزاڤەتازە خوازەكان ئەمەیـه كه وردە وردە تێدا دەچن هەتاكوو كات به كات  جێ و شوێنی خۆیان بدەنه تازەخوازییەكی دیكه. ئەزقەزا تەواوەتی قسەی چیرۆكی نوێش هەر ئەمەیە: روخسار و فۆڕمەكانی دەربڕین كۆن دەبن.

وتەگەلێك وەكوو »كۆن بوونی تازەكان« و »سەركوت كردنـی هونەرمەنـدانی شۆڕشی وسەربەخۆ«، »گەڕانەوە بۆ نەریتی ساخ« قۆڕیـاتێكی دیكـەش، لـه رێزەی ئەو كردەوە گەمژانە و كۆنانەن مـه هەمیـشەیی و بـەبێ هیوایانـه لـه

PDF4Kurd



حه‌ولی سه‌لماندنی ئه‌وه‌دان: »له راستیدا هیچ شتێ ناگۆڕدرێ«، یا »بڕابڕ له جیهاندا شتێكی تازه ناقه‌ومێ«. كه‌چی له راستیدا هه‌موو شتێ هه‌ر له ئاڵوگۆڕدایه و هه‌میشه خه‌ریكه كارێكی تازه ده‌قه‌ومێ.

ره‌خنه‌ی سه‌له‌ڤی ته‌نانه‌ت ده‌یهه‌وێ بۆ خوێنه‌ران بسه‌لمێنێ ته‌نیا ته‌كنیكی تازه ئه‌وه‌یه ببنه گیرۆده‌ی »چیرۆكی هه‌میشه‌یی«، یان سه‌رقاڵی راستكردنه‌وه‌ی تایبه‌تمه‌ندی پاڵه‌وانی چیرۆكی به‌لزاك ئاسابن و بیچم و پیلانی زه‌مانی و به‌شه‌ردۆستی‌یه‌كی به‌رزتر وه‌ده‌رخه‌ن.

ده‌كرێ له راستیدا رۆژێكی ئاوا بگاتێ و ته‌نانه‌ت زووتریش بگاتێ" به‌ڵام ئه‌و رۆژه كاتێ ده‌گاتێ كه چیرۆكی نوێ سه‌رقاڵی كارێكی بێج له ئه‌ده‌ب ببێ: چ ئه‌وكاره شیكردنه‌وه‌ی رۆح بێ یان خزمه‌ت كردن به ئایین، یان پێشكه‌شكردنی راسته‌قینه‌ی سۆشیالیستی، جیاوازی نیه. ئه‌م خاڵه له نیگاو بۆچوونی داهێنه‌رانی چیرۆكی نوێ وه نیشانه‌ی ئه‌وه ده‌بێ كه »چیرۆكی نوێ«یه‌كی تازه خه‌ریكه ده‌ست پێده‌كا. له‌وكاته‌دا هێشتا ناتوانرێ بۆترێ ئه‌م چیرۆكه تازه‌یه له خزمه‌تی ئه‌ده‌ب، چی دیكه ده‌توانێ بكات.

PDF4Kurd



# داهاتوویەك بۆ رۆمان

لە یەكەم نیگادا، زۆر چاوەنواڕییەكی دوورەكەرۆژێك ـ بۆ وێنە هەرلەم سەردەم و زەمانەی خۆماندا ـ بینەری سەرهەڵدانی چەشنێكی تەواوەن نوێی ئەدەب بین. ئەو تێكوشانە جۆراوجۆرانەی لەم سی ساڵەی دواییدا بۆ كۆتایی پێدانی كۆنەیی و چەندیات بوونەوەی ئەدەبی چیرۆكی كراوە، لەباشترین دۆخی خۆیدا هەر توانای ئافراندنی بڕێ بەرهەمی بڵاوبڵاوی بووە و زۆر دەبیبیستین وا هیچكام لەم بەرهەمانە ـ بەپێچەوانەی ئەو هەموو

PDF4Kurd



سـەرنجەی رایكێـشاوە‌ــ بـە قـەرایی رۆمانـە بۆرژواییـەكان پێـشوازی گـشتی لیَنەكراوە. لە راسـتیدا، هێـشتاكەش تـاك هـەمان بۆچـوویَكـە (بـەلَزاك) لـە رۆمانی بوو، باوە و برەوی هەیە. یان بۆ چوونی خاتوو »لافیت«رۆماننووسی فەرِنسی ١٨٥٠ ـ١٧٩٩ شیكردنەوەی دەروون ناسەنە كە لە سەردەمی ئـەودا پلەوپایەیەكی بەرزی هەبوو، بنەمای پەخشانە جۆراوجۆرەكـان دەژمێـردرا و ئافرِانـدنی هـەر رۆمانێـك، وەسـفی كەسـێتی‌یـەكان و بەرەوپێـشەوە چـوونی رووداوەكانی ئەوی دابین دەكرد لەو سەردەمەوە هەتا ئێـستا، رۆمـانی بـاش یانی تۆژینەوەیێ لە سەر هەستە بەسۆزەكان- یان ململانیَ یەك لە نێوان ئەم هەستانەدا، یان نەبوونی ئەوان ـ لە كۆمەلگایەكی فـەرز كـراودا زۆربـەی ئـەو رۆماننووسە هاوچەرخانەی داستانەكانیان بە شێوازی سەلەفی دەنووسن- بـە زبانێكی دیكە، ئەو نووسەرانەی پەسندی لای خوێنەرانیانن‌ــ دەتـوانن چـەند بەشی دوور و درێژ لە رۆمـانی خاتووشـازادی كلـووی خاتوولافیـت یـان بابـە گۆریـۆی بـەلَزاك لــە بەرهەمــەكانی خۆیانـدا بنووسـنەوە بـە بـیَئـەوەی ئەوخۆێنــەرە زۆرانــە كــە هــەموو بەرهەمــەكانی ئــەوان بــە ئێــشتیاوە دەخوێنینەوە لەم بابەتە ئاگادار ببنەوە. هەر ئەوەندە بەسە كە لێرەو لەویَ كۆپلەییَ بگۆرِن، برِیَ وشەوزاراوە بەچەشنێكی ساناتر بنووسنەوە و جاروبار بەوشەییَ، یان وێنەیەكی تازە، یان رەسـتەیەكی خـاوەن ریتمـی مۆسـیقایی و... برِیَ لە، چەشنی نووسینی خۆیان پـیَنیـشان بـدەن. بـەلاَم ئـەم رۆمـان نووسـانە هـەموویان دەیسەلمێنن كـە روانگـەی بینـینی ئـەوان مێژینەیـەكی چەند سەدسالَەی هەیە و ئەم بابەتـە بـە هـیچ لـەونێك مایـەی سەرسـورِمانی ئەوان نیە.

PDF4Kurd



بەڵام دەبا بزانین بۆچی ئەم بابەتە سـەر سـوورِهێنەرە؟ زبـانی فەرِەنـسی کە دەورێکی وەکی هەوێنی خاوی چیرۆکنووسی هەیە، لەم سیٚسـەد سـاڵەی دووایـیدا تـاك ئـاڵووگۆرِی زۆر چـکۆڵەی بەسـەردا هـاتووە و بـە پێـچەوانەی پێـشکەوتی بـەردەوامی کۆمـەڵگا پێـشکەوتی سـەرنجرِا کێـشەری تـەکنیك، شارستانیەتی فیکری ئێمە کەم و زۆر بە بیٚ ئاڵوگۆرِ ماوەتەوە. مەیل کـردن و بیٚمەیلی ئێمە- چ لـەو خـواردە مەنیانـەدا کـە دەیخـۆین و چ لـە بەسـتینی کێشەی ئاکاری و ئایینی و جینسی و پـاك و خـاوێنی لـە بناغـەدا هـەروەکوو رابردوو وایە. بێج لەمانە »دڵ«ی ئینسان و هەسـتەکانی ئـەو کـە هـەمووما‌ن دەزانین لە سەرەتاوە پێكهێنـەری ئـەو بـووە، بـە بـیٚ ئـاڵووگۆرِ ماوەتـەوە. کورتی ببرِینەوە لە جیهانی ئێمـەدا، هیـشتێکی تـازە هـەبوونی نیـە، هـەموو قسەکان لە بەرهەمی ئەدەبی رابردوودا وتراوە، ئێمـە درەنگمـان دەسـت بـە چیرۆکنووسین کردووەو، هتد...

چما زات بکەین و داواکاری ئەوەبین کە نووسینی ئاوەها ئەدەبێك نەك هەر لە داهاتوودا دەکریٚ، بەڵکوو لەمەوبەرەوە دەسـتی پێکـردووە و پـشکووتنی وی پـیٚ نیـشاندەری شۆرِشـێکی هەمەلایەنـەتر لـەو شۆرِشـانە دەبـیٚ وا لـە رابردوودا پێکهینـەری قوتابخانەگـەلیٚ وەکـو رۆمـانتیزم و نـاتۆرِالیزم بـووە، لەوکاتەدا زیاتر لەگەڵ ئێمەدا دژایەتی دەکردریٚ.

هەڵبەت ئەم وادەیەی کە »لەمەو دووا بارودۆخ دەگۆرِدریٚ!« برِیٚ جێگـەی پێکەنینە. بارودۆخ لەچ بارێکەوە دەگـۆرِدریٚ؟ لایـەن و بـەرەی ئـەم گۆرِانـە چـییە؟ لـە هـەموو شـتێکیش گـرینگتر، بۆچـی ئێـستا بـاروودۆخ خەریکـە دەگۆرِدریٚ؟

PDF4Kurd



دەسا، هونەری ڕۆماننووسین بەتوندی ئەسیری قەیران بووە و هەموو ڕەخنەگرانی ئەدەب پێ بەم قەیرانەدا دەنێن و لەم بابەتەوە باس و خواسیان کردووە. بارودۆخەکە جۆریکە زۆر دژوارە پێشبینی بکردرێ ئەم هونەرە بەبێ گۆڕانێك لەڕەگ و ریشەوە بتوانێ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێ. ئەم وەزیعەتە، بە تەواوی ئاشکرایە: یانی بە هۆی مەیسوور نەبوونی ئەم گۆڕانکارییەوە، هونەری ڕۆمان خەریکە دەمرێ. بەڵام ئاوەها چارەنووسێ بەگومانی من حەتمەن و بڕاوەنیە. مێژوو تاکوو چەند دەهەیەکی دیکە پێنیشانی ئەدا ئەم تێکۆشان و تەقایانە، نیشانەی قەیران و مردنن یان نیشانەی لە دایك بوونێکی دیکەن. بەڵام ئەو دژواریە گەورانەی وا لە سەرەڕێی ئاڵوگۆڕێکی ئاوا گەورەن نابێ لەبەرچاونەگرین و بەکەم دابندرێن.

هەموو زەنجیرە پلەوپایەی تاقمی ئەدەبی ئێمە (هەر لە بڵاوەکەرەوەوە بیگرە تاکوو خاکینەوخۆڵینەترین خوێنەر، هەروەها هەمووکتێبفرۆشان و ڕەخنەگران) بە ناچاری لەگەڵ قەوارەی تازە و بەبێ پێشینەی ئەدەبدا کە تێدەکۆشێ خۆی قایم کات، دژایەتی دەکەن. ئەو زەینانەی پێویست بوونی ئەم گۆڕانەیان لێحاڵی بووە، ئەو کەسانەی والەگەڵ تازەگەری لە ئەدەبدان و تەنانەت پێشوازیشی لێدەکەن" بەم حاڵەشەوە میرات بەرانی دۆخی سەلەفین. قەوارە تازە ئەدەبیەکان هەمیشە بەبێ هەرجۆرە قاڵبێکی ئەدەبی دادەندرێن چوونکە ئێمە لە خۆڕا نەزانانە قاڵبە سەلەفیە پیرۆزکراوەکان پێوانەی دادوەری بەسەر ئەواندا دادەنێن. لە یەکێ لە بەناوبانگترین کتێبە سەرچاوەکانی فەڕەنسیدا، لە وتارێکدا ئاوا سەبارەت بە شۆنبێرگ *** دەخوێنینەوە: دانەری بەرهەم گەلێکی گۆستاخانە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە یاسایێ بەرهەمەکانی دەخولقاند. »ئەم دادوەریە

PDF4Kurd



کورتــە لەســەرەتایەکی مۆســیقاڕیدا و بەڕواڵــەت بــە قەڵــەمی کارناســێك نووسراوە.

ئاوەها بەرهەمێك ـ لەجێی زارۆیەکە وا هێشتا زبانی نەگرتوە ـ تەنانەت ئەوکەسانەش کە گیرۆدەی کاری تازە لە ئەدەبدان، بەدونیاهاتووانێکی سەیر و سەمەرەن و بەناشیرین و ناحەزیان دادەنێن. هەڵبەت تاقمێك بەپرسیار بوون لە خۆیانەوە وا دەنوێنن و تاقمێکی دیکەش وادەنوێنن دڵیان بەم جۆرە بەرهەمانەوەیە، لەبەر ئەوەی دائیمە کەسانێك لە فیکری داهاتوو و دوانەکەوتن لە کاروانن. تاقمێگی دیکەش زبانی پێدا هەڵگوتن دەخەنەگەڕ، باوەکوو ئەو بەشەی پێدا هەڵوتنەکەیان وا لەدڵەوەیە لە راستیدا بە سۆنگەی هەبوون. و مانەوەی ئەدەبی پێشوو و دیوناس لە بەرهەمی نۆیدایە، یانی بەهۆی تەواوی ئەوکۆت و بەندانەوە کە هێشتاش قورسایی بە سەر لەشی بەرهەمی نوێوە ماوەتەوە و سەربڕدراوانە حەول ئەدەن ئەوانە هەر لەبەندی رابردوودا ڕاگرن.

لەبەر ئەوەی چما ئەو پێوانەیانەی زەمانی رابردوو بەشی زەمانی ئێستاش بکەن، ئەوا پێکهێنەری زەمانی ئێستاشن. نووسەر بە پێچەوانەی مەیلی خۆی بۆ سەر بەخۆیی، لە چوارچێوەی فەرهەنگ و ئەدەبی رابردوودا بەرهەمەکانی دەخولقێنێ و توانای نیە خۆی لەوشێوازە سەلەفیانەی بەرهەمی ئەوە بەتەواوی رزگار بکات.

جار و بار وادێتە بەرنیگا بەوردی هەمان ئەو توخمانەی ئەو سەخت دژایەتی لەگەڵیاندا هەیە لەهەمان بەرهەمدا گەه هیوای لە ناوبردنیانی بوو، بە هێزتر لە هەرکاتێکی دیکە ژیان رادەبوێرن و هەڵبەت لایانگرانی ئەدەبی

PDF4Kurd



رابردوو بە خاترجەمی‌یەوە پیرۆزبایی پێدەڵێن کە ئاوەها ئەویندارانە ئەو شێوازە سەلەفیانە بڵاو دەکاتەوە.

بەم پێیە، کۆتایی پێهێنان بەیەك کەش و هەوابوونی ڕۆمان، زێدە لە هەمووان بۆ کارناسانی ئەم کارە (یانی ڕۆماننووسان، ڕەخنەگران و خوێنەرانی وردبین) دژوار دەبێ.

تەنانەت ئەو بینەرەش کە هەتا کەمترین ئاست خووی بە جیهانی دەوروبەری خۆیەوە گرتووە ناتوانێ ڕووداوەکانی ئەوێ بە چاوانێکی تەواوەن بێلایەنەوە تەماشا بکات. هەڵبەت مەبەستی من ئەو ڕاستەقینە خوازییە ساویلکانەیە نیە کە لەکاری شیکارانی ڕۆحدا (کە لایەنێکی تەواوەن زەینی هەیە) زۆر گاڵتەجاڕ دەژمێردرێ. تەواوەن ئاشکرایەکە ڕاستەقینە بەمانای ئاسایی وشە -یانی بینینێکی بەبێ هیچ ڕایەکی تایبەتی- خەیاڵێ زیاتر نیە. بەڵام دەبێ لە بینیندا دەستەڵاتمان هەبێ، لە حاڵێکدا لە ڕاستیدا کارەکە لەمە جیاوازە.

لە هەرکات و ساتێکی پرۆسەی بینیندا، توخمەکانی دەوروبەری فەرهەنگ وەکوو: (ڕەوانناسی ئاکاریگەری، فەلسەفەی مێتافیزیك و...) دائیمەن لەو شتانەدا دەیان بینین خۆ تێ هەڵدەقورتێنن و ئەوان دیوناستر و شیاوی فام کردنتر و متمانە بەخشتر دەکەن بڕێ جاریش ئەم پەردەی حەشاردانە ڕاپۆشەیەکی زیاتری هەیە: هێما و ئاماژە لە زەینی ئێمەدا جێگەی خۆیان ئەدەنە ئەو سۆزانەی ئەوانی خوڵقاندوە و دیمەنێك بە ئاوەڵناوی »ئیشك وبەتاڵ« یان »هێدی و هێمن« وە یادمان دەهێنێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانین بیچمێکی گشتی‌یان یەکێ لە ئەندامە گرینگەکانی ئەو دیمەنە لە زەینی خۆماندا سازکەینەوە. بێتوو بێوەستان فیکر بکەینەوە، »ئەمە وەسفێکی

PDF4Kurd



ئەدەبیانەیە« نامانەوێ ئەم فیکرە رەفز کەینەوە. دەیسەلمێنن کە وەسفی« ئەدەبیانە (ئەم وشەیە، بە کار هێنـانێکی سـووك و چـروکی بەسـەرهاتووە) وەکـوو تـۆڕ، یـان پەردەیـەکی کـە بەلـەتکی چـکۆلەی شووشـەیەکی رەنگاوڕەنگ رازاندارابێتەوە و دەبێتە هۆی تێشکانی مەیدانی بینـینی ئێمـە لە چەشنی تەختانێکی چگـۆڵە و وەکییەکدا.

بێتـوو تـوخمێ لـە هەمبـەری ئـەم لایەنگریـە یاسـامەندە بـۆ پرۆسـەی (بینین)پێداگری بکات، چما هۆیەك لـە جیهـاندا بینـینی ئاسایی ئێمـە تیك بشێوێنێ و لە ڕاڤەی ئەو بێتوانابین، دائێمە دەتوانین بەسانایی لـە چـەمکی »پووچ و پووچ خوازی« بۆ مەبەستی سڕینەوەی ئەمجۆرە شـتە عاجباتیانـە کەڵك وەرگرین.

بەڵام جیهان نەواتادارە و نە»پووچ«ە، بەڵکوو هەر هەبوونی هەیە. سـەرنج راکێشترین تایبەتمەندی جیهانیش هەر ئەو (هەبوون)ەی ئەوە. ئەم بابەتـە، لە گەڵکۆو سەبارەت بەوەی فیکر بکردرێتـەوە، وەهـا ئاشـکرا دەنوێنـێ کـە هـیچ چـارەیەکمان بـێچ لـەوەی بیـسەلمێنین نـامێنی. لەوکاتـەدا تـەواوی خەیاڵەکانی پێشووی ئێمە وەك بینایەکی شکۆدار بە جارێك تێك دەڕووخـێ. کرانـەوەی بـە بـێچـاوەنوارێ چـاوەکانمان بـەرەو ئـەو راسـتەقینە گیـان سـەختەی کـە وامـان دەنوانـد بـە سـەریدا زاڵ بـووین، زەبرێکـی سەرسـام هێنەرە. شتەکانی دەورو بـەرمان، بـە بـێ بایەخـدانان بـۆ ئێمـە و ئەوگشتە ئاوەڵناوانەی بۆی دا دەنێین، هەبوونیان هەیە. پانتـاییـە ئاشـکراو سـاف و دەست لێ نەدراوەکەیان، نە بەجۆرێکی گومانساز لە خۆیـەوە نـوور ئەداتـە دەرێ و نە نوور بە خۆیدا تێپـەر دەکـات. ئـەدەبی ئێمـە ببڕابـڕ نـەیتوانیوە تەنانەت سووچێکی چکۆڵەی تەختی ئەوان لە نێـو بـەرێ و یـان چـکۆلەترین

PDF4Kurd



داواكاریـەكان راسـتوسـاخ كاتـەوە. فـیلم گـەلێكی بێئـەژمار كـە لـەڕووی رۆمانەوە سازكراون و لەسـەر پـەردەی سـینەما گـەلێكی زۆر نیـشان دراون، توانای دووپات و چەند پاتكردنەوەی ئەم ئەزموونە سەیرو سەمەرەیەیان بۆ چەندان كەڕەت كە پێمـان خـۆش بـێ جـێ بـەجێ كـردووە. سـینەما كـە لـە مـیرات بـەرانی شـێوازە سـەلەفیەكانی دەروونزانـستی و سروشـت خوازییـە »ناتۆڕالیزم« بە گشتی ئامانجێكی نیە بێچ لەوەی چـیرۆكیك بكاتـە رەسـم و وێنە. بەبارێكیتردا لە فیلمی سینەمایی‌دا هەر دووای ئەم مەبەستە دەكـەون كە ئەو واتایانەی رستەكانی رۆمان لەرێگـەی تایبـەتی خۆیـەوە بەخۆێنـەری دەووت، سـینەما بـە هـۆی وێنـەی هەڵبـژاردە و تایبـەت بیخاتـە زەیـنی بینـەرەوە. بـەڵام جیـاوازی نێـوان فـیلم و نێوەرۆكەكـەی -چ رۆمـان و چ فیلمنامـەـ لەوەدایـە كەگێڕانـەوەی فـیلم هـەركاتێ دەتوانـێ هێمنایـەتی ناوەوەی ئێمە تێكدا و بەزۆر بمانكێشێتە جیهانی رەسم و وێنەوە. هـەمووان دەزانن چ ئالۆوگۆڕێك بۆ گۆڕانكـاری رۆمـان بـۆ فـیلم پێـك دێ. ئـەو شـتانەو هێما و ئاماژەكان كە بیچمی رۆمان گیاندار دەكەن، بەجارێ حەوا دەدرێـن و هەر دەلالەتەكان دەمێننەوە. كورسی بەتاڵ ئاماژەیە بۆ نەبوونی كەسێـیان چـاوەنواڕی، دەسـتی كەسـێتی یـەك كـە لەسـەر شـانی كەسـێتیەكی دیكەبێ،نیشانەی هەستی دۆستانەیە و نەردەی پەنجەرە بە واتای نەگونجان تەرك كردنی شوێنێكە...

بەڵام لە فیلمی سینەماییدا، ئەوكورسییە، و بزوتنەوەی دەست و قەوارەی نەردەی پەنجەرەكە دەبیـنین. دەلالەتـەكانی ئـەوان هـەروەها ڕوونـە، بـەڵام ئەم دەلالەتانە ئیدی تەواوی سەرنجی ئێمە بەرەو خۆیان ڕاناكێشن، بـەڵكوو دەبنـە شـتێكی دیكـەش زێـاتر لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـتەی شـوێن پـێ و

PDF4Kurd



کارتێکردنی بەسەر ئێمەدا هەیە، ئەو شتەی لە زەینی ئێمەدا سەقامگیر دەبێ، ئەوشتەی ناسنامەیەو وادێتە بەر نەزەر بۆ چمکە تاریکەکانی عەقڵانی کەم ناکات و لە راستیدا هەمان هێماو و ئاشێرانەیە و هەمان شت و جۆڵانەوەکانن کەوێنەکانی فیلم لە کات و ساتێکدا (نابەدڵی ئێمەیان بێخواستی ئێمە) راستییەکانی ئەدەنەوە.رەنگبێ بەلامانەوە سەیربێ کە ئەم جۆرە راستەقینە رووت و قووتانە- کە گێڕانەوەی کراوە بە فیلم چارێکی بۆ نۆمایش نەدانیان نیە، زۆر شیاوی لەمس و زیندوو دێنە بەر نەزەر، لە حاڵێکدا شانۆی ئاوەها لە ژینی راستەقینەدا ناتوانن چاوی ئێمە بەرەو راستەقینەکان بکەنەوە. دەڵێی لە راستیدا شێوازەکان و گێرەوکێشمەکانی فیلم »وەکوو نومایشی دوو رەهەندی، وێنەی رەشوسپی، کادری پەردەی سینەما، جیاوازی نێوان ئەندازەکانی شانۆ جیاوازەکان« یارمەتیان ئەدەن تاکوو خۆمان لەرەوشت و کێشمەکێشمەکانی خۆمان رزگارکەین. لە عەینی حاڵدا، لایەنیکەم و زۆر »ناسروشتی« ئەم جیهانە دیسانساز کراوەیە، خووخدەی نائاسایی جیهانی دەوروبەری ئێمە ئاشکرا دەکات: جیهانی راستەقینەش چونکە لەگەڵ رەوتی حاڵیبوون و نیزامی پۆلێن کردنی چەمکەکان لە لایان ئێمەوە نایخوێنێتەوە، نائاساییە.

دەسا، دەبێ حەول بدرێ لە جیاتی ئەم جیهانی »دەلالەتە« (چ دەلالەتی دەروون زانستی، چ کۆمەڵایەتیيان کردەوەیی)، جیهانێکی بەردەوامتر و راستەوخۆتر سازکرێ. بەشکەم بتوانین هەبوونی شتەکان و هێما و ئامارژەکان لە یەکەم پلەدا بە هۆی هەبوونی ئەوانەوە بە بوودەی یەقین دابنێین، دیسانەکە بەڵکوو ئەم بوودەیە هەروەها بەسەر هەر جۆرە تیۆرەیەکی راڤەییدا کە حەولی گەمارۆدانی ئەوی لە یاساو نەریتی

PDF4Kurd



حەواڵەکردنەکاندا هەیە سەرکەوتوو بێ »جائەم حەواڵە کردنە عاتیفی بێ، کۆمەڵ زانستی بێ، فرۆیدییان میتافیزیکی بێ«. لە جیهانیداهاتووی رۆماندا، هەبوونی شتەکان و هێما و ئاماژەکان فەخریان بەسەر دەلالەتەکانی خۆیاندا دەبێ، هەبوونیان هەروەها بەردەوام دەبێ، هەبوونێکی رەسەن، بەبێ ئاڵوگۆڕ و دائیمە حازر کە گاڵتە بە »واتاکان« دەکا، هەمان واتایەك وا بە خۆڕایی تێدەکۆشێ ئەوانە تا رادەی ئامێرێکی عەجالەتی »کاتی« راکێشێتە خوارێ کە هەوێنی بیدەوامەیی و مایەی شەرمەزاری ئەوە، بە تەنیا و بە ـ ئەنقەستە- راستینەی عالیتری ئینسانەتی لەودا وادەرکەوتوو هەر لەودا وادەرکەوتوو هەر لەودا تێکەڵ بوو تاکوو ئەم زیادینە نەحاواوەیە، حەواداتە فەرامۆشی وتاریکانی ئانییەوە. لەمەوبەدوا، بەپێچەوانەی رابردوو، شتەکان وردەوردە لایەنی بە بێدەوامە و تەم و مژاوی خۆیان لە کیس ئەدەن، بە زبانێکی دیکە، نهێنیە درۆیینەکان یان ئەو هەبوونە دەروونیە جێیگومانەی وا رۆڵان بارت (فەیلسوف فەرەنسی(١٩٨٠- ١٩١٥)، ناخی رۆمانسی شتەکانی، ناو لێناوە، حەوائەدرێتە لاوە. شتەکانی دیکە هەر رەنگدانەوەیەکی لێڵی رۆحی تەمومژاوی پاڵەوانی رۆمان یان ئاماژەیێ لە ئەو ئەشکەنجە و ئازارانەی دەیکێشێ یان سێبەری ئاواتەکانی ئەو نابێ. لە راستیدا، بێتوو شتەکان بۆکات و ساتێکش نیشاندەری هەستەکانی ئینسان بن، ئەم کارە هەر لایەنی کاتی هەیە و شتەکان هەر بەرواڵەت ـ دەکرێ بوترێ گاڵتە جاڕانە- زاڵبوونی زاڵمانەی دەلالەتەکان قەبووڵ دەکەن تاکوو لەم رێگەوە نامۆ بوونی خۆیان لە ئینسان باشتر نومایش بدەن.

PDF4Kurd



پێرسۆناژەکانی »کەسێتی‌یەکانی« رۆمانی داهاتووش جورێك دەبن کە دەکرێ ئەوان بەچەند لەونی جیاواز لێکدەینەوە. بە سۆنگەی سەرقاڵبوونی ئەم کەسێتی‌یانەوە، لەهەر لایەنێکەوە دەکرێ ئەوان لێکدەینەوە (وەکی لایەنی دەروون زانستی، دەروون شیکاری، ئاینی یان رامیاریگەری)، بەڵام گرینگی نەدانی ئەوان بە ئاوەها »دەلاتگەلی زاتی« زۆر زوو ئاشکرا دەبێ. بە پێچەوانەی پاڵەوانی سەلەفی کە بەم لێکدانەوەیانە سەبارەت بەمەبەستی نووسەر، دائێمە فریو دەخوا، دەکەوێتە تۆڕەوە و زایە دەبێ، بەردەوام حەواڵەی کوێندەر ـ کویێەکی غەیری ماددی و بە بێدەوامە دەکرێ و هەمیشە بەدوور لە دەست پێگەیشتن و تەماوی دەنوێنی، پاڵەوانی داهاتوو هەبوونێکی بەرهەستی دەبێ. ئەم جۆرە راڤەکردنانە لە هەمبەری هەبوونی حاشا هەڵنەگریی پێرسۆناژەکانی رۆماندا، بێکەڵکە و زیادی و تەنانەت ناشیاویش دێنە بەرنیگا و بەم لەونە، لەکوێندەرکوێدا بەحاڵی خۆیاندا فڕێ ئەدرێن. بەڵگەی ئەسپاردراوی چیرۆکی پۆلیسی، بەجۆرێکی دژواز نوێنانە وێنەیەکی روناك لەمدۆخەمان ئەداتە دەست. لە یەکەم نیگادا وا دێتە بەرچاو ئەو شایەتمانانەی بازرەسەگان وەچنگیان کەوتووە (وەکوو ئەو شتەی لە شوێنی جینایەتدا بە جێماوە، جووڵانەوەیێ والەکاتی خۆیدا وێنەی لێهەلگیراوەیان رستەیێ وا لە شایەدانی چیرۆك بە هەڵکەوت بیستوویەتی ئەمانە دەبێ تەوجیە بکرێن، یان بە چەشنێکی دیکە، دەبێ هەبوونیان لەگەڵ دەوری ئەوان لەو بەستێنەدا وا تێیدان، پێکەوە بلکێنەوە. ئێستاش ئیدی بەرەبەرە گومانەدانراوەکان قەوارە دەگرن: قازی دادگا تێدەکۆشێ پێوەندی یەکی لۆژیکی و پێویست لە نێوان ئەم بەڵگانەدا پێك بێنێ. وادێتە بەرنیگا کە دەتوانین گشت نهێنی‌یەکان بە شێوازی ئاسایی و

PDF4Kurd



بەیارمەتی کۆمەڵەیێ هۆو سۆنگەی تەماکان و هاوکاتی رووداوەکان و... بسڕێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، چیرۆکیش بەجۆرێکی پەرێشانکەرەوە بەربڵاو دەبێتەوە، شایەتمانەکان قسەکانی یەکدی دەشکێنێتەوە، بۆختان بۆکراو چەند هۆی جۆراوجۆر بۆ سەلماندنی ئەوەی لە شوێنی جینایەتەکەدا نەبوو دەگێڕێتەوە، چەند بەڵگەی تازە وەدەست دەکەون کە پێشتر لەبەر چاونەگیرابوون... ئێمەش هەروەها دەگەڕێینەوە سەر ئەو بەڵگانەی لە دەوەسیەدا تۆمار کراون: کەلوپەلەکە و شوێنی وردی دانانەکەیان لەو ژوورەدا، قاڵبی جێ پەنجەیەك، چەندکەڕەت ئەمە دووپات بۆتەوەو ئەو وشە نادەقیقانەی کوژراوەکە لە کاتی مردندا نووسیویەتی وردە وردە ئەم هەستە لە ئێمەدا بە هێز دەبێ کە: چ شتێکی دیکە بەڕاستی نیە.

ئەو توخمانەی گاڵتە بە دام و دەزگا فیکرییەکان دەکەن، باوەکوو دەلوێ نهێنییەك ئاشکرابکەن یان بیشارنەوە بەڵام تاقەخاوەنی تایبەتمەندییەکی هەژڵێ[1] و ئاشکران و ئەویش هەبوونی هەست پێکراوی ئەوانە. ئەم بابەتە، تەواو جیهانی دەورووبەری ئێمەش دەگرێتەوە. واماندا دەنا کەواتادانان بۆ جیهانی هەستی، بەسەرجیهاندا زاڵمان دەکات و ئاوەها دەهاتە بەرنیگا کەبەتایبەت هونەری رۆمان تەواوەن تایبەتی ئەم کارەگرینگەیە. لەحاڵێکدا ئەم بۆچوونە تاقەسادەکردنەوەیەکی تەماوییە و جیهانی هەستیش لە جیاتی ئەوەی بەبێ گرێ و گۆڵتربێ و بکەوێتە پێوەندییەکی چڕوپڕتر لەتەك ئینساندا، ئیدی هیچ گیانێکی نامێنێ بەوەیدا کە راستەقینە بوونی جیهان

---

[1] هەژڵێ= جیددی

PDF4Kurd



بەگشتی لە هەبوونی ئەودا خۆی نیشان ئەدات ئەرکی ئێمە لەم ئاستەی ئێستادا،پێکهێنانی ئەدەبێکە وا ئەم هەبوونە لەبەر چاوبگرێ.

چما پێوەندی بەشەر لەگەڵ جیهانی هەبووندا لە ئاستی ئاڵووگۆڕدا نەبایە(ئەویش ئاڵووگۆڕێکی هەمەلایەنە و حەتمی)، ئەم قسانە زۆر تیۆرئاساو تەم و مژاوی دەهاتە بەرچاو. هەربەم هۆیەوە بەرەبەرە وڵامی ئەم پرسیارە تەوساویەمان لێ ڕوون دەبێتەوە:»بۆچی ئێستا؟«.

لە راستیدا ئەمڕۆکە هۆیەکی تازەبۆتە سۆنگەی جیابوونەوەی بنەڕەتی سەردەم و زەمانەی ئێمە لەگەڵ سەردەمی بەلزاك یان ژێدا (ئاندرێ ١٩٥١ـ ١٨٦٩ رۆماننووس و رەخنەگری فەرەنسی) یان لەگەڵ لافیتدا، ئەویش بێ بایخ بوونی ئۆستوورە قەدیمیەکانی »ناخ«ە. دەزانین کە بەگشتی رۆمان لەسەر ئەم ئۆستووڕانەـ لە راستیشدا تاك هەر لەسەر ئەم ئوستووڕانەـ بووە. بەداب و نەریت وا دا دەندرا کە دەوری نووسەر، لێکۆڵینەوە لە سروشتەو دەبێ ئەوەندە رەهۆڵە لە دڵیدا هەڵکۆڵێ تاکوو دەگاتە هەرەقووڵایی ناخی لایەنەکانی سروشت و وردکە و پردکە و پاژەکانی نهێنی یەکی سەیروسەمەرە بدۆزێتەوە. رۆماننووس لەپاشی رۆچوونە ناو قووڵایی هەستی ئینسانەوە، پەیامی سەرکەوتوانە بۆ جیهانی بێکەڵکەڵەی »دنیای ئەوپەڕی هەستەکانی ئینسان« دەنێرێ و لەو پەیامەدا وەسفی ئەو دیاردە تەم و مژاوییانە دەکات کە بە دەستەکانی خۆی لەمسی کردوون. ئەو سەرگێژە بەهەشتی‌یەی لەو کاتەدا خوێنەر هەستی پێ دەکات، نابێتە هۆی هیچ جۆرە حاڵەتێکی نیگەرانی یا ڕشانەوە لەودا، بەڵکوو متمانە ئەدا بەو کە هێزی زاڵبوون بەسەر جیهانی هەستیدا هەیە.

PDF4Kurd



حەتمەن رەهۆڵەگەلێکی زۆر قووڵ هەبووە، بەڵام لەبەرەکەتی ئەم ئەشکەوتناسە ئازایانەوە قووڵایی ئەو رەهۆڵانە ئەندازەگیری کراوە.لە ئاوەها دۆخێکدا، جێگەی سەرسوڕمان نیە چما دیاردەی ئەدەبیی هەڵکەوتە هەڵقوڵێوی ئاوەڵناوی گشتی و بێ وێنەیەك بێ کە حەولی داوە تەواوی تایبەتمەندیەکانی ناوەوە، تەواوی رۆحی حەشار دراوی شتەکان بەیەکیەتی بگەیەنێ. بەم پێیە، وشە لە حوکمی تەڵەیەکدا بوو کە نووسەر بەو تەڵەیە تەواوی کائیناتی دەخستە داوەوە تاکوو بیداتە دەست کۆمەڵگا. ئەو شۆڕشەی رووی داوە، شۆڕشێکی چۆنچۆنییە: نەگ هەر ئەم جیهانە بە ئی خۆی و ملکی تایبەتی خۆی نازانێ کە دەتوانێ حەوجێکانی خۆی لە رێی ئەوەوە چارە سەربکات و بەسانایی بەسەریدا زاڵ بێ، بەڵکوو تەنانەت ئیمانی بە »قووڵایی« ئەویش نەماوە.

لە کاتی تێدا چوونی ئایدیالۆژییە واتا خوازەکاندا سەبارەت بە ئینسان و لەوکاتەوە کە چەمکی »بارودۆخ« بۆتە جێگرێ »سروشت« ئیدی رووالەتی سەرەوەی شتەکان وەك دەمامکی ناوەوەی ئەوان دانانێین (ئەمەش هەمان ئەو نیگایەیە کە بۆتەهۆی هەموو چەشنە هەڵچوونێکی مێتافیزیکی).

دەسا بەم پێیە، تەواوی زبانی ئەدەب دەبێ ئاڵووگۆڕی بەسەردا بێ (هەر وەکوو ئەوەتانێ ئەم ئاڵووگۆڕە دەستی پێکردوە). هەر رۆژێك کە تێپەڕ دەبێ زیاتر شایەدی بێزار بوون و بێزرانی مرۆ لەو وشانە دەبین کە خووخدەیەکی غەریزی، قیاسی (بەراورد کردن) یان ئەفسووناوییان هەیە.

لەلایەکی ترەوە ئاوەڵناوی بیتنین (بصری)یان وەسفی، ئەو وشەیەی کە لە سەر ئەندازە گرتن، دابین کردنی شوێن، سنووردار کردن و مەعلووم و ئاشکراو عەینی کردن قنیات دەکات، دەربڕینی رێگەیەکی دژوار و چەتوونە

PDF4Kurd



بـو پێدارِۆشـتن، بـەڵام زۆر شـیاوی دەسـت پێگەیـشتن بـۆ هونـەری تـازەی رۆمانە.

سەرچـاوە: وتـاری داهاتوویـەك بـو رۆمـان، کتـێبی »نظریـەي رمـان« نووسەر ئالێن رۆبگرێی لاپـەڕەی٢١١ـ٢٠١

تـێبینی: بۆئاسانکردنەوەی کاری خوێنەر ناساندن و ساڵی لـە دایکبـوون و مردنی ئەو هونەرمەندانەی لە نێو وتارەکەدا باسیان کراوە، هەرلە بەرانبەری خۆیاندا و لە نێوکەواندا نووسیمان.

PP کوێندەرکویَ= ناکجاآباد

PPP شـۆنبێرگ = ئانـدرِیَ شـۆنبێرگ بەرەگـەز خـەڵکی ئـۆتریش »ئەمسا« بوو، بەڵام لە پاشان خۆی کردە ئەمیریکی. مۆسیقارێکی نویَ کارو سەلەفشکێن بوو لە ساڵانی »١٨٧٤ـ١٩٥١«دا دەژیا.